

# ئاشنابوون بە درێدا

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

ئەنوەر حسێن «بازگر» - لوقمان ڕەئوف

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن

a·bazgr@gmail·com

07701535029

جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف

lukmanraoof@yahoo·com

07701369792

تایپ و هەڵەچن:

باوان عومەر، دیلان دڵشاد

چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:

هەرێم عوسمان

## بیبلۆگرافیای ژیانی دریدا

**ئا: لوقمان رەئوف**

– لە 1930/7/15 لە گەرەکی بیار، لە شاری جەزائیر لە ماڵی پشوەکان لە دایک بووەو، لە ساڵی 1934 چونەتە شەقامی سان ئۆگۆستین لە شاری دەکاست.

– لە ساڵی 1935 لە شاری دەکاست چووەتە قوتابخانە.

–لە ساڵی 1941 دەچێتە پۆلی شەش لە کۆلێژی بن عکنون لە نزیک شاری دەکاس.

– لە ساڵی 1942 لە کاتی گەڕانەوەی لە قوتابخانە و ئەمە جگە لە کۆلێژەکە، دواتر لە گەڕەک، تەقینەوەیەک لە هەستەکانی لە دژی جولەکە و دواتر بەرەو توندوتیژی قسەی وتەنی ، لەوانەش مندالآن، تا ساڵی 1943 لە کۆلێژی ئەمیل ماوباس دا بوو.

– لە ساڵی 1943-–1947 گەڕایەوە بۆ کۆلێژی بن عکنون، لە چەندین پێشبڕکێدا بەشداری کردووە و خەونی بەوەوە دەبینی ببێتە یاریزانی تۆپی پێ.

– 1947 – 1948 پۆلێنی فەلسەفە لە کۆلێژی گۆتە لە جەزائیر.

– 1948–1949 روکردنە فەلسەفەیەکی دیاریکراو و خوێندنەوەی کیرکەگۆر و هایدگەر.

– 1949–1950 یەکەمین گەشت بۆ مارسیلیا، راهاتن لەگەڵ لویس بەگستی ، دەستدانە خوێندنەوەی چڕی سیمۆن دی (بوونگەراییەکان)، شکست لە خوێندنی باڵای مامۆستایان.

– 1950–1951 بەردەوام لەگەڵ لویس دا، ژیان و گوزەرانی زۆر خراپ بوو.

– 1953 خوێندنی باڵای مامۆستایان.

– 1954 گەشتکردن بۆ یۆنان، دۆسیەکانی هۆسرێل، نوسینی (سەرهەڵدانی گرفت لە فەلسەفەی هۆسرێلدا) لە ساڵی 1990 بڵاوبوویەوە.

– 1956–1957 هاوسەرگیری لەگەڵ (ئۆکوربیر مارگرین) ئەنجامدا.

– 1957–1959 چوەتە خزمەتی سەربازی لە شـەڕدا، لەماوەی زیاتر لە دوو ساڵدا سەربازی پلەدوو بووە بە جلوبەرگی مەدەنییەوە، لاوانی فێری فەرەنسی و ئینگلیزی دەکرد، وانە وتنەوە لە خوێندنی تایبەتی ، وەرگێڕانی بابەتی رۆژنامەنوسی.

– 1960 لە سۆربۆن خوێندنی فەلسەفەی گشتی و لۆژێک، یاریدەدەری باگیلارد، ریکۆر، گەشتی دووەم بۆ پراگ، سەربەخۆی جەزائیر 1964 وانەی لە زانکۆی سۆربۆن وتوەتەوە.

– 1960–1966 بەهۆی بانگهێشتی رینیە جیرار بەشداری لە زانکۆی جۆنز هۆبکنز لە بالتیمۆردا، کرد، ئەمەش بووە هۆی ناساندن و دەرکەوتنی لەبارەی بونیادگەریەوە.

– 1965 کۆمەڵەی (تیل کیل) ئەدەبی فەلسەفی نزیک بوویەوە.

– 1967 سێ کتێبی یەکەمی بڵاوکردەوە.

– 1968 سەرەتای زنجیرەیەک وانەی خودین لەگەڵ زانکۆی بەرلین، گەشتی بەردەوام بۆ ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپا.

– 1971 گەڕانەوە بۆ جەزائیر و خوێندن لە زانکۆی جەزائیر.

– 1980 بەرگریکردن نامەی دەوڵەت لە سۆربۆن، کرنەوەی کۆنگرەی زمانی فەرەنسی لە ستراسبۆرگ،

– 1983 و بەشداری لە دامەزراندنی کۆلێژی نێودەوڵەتی فەلسەفەی (clph) کرد ، بەرێوەبەری لێکۆڵینەوە لە خوێندنگەی کۆمەڵناسیەکان لە زانکۆی پاریس.

– 1984 دووەم گەشتی بۆ یابان ، فرانکفۆرت.

– 1985 یەکەم گەشتی بۆ ئەمریکای لاتین ، دووەم دانیشتنی لەگەڵ بۆرخیس یەکەم دانشتن لە فرۆکەدا بوو لە نێوان ئەسینا و نیویۆرک دا.

– 1988 گەشتی سێیەم بۆ قودس لە کۆبوونەوە لەگەل رۆشنبیران.
– 1992 دکتۆرای فەخری لە زانکۆی کامبریدج وەرگرت.
– خاوەنی زیاتر لە 40 کتێبە و گەشەی بە تیۆری رەخنەیی ناسراو بەهەڵوەشانەوە دا و کارەکانی لە قۆناغی پۆست بونیادگەری و پۆست مۆدێرنە پۆلێنکرد.
– کاریگەری زۆری لەسەر زانستە مرۆییەکانی وەک( ئەنسرۆپۆلۆژیا، زانستی کۆمەڵناسی، سیمیایی، تیۆری ئەدەب..... تاد، هەبووە.
– کارەکانی کاریگەریان لەسەر ئەندازیار بیناسازی و مۆسیقا و هونەری تەشکیلی هەیە.
– هەرچەندە هەڵوەشانەوە لە کۆتایی هەشتاکاندا بەرەو کزی رۆیشت، بەڵام کاریگەری جاک دریدا لە زیادبووندابوو.
– 1984–2003 وانەی زۆر لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان وتۆتەوە ( بەرلین، سان جۆن هۆبکینز، بیل لە ئیرمین، نیویۆرک، کۆرنێل ، ......هتد).
– 2002 خەڵاتی ئەدۆرنۆی لە شاری فرانکفۆرت وەرگرت.
– لە 2004/10/8 کۆچی دوایی کرد.

## جاک دریداو دیکۆنستراکشن

ئەریک ماتیۆز

لە فارسییەوە: پێشڕەو خانی

یەکێک لەو دەرەنجامانەی فەلسەفەی خستە نێو تەنگژەیەکی فراوانەوە، روانگەیەک بوو، کە بە "دیکۆنستراکسیۆن" ناسراوەو نوێنەری سەرەکی ئەم رەوتەش جاک دریدایە. دریدا کاریگەری ئەمانوئێل لێڤیانسی لەسەرە و لەمبارەیەوە دەبێژێت: "شێت و شەیدای گەشتە هزرییەکەی لێڤیانس بووم، چونکە ئەو "فەیلەسوفێک بوو لە بواری فێنۆمێنۆلۆژییدا کاریدەکرد و پرسێکی دیکەی بۆ 'فێنۆمێنۆلۆژیی' هێنایەئارا"1. بەڵام بەو جۆرەی لە گوتارەکەیدا بەناوی "توندوتیژی و میتافیزیک" (ئەم گوتارە لە کتێبەکەیدا هاتووە بە ناوی 'نووسین و جیاوازیی')2 نیشانیدەدات، کاریگەریی لێڤیانس لەوە زۆرتر و بەربڵاوترە، کە ئەو دەیڵێت و لە راستیدا تەواوی پرسیی کاریگەربوونیی هەمیشەیی ترادیسیۆنیی فەلسەفەیی سەرچاوەگرتوو لە گریکییەکان دادەڕێژێت.

دریدا گەنجترین فەیلەسوفێکە، تا ئێستا کارمان لەبارەوە کردبێت (ئەو لە ساڵی 1930 لە خێزانێکی جولەکە لە جەزایر، کە ئەوکات بەشێک بوو لە فەرەنسا، هاتە جیهانەوە) و (بە چاوپۆشیکردن لە لێڤیانس) تاکە کەسێکە، کە تا هەنوکە لە ژیاندایە3. ئەو دوای خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، رۆیشتە فەرەنسا و وەکو فێرخوازی فەلسەفە لە ئیکوال نۆرمال سۆپەریۆر ناوی نووسی. لەوێ، فەلسەفەی هەریەک لە هێگل، هۆسرێل و هایدیگەری خوێند و ئەمانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هزری ئەو بەجێهێشت، بەڵام تێگەیشتنی ئەو لە فەلسەفەی هۆسرێل، ئەوی رووەو دۆزینەوەی کێشەکانی فێنۆمێنۆلۆژیی و لە راستیدا بۆ تەواوی ترادیسیۆنیی فەلسەفەیی، ئاراستە کرد. دریدا بەو دەرەنجامە گەیشت، کە نووسراوی فەلسەفەیی، ئەگەرچی وەکو بەڵگاندنێکی لۆژیکیی رۆشن و رووت دادەڕێژرێن، ئەوا بە هەمان ئەندازە پڕن لە میتافۆر و وێنەی هەر تێکستێکی "ئەدەبی"، واتا و هێزی [نووسراوە فەلسەفەییەکە]4، لانیکەم وابەستەی هەمان توخمە "ئەدەبییەکە"یە نەک بەڵگاندنە فۆرماڵییەکە.

لەتەک ئەوەی دریدا بەم هۆیانەوە واز لە نووسینی تێزی دکتۆرییە

دەوڵەتییەکەی (مەرجی پێویست بۆ وانەگوتنەوە لە زانکۆ) دەهێنێت، بەڵام لە پێگەیەکی شیاودا وەکو مامۆستا بۆ ئیکوال نۆرمال سۆپەریۆر دەگەڕێتەوە، لەوێ لە فێرگەی توێژینەوەی باڵادا، وانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی گوتوەتەوە، لە زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا سیمیناری پێشکەشکردوون، هەروەها پرۆفیسۆریی زانستە مرۆییەکان بووە لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە ئێروین. راستییەکەی لە زۆر لایەنەوە، ناووبانگی ئەو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆر زیاتر بووە وەک لە وڵاتەکەی خۆی. سەرباری ئەمە لە جیهانی ئەنگلۆساکسۆندا، بە گشتی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر رەخنەگرانی ئەدەبی و سۆسیۆلۆگیستەکان داناوە و کەمتر کاریگەریی لەسەر فەیلەسوفان نواندووە: لە راستیدا لەو ماوەیەدا کاتێک لە زانکۆی کامبریج پێشنیاری ئەوە کرا بڕوانامەی رێزلێنان بەو ببەخشن، ئەوا ئەم پێشنیارە بە گشتی لە لایەن ئەدیبانەوە خرایەڕوو، ژمارەیەک لە فەیلەسوفان، کە دریدایان بە شارلاتان5 دادەنا، بە سەختی دژی ئەم پێشنیارە وەستانەوە.

پێدەچێت یەکێک لە هەستە بەهێزەکانی دژایەتیکردنی دریدا لە نێوان هەندێک لە فەیلەسوفاندا، ترادیسیۆنیی شرۆڤەیی رەنگدانەوەی تێکەڵەیەک لە گێژووبوون و نیگەرانی ئەوان لەبارەی کێشەیەک بێت، کە ئەو نەتەنها پێگە فەلسەفەییەکەی ئەوان، بەڵکو تەواوی پرۆژەی فەلسەفەیی ژێرخانی بەرهەمەکانیان دەخاتە ژێرپرسیارەوە. فەیلەسوفانی شرۆڤەیی دەتوانن بە ئاسوودەییەوە لەتەک ئەو ململانێیانەدا خەریک بن، کە ترادیسیۆنیی فەلسەفەیی بە بەڵگەی مێتۆدەوە بە ئامانج دەگرێت: بۆ نموونە دیکارت، کانت، هۆسرێل و ڤینگنشتاینی سەرەتا، هەریەکەیان بە شێوەی تایبەت بە خۆی، بۆ خەریکبوون لەتەک پرۆژەی فەلسەفەییدا، چەندین رێگەی تازە و بە وتەی خۆیان رێگەی کاریگەرتریان لە رێگەکانی رابوردوو، پێشنیارکردووە، بەڵام متمانە و ناوەڕۆکی خودی ئەم پرۆژە فەلسەفەییەیان نەخستوەتە ژێر پرسیارەوە. پۆزەتیڤیستە لۆگیکییەکانی بازنەی ڤییەنا پرۆژەی فەلسەفەییان لە ئاستێکی سەرەکیدا خستە بەردەم ململانێوە: پێوەری سەلماندنگەرایانەی ئەوان بۆ دیاریکردنی واتاداربوون، زۆرێک لەوەی وەکو گوتاریی فەلسەفەیی جێکەوت کرابوو، بە خەیاڵبێژییەکی

ئاشکرایان، لە باشترین دۆخدا، جۆرێک لە شیعر یان چیرۆکبێژیی دانرا، ئەوان چالاکیی فەلسەفەییان بۆ ئاستی "لۆگیکیی زانست" کورتکردەوە، بەڵام هەمان جەختکردنەوەی پۆزەتیڤیستەکان لەسەر لۆگیک و زانست، و دوورکەوتنەوە لە چیرۆکبێژییەکی رووت، ئەوانی بۆ یەکێتیی فەلسەفەی شرۆڤەیی گۆڕان پێدا (کە هێشتا هەندێک جار بە هەڵە لەتەک "پۆزەتیڤیزمیی لۆگیکی" تێکەڵ دەکرێت). کەواتە، هەمان ئەم جۆرە دژایەتیکردنەی ترادیسیۆنیی فەلسەفەیی بوو، کە فەیلەسوفانی شرۆڤەیی بە ساناهی رووەو ئەمە هاتن.

تەنانەت هەندێک لە فەیلەسوفانی سەدەی بیستەمی "کیشوەری ئەوروپا"، بەهۆی ئەوەی زمان و رەفتاری گشتی ئەوان بە "خۆسەپێن"، "چیرۆکبێژییەکی رووت"، یان "ئاڵۆزییەکی ناپێویست" دانراوە، بۆیە کەوتوونەتە بەردەم دژایەتیکردنی زۆرێک لە فەیلەسوفانی ترادیسیۆنیی شرۆڤەیی، بەڵام لە سەرەنجامدا، لای هەندێک لە نوێنەرە هزرئازادەکانی فەلسەفەی شرۆڤەیی، پەسەندکراون. لەم بارەیەوە ئەگەر تەنها ناوی چەند کەسێک بهێنین، ئەوا دەتوانین باسی برگسۆن، یاسپەرس، هۆسرێل، سارتر و مێرلۆ-پۆنتی بکەین. لانیکەم (ئەوانەی سنگ فراوانییەکی زێتریان هەبوو) دەیانتوانی قبوڵی ئەوە بکەن، کە ئەم هزرڤانانە بەو ئەندازەیەش، کە شێوەی کارکردنیان پڕ لە خۆسەپێنی و ناڕوون بێت، ئەوا لەتەک هەمان ئەو شتەدا خەریک دەبن، کە هاوتا شرۆڤەگەرەکانی دیکە لەتەک ئەو بابەتانەدا هاتوونەتە خەریک بوون.

بـەڵام، لەبارەی دریـداوە، پێدەچێت ( پێویستە جەخت لەسەر ئەم "پێدەچێت"ـە بکەینەوە) دۆسیەکە زۆر ریشەییتر بێت لەم قسانە. وادەردەکەوێت ئەو نە تەنها مێتۆد، یان ئەو شێوازەی بۆ ئەنجامدانی پرۆژە فەلسەفەییەکەی بەکاریهێناوە، بەڵکو خودی ئەم پرۆژەیەش دەباتە ژێر پرسیارەوە، کە ترادیسیۆنیی فەلسەفەیی تێیگەیشتووە، ئەویش نەک بەهۆی ناڕوونییەکی لۆگیکی یان وردییەکی زانستی. (بەرهەمی دواتری ڤینگنشتاین، بەو ئەندازەیەش، کە لە بازنەکانی دیکەدا وەکو یەکێک لە پارادایمەکانی فەلسەفەی شرۆڤەیی دانراوە، ئەوا لەتەک بەدگومانییەکی زۆر هاوشێوەی ترادیسیۆنیی فەلسەفەییدا تووشی بەریەککەوتن دێت، و دوژمنێکی هاوشێوە لە نێو هەندێک لە فەیلەسوفانی شرۆڤەییدا بۆ

خۆی دەهێنێنە ئـاراوە). ئەم جۆرە بردنە ژێر پرسیارە لەوانەیە ببێتە هۆی ئاڵۆزیی: باشە خودی دریدا لە کارەکەیدا بە دوای چیدا دەگەڕێت؟ هەستکردن بە ناڕوونی بابەت، کە لەوانەیە کاتی رووبەڕووبوونەوە لەتەک بەرهەمەکانی دریدادا لە خوێندنەوەی ترادیسیۆنیی شرۆڤەییدا بێتەئاراوە، لەو زاراوە نامۆیانەی ئەو بەکاریدەهێنێت یان لە جۆری ئاڵۆزیی رستەکانییەوە سەرچاوە ناگرێت، یاخود بە تەواوی لەوانەوە سەرچاوە ناگرێت: ئەم هەستە زیاتر لە رەوشی سەرگەردانیی ئەو خوێنەرەوە سەرچاوە دەگرێت، کە نازانێت بابەتەکە لە چ جۆرێکە. دریدا چ وێناکردنێکی هەیە؟ ئەو شتەی ئەم دەینووسێت پەیوەندی بە هیچ یەکێک لە ژانرە فەلسەفەییەکانەوە نییە، کە فەیلەسوفیی شرۆڤەیی دەتوانێت بیناسێت. سروشتییە ئەم هەستکردنە، کە ئەو شتەی ئەم دەیڵێت لەوانەیە لە بنەڕەتدا هۆکاری بوونیی خودی فەلسەفەی شرۆڤەیی بباتە ژێر پرسیارەوە، ئەم هەستکردن و سەرگەردانییە، ئەو [خوێنەرە]6 رووەو دوژمنی و دژایەتیکردن ئاراستە دەکات.

کەواتە دریدا چ وێناکردنێکی هەیە؟ روانگەی خودی ئەو لەبارەی ئەو شتەی دەیکات، بە سروشت لە درێژەی ساڵەکاندا فۆرمێنراوە، بەڵام دەتوانین بە بابەتێکی هاوبەش بگەین، کە بەرهەمەکانی ئەو بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەو خۆی بە فەیلەسوف ناودەبات، هەم بە واتای ناونیشانی بێ بەها لە ئیکوال نۆرمال، و هەم بەم واتا بەهادار و گرنگەی، کە ئەو هێشتا خۆی بە دەرگیری کاری فەلسەفەیی سەرەکیی پرسگەریی بنەڕەتیی ناودەبات. ئەو جیاوازیی خۆی لەتەک ترادیسیۆنیی لێتوێژینەوەی فەلسەفەییدا، یەکەم، لە شێوازیی پرسگەریی خۆیدا، دووەم، لە بردنە ژێر پرسیاری خودی فەلسەفە و سێیەم، خۆپاراستن لە پەسەندکردنی جیاوازییدا دەبینێت، کە ترادیسیۆنیی فەلسەفەیی لە نێوان فەلسەفە بە واتا تایبەتییەکەی و فۆرمەکانی دیکەی هزرینی مرۆییدا دایدەنێت (جیاوازی سێیەم لە زۆر لایەنەوە دەرهاویشتەی جیاوازیی دووەمە).

لەوانەیە باشترین هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە پرۆژەکەی دریدا، لێکۆڵینەوە بێت لە پرسگەریی بنەڕەتی ئەو لەبارەی خودی فەلسەفە (بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێنەی، کە بردنە ژێر پرسیاری ترادیسیۆنیی فەلسەفەیی بە واتای دژایەتیکردنی تەواوی فەلسەفە نایەت و تەنها واتای گەڕان بەدوای چەند رێگەیەک دێت

بۆ ریڤیزیۆنیی پرۆژەی فەلسەفەیەیی). بە روانینی دریدا، یەکێک لەو لایەنە گرنگانەی فەلسەفەی دووچاری لاڕێ و لادان کردووە، بریتییە لە "لۆگۆسێنتەریزم"7 لەسنووربەدەرەکەی: واتا زیاد لە پێویست جەختی لەسەر لۆگیکی ئایدێنتیتی (شوناس) و کێماسیی ئەریستۆتێلیسی کردوەتەوە. ئەو میتافیزیکەی لەسەر ئەم لۆگیکە دامـەزراوە، مێتافیزیکیی پلاتۆنیی بوونیی هەمیشەیی شوناسە لەتەک خۆیدا، واتا میتافیزیکیی "ئامادە". لە بەرانبەر ئەمانەدا، دەخوازێت جەخت لەسەر سێنتەریزمێکی دیکە، یان ئەگەر تێرمەکەی خۆی بەکاربهێنین، دیفرانس différance8 بکاتەوە. (کاریگەریی لێڤیانس لێرەدا بە ئاشکرایی دەردەکەوێت). différance (دیفرانس) واژەیەکی چێکراوی دریدایە، جۆرێک گەمەیە لەتەک وشەکاندا، چونکە واتای différence (بە پیتی "e" و نەک پیتی "a") واژەیەکی فەرەنسیی بۆ "جیاوازیی"، و différer، واژەیەکی فەرەنسیی بۆ "دواخستن یان جیاوازییدانان"، بە یەکەوە ئاوێتە دەکات. ئاوێتەکردنی ئەم دوو واتایە لە واژەیەکی تاکدا، و نیشاندانی ئەم پێکهاتەیە بە واژەیەکی داهێنراوی وەکو différance (a لە جیاتی e)، شێوازێکی دریدایە بۆ خستنەڕووی ئەم روانگەیەی خۆی، کە دەبێت ئێمە هەم لەسەر بنەمای دیفرانس، لە جیاتی ئایدێنتیتی (شوناس) و هەم لەسەر بنەمای دواخستن و جیاوازییدانان، لە جیاتی ئامادەی هەمیشەیی، لە ریالیتی (داکەوت) تێبگەین.

سێنتەریزمیی فەلسەفەیی différance (دیفرانس) بۆ دریدا، نەک لەسەر بنەمای جۆرێکی دیکەی مێتافیزیک لە بەرانبەر میتافیزیکی ئامادە دامەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوە لە تەواوی مێتافیزیک دامەزراوە. (یەکێک لە لایەنە روانگە جیاوازەکانی ئەو لەتەک لێڤیانسدا ئەمەیە). وەکو میشێل فوکۆ، دوورکەوتنەوەی دریدا لە ترادیسیۆنیی فەلسەفەیی بە واتای دوورکەوتنەوە دێت، لە تیۆرییە میتافیزیکییە گەورە و بەربڵاوەکان، کە مەبەستی ئەوان تێگەیشتنی ئاوەزیی ریالیتی بووە بە شێوەیەکی گشتی. ئەوەی لە فەلسەفە دەمێنێتەوە بریتییە لە چالاکییەکی سادەی پرسگەریی بنەڕەتیی بە شێوەیەکی گشتی، نەک پێکهێنانی ئەم جۆرە تیۆرییە گشتیانە. روون و ئاشکرایە کە بە سەرنج خستنە سەر رەتکردنەوەی "لۆگۆسێنتەریزم"، ئەم پرسگەرییە بنەڕەتییە نەک لەسەر

فۆرمی هەڵسەنگاندنی لۆگیکی بەڵگاندنەکان، بەڵکو لەسەر شێوەی لێکۆڵینەوە لەو شێوازە داڕێژراوانەی بێ تایبەتمەندیی لۆگیکین، دەرکەوتووە. ئەم روانگەیە شتێک دەهێنێتە پێشەوە، کە زێتر هاوشێوەی رەخنەی ئەدەبییە، نەک بەڵگاندنی فەلسەفەیی بەو چەشنەی بە شێوەیەکی ترادیسیۆنیی تێیگەیشتووین. کەواتە، یەکێکی دیکە لە دەرهاویشتەکانی دژایەتیکردنی "لۆگۆسێنتەریزم"، بریتییە لە ئاوێتەکردنی فەلسەفە لەتەک ئەدەبیات و ئاوێتەکردنی رەخنەی فەلسەفەیی لە شرۆڤەی رەخنەکاریی تێکستە ئەدەبییەکاندا. بۆ نموونە، ئەو لە نووسراوەکەیدا بە ناونیشانی "Qual Quelle"، کە لە کۆ وتارەکانیدا بە ناونیشانی پەراوێزە فەلسەفەییەکان هاتووە، جەخت لەسەر ئەم بەیادهێنانەوەیەی پاول ڤالێری و دەرەنجامگیرییەکەی لەم بەیادهێنانەوەیەدا دەکاتەوە، کە فەلسەفە دەنووسرێت و کەواتە "ژانرێکی ئەدەبیی تایبەتییە" و هەڵگری چەند تێکستێکە، کە وەکو هەر تێکستێکی دیکە پێویستە شیکردنەوە و شرۆڤەی بۆ بکرێت. تێکستی فەلسەفەیی گەرەکە لەم رەهەندانەی خوارەوە لێبتوێژرێتەوە:

لە روانگەی پێکهاتەی فۆرمالییەوە، لە روانگەی رێکخستنی واتایی و دەربڕین، لە روانگەی تایبەتمەندیی و هەمەچەشنەیی تێکست، لە روانگەی پارادایمە شرۆڤەکراو و داهێنراوەکان-جگە لەوانەی پێشتر پێیدەگۆترێت ژانر، هەروەها لە روانگەی کەشیی دیمەنئارایی (میزانسێن)یەکەی، لە روانگەی سینتاکس، کە تەنها دەربڕی واتاکانییەتی، واتە گەڕانەوەکانی بۆ "بوون" یان حەقیقەت، بەڵکو رێنوێنیکەری داخوازییەکانی و هەر شتێکی لەوانە خەرجکراوە، بێت9.

دریدا بە جەختکردنەوەیەکی ئاشکرا ئاماژە بە تێگەیشتنی ڤالێری دەکات بۆ ئەرگیومێنتی "دەهزرێم"ی دیکارت. ئەو دەبێژێت "ڤالێری زۆر زوو باسی ئەوە دەکات، کە بە تێڕوانینی ئەو، حەقیقەتی کۆتایی، بریتییە لە پرسی جێ سەرنجی دیکارت"، بەڵام "دەهزرێم، کەواتە هەم"ی ئەو بە خاوەن "بەهایەکی لەڕادەبەدەر" دادەنێت.

رێککەوتنی دریدا بە پشتبەستنی ڤالێری لەسەر تێکستی نووسراو لەم پەرەگرافەدا، نیشاندەری یەکێک لە ناوەڕۆکەکانی سێنتەریزمی روو وەرگێڕانی

ئەوە لە ترادیسیۆنیی فەلسەفەیی. بە روانینی دریدا، یەکێک لە دیمەنە دیارەکانی ئەم ترادیسیۆنە، لە پلاتۆنەوە تا ئەمڕۆ، بریتییە لەوەی گۆتار بەسەر نووسراودا بەرز دەکاتەوە. یەکەمین بەشی سەرەکی بەرهەمەکەی ئەو بەناوی بڵاوکردنەوەی واتا (10(Dissemination، ئەرخاندەکات بۆ توێژینەوەیەک لەبارەی هزری پلاتۆن، بە تایبەت لە دیالۆگەکەی پلاتۆندا بە ناوی فایدرۆس، کە تێیدا سۆکرات وشە11 یان گۆتار بەسەر لۆگۆس12 یان نووسراودا بەرز دەکاتەوە. سۆکرات لەوێدا دەبێژێت، داهێنانی نووسراو خوازیارانیی دانایی ناچارکرد، لە جیاتی پەروەردەکردنی هزرە تازەکانی خۆیان، پشت بەست بن لەسەر ئەوەی خودی ئەوان یان ئەوانی دیکە لە رابوردوودا وتویانە. ئەوسا نووسراو لەوانەیە لەڕادەبەدەر بگاتە دەستی هەر جۆرە خوێنەرێک، هەم ئەو خوێنەرەی دەتوانێت لێی تێبگات، هەم ئەو خوێنەرەی ناتوانێت لێی تێبگات: سەرەنجام، هزرە خراپ و ئاڵۆز و پەرێشانکەرەکان برەو پەیدا دەکەن. دانایی لە شتێکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە فایدرۆس پێی دەبێژێت "گۆتاری زیندووی مرۆڤ لەتەک داناییدا، کە گۆتاری نووسراو کەمتر دەتوانێت بە سێبەری ئەوەش بزانرێت"13. بە گۆتنێکی دیکە، بە تێڕوانینی سۆکرات دانایی راستینە بە هۆی فێرکردنی زارەکیانەی مرۆڤێکی داناوە بۆ شاگردە لێهاتووەکەی دێتەئاراوە.

پێدەچێت ئەم پنتە راست بێت، کە ئەم مۆدێلەی ویستنی دانایی، واتا دیالێکتیکیی سۆکرات، بەشێکی سێنتەری بووبێت لە ئاماژەیەک (وێنەیەک)، کە نیشانیداوە فەلسەفە لەتەک چ شتێکدا خەریکە. بە تێڕوانینی دریدا، پنتی گرنگ ئەمەیە، کە ئەم ئاماژە، ناڕاست و گومڕاکەرە. ناڕاستە، چونکە زیاتر فەلسەفەی خۆرئاوایی لە راستیدا لەسەر فۆرمی نووسین بووە: فەلسەفە نەک بەڕێی ترادیسیۆنیی زارەکی، بەڵکو لەسەر فۆرمی تێکستە نووسراوەکان (وەکو تێکستە دیالۆگەکانی خودی پلاتۆن) گوازراوەتەوە. گومڕاکەرە، چونکە ئەم سەرابە14 دەئافرێنێت، کە گوایە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی هزرین بۆ ئەوەی لە تازەترین فۆرمیدا لێی تێبگەین. کەواتە، ئەم وەهم و سەرابەی دیکە دەئافرێنێت، کە ئەم سەرچاوە و بنەڕەتە، دەربڕینی تاکە خاوەن دەستەڵاتەکانە، کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەربڕدراوە، بێ ئەوەی هەوڵێکی دیکە بۆ دەربڕینی ئەوە

به زمانی نووسراو، به ناچاری نووشی لادانی کردبێت. لەبەر ئەوە زمانی نووسراو ناکەسەکیترە لە زمانی گوتار، کەواتە دوورترە لە دەربڕینێک بەبێ ناڕوونی ئەوەی یەک هزرڤان ئاگامەندانە گەرەکیەتی بیڵێت. [لە زمانی نووسراودا] دەربڕینی حەقیقەت، لەبری ئەوەی "ئامادە"ییەکی راستەوخۆی هەبێت، "دوادەخرێت و جیاوازیی دادەنرێت" (بگەڕێوە بۆ ئەوەی پێشتر لەبارەی زاراوەی différanceی دریدا گوتمان).

کەواتە هەر کە قبوڵمانکرد ئەو شتەی لەتەکیدا خەریکین تێکستێکی نووسراوە، ئەوا دەتوانین لانیکەم هەست بە بوونی درزێک بکەین لە نێوان ئەو شتەی فەیلەسوف ئاگامەندانە باوەڕیی پێیەتی، کە دەیڵێت-ئەو بەڵگاندنە ئاوەزییە سیستماتیکەی، کە ئەو وێنایدەکات بیخاتەڕوو، هەروەها بابەتێکی شاراوە لە نێو تێکستێکدا، کە هەڵگری چەندین گریمانەی روون و ئاشکرایە و نووسەر لێیان بەئاگا نییە. رێک لە نێو ئەم درزە دایە، کە دەشێت "دیکۆنستراکسیۆن" بێتە نێوەوە و شێوازێک لە خوێندنەوەی تێکستە فەلسەفەییەکان بخاتەڕوو، کە پێچەوانەی شێوازیی لۆگیکیی دەرەکیی (یان نالۆگیکیی دەرەکیی) بەڵگاندنەکانیانە. لەو رووەوەی تێکستە فەلسەفەییەکانی رابوردوو بانگەشەی هەبوونی پلەیەکی تایبەتمەندیان بۆ خۆیان کـردووە، ئەویش رێک لەو روانگەیەی لە جیاتی خەریکبوون بە جۆرەکانی وێناکردن، کە واتاکانیان بە تەواوی  روون و ئاشکرا نییە- ئەمە تایبەتمەندیی بەرهەمە ئەدەبییەکانە- ئەوا سوودیان لە بەڵگاندنێکی وردی لۆگیکی وەرگرتووە، ئەم جۆرە ئاراستەیە بۆ ئەوان ئەوا رێک واتای رەتکردنەوەی ئەم پلەیە تایبەتییە دەبەخشێت، کەواتە بۆ ئەو پنتە دەگەڕێینەوە، کە پێشووتر وتمان، ئاراستەکەی دریدا، جیاوازیی نێوان فەلسەفە و جۆرەکانی دیکەی نووسین، وەکو ئەدەبیات، کەمدەکاتەوە.

ئەم جۆرە یەکسانکردنەی فەلسەفە لەتەک ئەدەبیاتدا هاوکات لەتەک لۆژیکیی سادەدا واتای یەکساکردنی ئەدەبیات دەبەخشێت لەتەک فەلسەفەشدا. دریدا فەلسەفە تا سنووریی "ئەدەبیاتی رووت" کورتناکاتەوە، بەڵکو کایەی فەلسەفە فراوان دەکات بۆ ئەوەی تەواوی چالاکیی هزریی مرۆیی لەخۆبگرێت، بێگومان جێکەوتکردنیی خودی فەلسەفە لە نێو پانتایی پرسگەریی فەلسەفەییدا،

واتای دەرچوون لە سنوورەکانی فەلسەفەی ترادیسیۆنیی دەبەخشێت، کە خۆی بە خاوەن پێگەیەکی باڵاتر لە کایەکانی دیکەی هزرینیی مرۆیی دەزانی، ئەو پێگەی توانستی ئەوەی هەبوو بنەڕەتەکانی ئەم کایانەی دیکە هەڵبسەنگێنێت. لەم واتایەدا، ئەم جێکەوتکردنە واتای کورتکردنەوەی فەلسەفەی ترادیسۆنیی دەبەخشێت بۆ سنووریی ئەم کایانەی دیکە، بەڵام بە هەمان ئەندازە دەتوانین ببێژین ئەم کارە واتای فراوانکردنی پرۆژەی بنەڕەتی فەلسەفە لەتەک خودی هزریی مرۆییدا دەبەخشێت. ئەگەر بەم چەشنە بێت، بەو جۆرەی دریدا پەسەندی دەکات، هەنگاونان رووەو دەرەوەی فەلسەفە بە واتاکەی دوایی ئەوا شتێکی نەشیاوە. ئەو دەبێژێت "تێگەی سنووریی میتافیزیک خۆی تەنها کێشەسازە"15، کەواتە ئێمە تەنها لە "نا-شوێن"16ێک، کە دەبێتە فەلسەفەیەکی "دیکە"، دەتوانین بکەوینە هزرین لەبارەی "نەشیاویی جیابوونەوەی خود لە زمانی میتافیزیک".

ئەو لە درێژەی ئەمەدا دەبێژێت، ئەم نا-شوێنە لەوانەیە جەختاندنی ئەدەبیات بکات، ئەدەبیات بە واتای "ئەو تێکستە روون و دیارانەی سنوورەکانی زمانی ئێمە رووبەڕووی تەنگژە دەکەنەوە و نیشانیدەدەن ئەوانەش چەند شتێکی شیاوی دابەشبوون و کێشەدارن"17. (ئەو نموونانەی دریدا ناویان دەهێنێت، برینین لە بلانشۆ، باتای و بێکت). بەمجۆرە دریـدا، لەتەک هەوڵدان بۆ جێکەوتکردنی خودی فەلسەفە لە نێو پرسیارە بنەڕەتییەکاندا، لە بنەڕەتدا لەتەک هەمان ئەو کێشانەدا رووبەڕوو دەبێتەوە، کە ئەو کاتەی فەیلەسوفانی وەکو کانت و ڤیتگنشتاین هەوڵیانداوە سنووری زمانی ئێمە پێناسە بکەن، ئەوا لەتەک ئەو کێشانەدا رووبەڕوو بوونەتەوە. ئەو پرسەی کە سنووردانان بە واتای دەرچوونە لەو سنوورە، بەڵام ئەوەی لەودیو سنووری زمانەوەیە، بە زەروورەت شتێکی نەشیاوی گۆتن و سەرەنجام نەشیاوی لێهزرینە. ئەوەی ئەم پەرەگرافە نیشانی دەدات برینییە لەوەی دریدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە جۆرەکانی ئەدەبیاتدا دەبینێتەوە، کە خۆی هەوڵدەدات سنووریی زمان بخاتە نێو کێماسییەوە، واتا هەوڵدەدات شتی نەشیاوی گوتن بڵێت و بەمجۆرە "سنووریی زمان دەخاتە نێو تەنگژەوە". هەمان خستنە نێو تەنگژەوە لەوانەیە (ئەگەر شێوازی دەربڕینی ڤیتگنشتاین بەکاربهێنین) ئەوەی نەتوانرێت بگوترێت، نیشان بدات.

جیاوازیی دریدا لەتەک نموونەکانی ڤینگنشناین لە نێو ترِاکتاتوس لۆگیکۆ–فیلۆسۆفیکوس18 ئەوەیە، کە ئەو "سنووریی زمانی ئێمەی" لەتەک سنوورەکانی پرۆپۆزیشنە واتادارەکان "راست–یان–درۆ" بە یەکسان نابینێت، لەبەرئەوەی زمان لەتەک ئەو پرۆپۆزیشنانەی لەوانەیە راست یان درۆ بن، بە یەکسان نابینێت. بە یەکسانزانینی ئەم دووانە، رێک واتای پشت بەستن بە "لۆگۆسێنتەریزم" دەبەخشێت، کە ئەو میتافیزیکی ترادیسیۆنیی بەوە تاوانبار دەکات. ئەو لە ستروکتورالیزم19ـەوە روانگەیەکی لەبارەی واتا وەرگرتووە، کە لەتەک روانگەی گەڕانەوە بۆ راستێتی20دا جیاوازە: "واتا"ی هەر گوزارشتێکی تایبەتی لە هەر تێکستێکدا نەگەرەکە لەتەک "راستێتیی"یەکەیدا، بە یەکسان بزانین، واتا ئەو شتەی ئەم گۆزارشتە بە ئێمە دەسپێرێت و گریمانەی ئەوە دەکرێت بە چەشنێکی راستەوخۆ گەیەنراوە و لەم رووەوە تەواو نەشیاوی ناساندنە. کەواتە، واژەکان نەک لە پەیوەندی یەکبەیەکەیان لەتەک شتە نازمانییەکاندا، بەڵکو لە پەیوەندیاندا لەتەک واژەکانی دیکە (لە نموونەی "جیاوازییەکان"یان–دیسان différance–لەتەک واژەکانی دیکەدا) لە نێو سنووریی زماندا، واتا پەیدا دەکەن. کەواتە، هەوڵدان بۆ دیاریکردنی "واتا"ی هەر گوزارشتێکی تایبەتی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ژمارەیەکی ناکۆتا لە پەیوەندییەکانی ئەو گۆزارشتە لەتەک گوزارشتەکانی دیکەدا هەیە، ئەمەش خۆی بەم واتایە دێت، کە هەرگیز ناتوانین واتای ئەو گۆزارشتە بە شێوەیەکی تەواو دیاریبکەین. ئەگەر ئەم پنتە لەبارەی گۆزارشتە پێکهێنەرەکانی پرۆپۆزیشنێک دروست بێت، ئەوا بەو دەرەنجامە دەگەین، کە هەرگیز ناتوانین هیچ پرۆپۆزیشنێک بە شێوەیەکی گشتی بە دروست یان نادروست ناوبنێین، چونکە وەها ناونانێک هەڵگری ئەو واتایەیە، کە ئەو شتەی لە پرۆپۆزیشنەکەدا بانگەشەی بۆ کراوە واتایەکی دیاریکراوی هەیە و دەشێت ئەوە لەتەک "فاکت"ێکدا بەراورد بکرێت، بۆ ئەوەی دروست یان نادروستی ئەم بانگەشەیە دەربکەوێت.

لەوانەیە تا هەنوکە بە شێوەیەکی باش قسەمان لەبارەی دریداوە کردبێت، بۆ ئەوەی بتوانین جۆرێک راڤەکردنی پابەند بە "دیکۆنستراکسیۆن" بهێنینە ئاراوە. ئاشکرایە ناتوانین "دیکۆنستراکسیۆن" پێناسە بکەین، هەر بەو چەشنەی ناتوانین هیچ گۆزارشتێک پێناسە بکەین، بەڵام دەتوانین لەم بارەیەوە، کە "دیکۆنستراکسیۆن"

چ شتێک نییە، چەند پتێک ببێژین. بابەتی "دیکۆنستراکسیۆن" ئەوە نییە نیشانی بداتْ هەندێک لە پرۆپۆزیشنەکانی فەیلەسوفێک یان هەر کەسێکی دیکە "بێتوانا" یان "بێ بنەڕەتی لۆگیکی"ین: ئەوەی تا هونەکە گۆتومانە پێویستە ئەم پتەی روون کردبێتەوە، هەروەها بابەتەکەی ئەوە نییە، کە بە نیشاندانی ئەوەی روانگە کەسییەکان دەربڕی بەرژەوەندییە کەسەکییەکانن و نەک حەقیقەتێکی ئۆبژێکتی، کەواتە ناتوانین هیچ پرۆپۆزیشنێکی تایبەتی بەهۆی نانیشاندەرییەکەی، ناگرنگ بکەین، کەواتە "دیکۆنستراکسیۆن" ناتوانێت ببێتە مێتۆد یان رێگەبڕینێک بۆ هەر چەشنە دەستەبەرییەکی ئامانجەکانی لۆگۆسێنتەریزمی فەلسەفەی ترادیسیۆنی، بە پێچەوانەوە دەبێت بابەتەکەی برێتی بێت لە لەرزاندنی پایەی خودی ئەم لۆگۆسێنتەریزمە: بە رووبەڕووبوونەوە لەتەک فەلسەفە وەکو ژانرێکی ئەدەبی، نیشانی دەداتْ، کە بۆ گەیشتن بە ناوەڕۆکەکەی، وەکو ناوەڕۆکی هەر ژانرێکی ئەدەبی، پێویستە نە تەنها لە ستراکتوری لۆگیکی بەڵگاندنەکانیدا، بەڵکو لانیکەم بە هەمان ئەندازە لە شێواز، میتافۆر و تەنانەتْ شێوازە فیزیکییەکەی بۆی بگەڕێین. بابەتەکەی برێتییە لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمێکی فەلسەفەیی (یان هەر ژانرێکی دیکە، کە لەتەک فەلسەفەییبووندا خەریک بێت) لە بنەڕەتدا بەناونیشانی تێکستێکە وەکو هەر تێکستێکی دیکە، کە زیاتر نیشاندەری رەوشی نووسەرە نەک هەڵگری بەڵگاندنی فۆرمالی و تاکەسەکی بێت.

کاتێک "دیکۆنستراکسیۆن" بەمجۆرە وەکو رێگەیەک بۆ خوێندنەوەی تێکستە فەلسەفەییەکان (و تێکستەکانی دیکە) دابەش بکەین، پێویستە ئەوە پەسەند بکەین (بەوجۆرەی بێگومان دریدا پەسەندی دەکاتْ) لەبارەی هەر تێکستێکی دیار زیاتر لە خوێندنەوەیەکی رۆشنگەر دەشێت بوونی هەبێت: بە گوتنێکی دیکە، شتێک بەناوی تاکە خوێندنەوەیەکی دروستْ بوونی نییە، بەڵام بە ئاسانی دەتوانین وێنای ئەم بۆچوونە بکەین، ئەگەر دەتوانین تەواوی ئەو شتەی لەبارەی دیکۆنستراکسیۆن بیڵێین، هەر ئەمەندە بێت، کەواتە هەموو ئەم دژبەرییەی لەسەر ئەوە بنیاتْ نراوە بە شتێکی زێدەڕۆییانە دەردەکەوێت. دیکۆنستراکسیۆن شتێک دەخاتە تەنگژەوە، کە لە بنەڕەتدا بووەتە خۆرەی21 چالاکی فەلسەفەیی راستەقینە و رەسەن، ئەو شتەی وەکو ئامرازی مێژوونووسانی

فەلسەفە لەوانەیە جۆرێک بەهای هەبێت، بەڵام بە سەختی دەتوانێت خودی نوێژینەوەی فەلسەفەیی بەرەوپێش بەرێت، بەڵام پێدەچێت مەبەستی دریدا لە "دیکۆنستراکسیۆن" بریتی بێت لەوەی، نە ئەو جۆرە خۆرەیەیە، کە ئەم بۆچوونە وێنای دەکات و نە بەو ئەندازەیە نێگەتیڤە، کە واژەکە هەڵیگرتووە.

ئەو وێنایەی لەتەک خوێندنەوەی واژەکانی "دیکۆنستراکسیۆن" دێنە نێو هۆشەوە، لە راستیدا وێنایەکی نێگەتیڤە- وێنای "دابەزاندن"22ی پارچەکانی بینایەک یان پێکهاتەیەک. ئەم وێناکردنە بە شێوەیەکی گشتی، هەڵگری هیچ شتێک نییە، کە نیشانی بدات ئەم دابەزاندنەی پێکهاتەیە لەوانەیە شتێکی نوێ لە خودی ئەم پێکهاتەیەدا دەربخات، کە پێشووتر شاراوە بووە، بەڵام ئەگەر دیکۆنستراکسیۆنی تێکستێک بە رێگەیەک بۆ خوێندنەوەی بە مەبەستی ئاشکراکردنی ناوەڕۆکە شاراوەکەی بزانین، ئەوکات واژەکە زۆر بە پۆزەتیڤی دەردەکەوێت. بۆ نموونە دیکۆنستراکسیۆنیی تێکستێکیی فەلسەفەیی ترادیسیۆنیی لەوانەیە واتا شیاوەکان و وەڵامە شیاوەکانی پرسیارە فەلسەفەییەکان دەربخات، ئەو ئەگەر و توانستانەی لە ئاستی ناوەرۆکە روون، باو و لۆگۆسێنتەریستانەی تێکستەکەدا هەرگیز ئاشکرا نین، ئەگەر ئەم واتایە دەستەبەر ببێت، ئەوکات دەتوانین دیکۆنستراکسیۆن بە شتێکی زیاتر لە ئامرازی راڤەکردنی رابـوردووی فەلسەفەی بزانین: دەتوانین ئەوە بە ئامرازی زیادکردنی شتێکی نوێ بۆ کاری فەلسەفە بزانین. ئەوەی دیکۆنستراکسیۆن دەتوانێت بیخاتە سەر فەلسەفە دەبێتە جۆرێکی نوێی وەڵام و پرسیارە فەلسەفەییەکان: ئەو شتەی زیاتر وەکو رۆشنکەرەوەی کێشەکان دەخرێتەڕوو، بۆ ئەوەی وەکو "وەڵامێکی دروست" بێت، کە پێویستە بەند بێت لەسەر بەڵگە لۆگیکییەکان. سەرباری ئەمە، دیکۆنستراکسیۆن توانستی شتێکی زیاتر لە رێگەیەک بۆ خوێندنەوەی تێکستەکانی دیکە دەهێنێتەئاراوە: توانستی هێنانەئارای رێگە تازەکانی هزرین، نەک بەڕێی بەڵگاندنی فۆرمالی و لۆگیکی، بەڵکو بە یارمەتی دۆزینەوەی لێهاتووییانەی مێتافۆرەکان و وێناکردنەکان.

دریدا خۆی لە گفتوگۆدا لەتەک ریچارد کێرنەی، بەرگری لەم روانگەیە لەبارەی دیکۆنستراکسیۆن دەکات. ئەو، لەم گفتوگۆیەدا، لە میانەی ئەوەی دیکۆنستراکسیۆن وەکو هەوڵێک بۆ "بەدەستهێنانی هەرچی سیستەماتیکتری

نا-شوێنێک23، یان شوێنێکی نافەلسەفەیی، بۆ بردنە ژێر پرسیاری فەلسەفە" دادەنێت، ئەوا بەم چەشنە درێژەی پێدەدات: "بەڵام گەڕان بەدوای بەدەستهێنانی جێگەیەکی نافەلسەفەیی واتای دژ بە فەلسەفەبوون نابەخشێت. پرسیاری سێنتەری من ئەمەیە: فەلسەفە بە شێوەیەکی گشتی لە کام شوێن یان ناشوێنی (non-lieu) دەشێت وەکو شتێک جگە لە خۆی لە بەرانبەر خۆیدا دەربکەوێت، بە جۆرێک بتوانێت بە شێوەیەکی رەسەن خۆی رووەو لێپرسینەوە و هزرینەوە ئاراستە بکات؟"24.

لێرەدا دەکەوینە کەڵکەڵەی25 ئەوەی لێکچوونەکانی ئەم گوتەیە و گوتەکانی کۆتایی ریچارد رۆرتی بدۆزینەوە، ئەو گوتانەی لە نێو ترادیسۆنیی فەلسەفەیی ئەنگلۆساکسۆندا بەهۆی بەرهەمەکانی هزرڤانانی وەکو ویلیام جەیمز، دیوی، هایدیگەر و ڤینگنشتاین، قۆناغی ئەو شتەی ئەم پێیدەبێژێت "فەلسەفە بە پیتی گەورە"، و فەیلەسوفەکانیشی بانگەشەی ئەوەیاندەکرد، کە توانستی ئەوەیان هەیە لەبارەی تەواوی کایەکی دیکەی هزری مرۆیی بکەونە بڕیاردان و داوەریکردنەوە، ئیدی ئەمە هەنوکە ناگرنگ کەوتووە. رۆرتی دەبێژێت، ئەوەی پێویستە جێگەی "فەلسەفە" بگرێتەوە، "فەلسەفە"یە (بە پیتی بچوک)، کە لەتەک ئەدەبیات و هونەردا لە بنەڕەتدا دەبێتە بە شێک لە "دیالۆگی چەشنی مرۆڤ"، کە نەک لەتەک بەدەستهێنانی "حەقیقەت"دا، بەڵکو لەتەک ئافراندنی وێناکردنەکان بۆ چۆنێتی لە گوزەراندنی ژیانی ئێمەدا خەریک بێت. جێگەی سووڕمان نییە کاتێک رۆرتی دریدا بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێت26. سەرباری ئەمە لە لایەکی گرنگەوە، دریدا لەتەک رۆرتی، یان لانیکەم ئەو وێنەیەی رۆرتی بە گشتی بۆخۆی دەکێشێت، جیاوازیی هەیە: واتا دیکۆنستراکسیۆنی ئەو لەبارەی ترادیسیۆنیی میتافیزیکی زیاتر پابەند دەبێت لەسەر هێنانەکایەی پرۆژەیەکی نوێ و لە روانگەی مۆراڵییەوە بەرپرسانەتر بۆ فەلسەفە نەک تانەدان لێی. (ئەم پنتە، بەهۆی ئەم ئاوازە رەند و جوانەی ئەو، کە رۆرتی ئاماژەی بۆ کردووە، شتێکی راستە).

نموونەیەکی دیکەی ئەمە دەتوانین لە بەریەککەوتنی دریدا لەتەک "هیومانیزم"دا ببینینەوە، کە لێکۆڵینەوە لێی ئەو وێناکردنەی مێتۆدی دریدا بۆ خوێندنەوەی دیکۆنستراکسیۆنانەی تێکستەکان لەبارەی توێژینەوەش بەدەستەوە

دەدات. گوتارەکەی ئەو بە ناونیشانی "ئامانجەکانی مرۆڤ"27 خوێندنەوەیەک بۆ بەرهەمی ژمارەیەک لە فەیلەسوفان دەهێنێتە ئاراوە. ئەو دەبێژێت، هیومانیزم ئەدگارێکی ئاشکرای تەواوی فەلسەفەی فەرەنسایی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمە، تەنانەت فەلسەفەی کەسێکی وەکو سارتر، کە بە سەختی هەوڵدەدات هیومانیزم هەجو بکات (بۆ نموونە، لەبارەی کەسێتی "ئۆتۆدیداکت"28 لە رۆمانی هێڵنجدا). دریدا دەبێژێت، سارتر بە هەڵە لە فەلسەفەی هایدیگەر تێدەگات کاتێک وەها گریمانە دەکات، کە ئەم فەیلەسوفە ئاڵمانییە لەتەک ئاگامەندییەکی تەواو مرۆییدا خەریکە:

ستراکتۆرە (پێکهاتە) ترانسێندێتالییەکان، کە دوای ریدۆکسیۆنی (تقلیل) فێنۆمێنۆلۆژیی وەسف دەکرێن، چەند ستروکتوورێکی ئامادەی نێو جیهانی نین بە ناوی "مرۆڤ"، هەروەها ئەوانە لەتەک کارەسات، کلتوور، زمان، یان تەنانەت "گیان، یان "دەروون"ی مرۆییدا پەیوەندییەکی نێوەکییان نییە. هەر بەوجۆرەی بە تێڕوانینی هۆسرێل، دەتوانین ئاگامەندی بەبێ دەروون (Seelenlos)29 وێنا بکەین، بە هەمان چەشن-و بە رێگەی یەکەم-دەتوانین ئاگامەندی بەبێ مرۆڤ وێنا بکەین30.

بە وتەی دریدا، بەو جۆرەی بەرهەمەکەی هایدیگەر لە دوای جەنگ بە ناوی "نامە لەبارەی هیومانیزم" نیشانیدا، هایدیگەر هەرگیز بەم واتایە هیومانیست نەبووە: ئەویش، وەکو هۆسرێل، نەک لەتەک ئاگامەندی مرۆڤدا بە شێوەیەکی گشتی، کە هەمیشە لە ژێر کاریگەری مێژوو، کلتوور و زمان دایە، بەڵکو لەتەک "ئاگامەندی بە شێوەیەکی گشتی"دا خەریک بووە، بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی پەیوەندی بە چ کەسێکەوە هەیە.

بەڵام بە بۆچوونی دریدا، ئەو هیومانیزمەی هایدیگەر دژی بوو، هیومانیزمی پابەند بە میتافیزیک بوو. دریدا دەبێژێت، ئەو شتەی هایدیگەر بە گشتی لەتەکیدا دەکەوتە خەریکگەرییەوە، "لە بنەڕەتدا مرۆڤی میتافیزیکیی نییە"31. سەرباری ئەمە، "شتێکیش نییە جگە لە مرۆڤ. بەو جۆرەی دەیبینین، دووبارەکردنەوەی ناوەرۆکی مرۆڤە، کە مۆڵەتی ئەوە دەدات بگەڕێینەوە بۆ ئەو شتەی بەر لە پەیدابوونی تێگە میتافیزیکییەکان لەبارەی مرۆڤایەتی (humanitas)

بوونی هەبووە"32. گێڕانەوەی مێتافیزیکیی هیومانیزم بەندە لەسەر تێگەیشتنێکی تایبەت لە "ناوەرۆکی مرۆڤ؟، کە پەیوەست دەبێت بە ڕەوشە تایبەتییەکانی مێژووە، کە مرۆڤایەتی ئێمە بە تواناییمانەوە لە کرداری دەستەڵاتی تەکنۆلۆژیک بەسەر سروشتدا دەبەستێتەوە-ئەو تێگەیەی بە ڕوانگەی هایدیگەر وێرانکەری مرۆڤایەتی ڕاستەقینەیە. لە ڕاستیدا، ئێمە بە "ڕامان" و ناسینەوەی خۆمان بەر لە هەر شتێک لە پەیوەندیماندا لەتەک (حەقیقەتی "بوون")، لە هەماهەنگیماندا لەتەک "بوون" بە شێوەیەکی گشتی، ئەوا بە ڕاستی دەبین بە مرۆڤ. دریدا دەبێژێت، ئەم ڕوانگەیە لەبارەی مرۆڤایەتی ڕاستەقینە لە وێناکردنە دیارەکانی هایدیگەر سەبارەت بە "ماڵ" و "بێ ماڵ" دەخرێتەڕوو.

گونجانی ئاشکرای دریدا لەتەک ئەم جۆرە ڕەخنەیەی هیومانیزمیی میتافیزیکی، پەیوەست دەبێت بە ناڕەزایەتییە سیاسیی و مۆراڵییەکانی ئەو سەبارەت بە نەتەوەگەرایی خۆرئاوایی. مەبەستی ئەو لە "دیکۆنستراکسیۆن" بریتییە لە ترادیسیۆنیی فەلسەفەیی ئاشکراکردنی ئاڵۆزیی نێوان خەریکبوونی لاوەکی بە ئیدیالەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری لەبارەی مرۆڤایەتی و ئاوەزمەندێتی جیهانی و ئەم تێگەیشتنە قوڵەی، کە ئەم ئیدیالانە لە ڕاستیدا تەنها بەشێکی نەشیاوی جیابوونەوەن لە بەها تایبەتییەکانی کولتوورێکی مێژوویی تایبەت، واتا کولتووریی ئەوروپای خۆرئاوایی و بەشەکانی دیکەی جیهان، کە کاریگەریی ئەوروپایان لەسەر بووە. (ئاشکرایە زادگەی ئەلجەزایری خۆی لەتەک ئەم هەڵچوون و هەیەجانەدا لەبارەی ئەم پرسەوە بێ پەیوەندی نییە). سەرباری ئەمە، تێگەیشتن لەم پێنە گرنگە، کە ئەم هەستکردنە بەم واتایە نییە دریدا خودی ئەم ئیدیالانەی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری ڕەتدەکاتەو، هەڵبەت ئەگەر بە دروستی شیاوی تێگەیشتن بن.

دریدا لە گوتارەکەیدا بە ناوی "دەهزرێم [ی دیکارت] و مێژووی شێتی"33، دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە کتێبەکەی فوکۆ بە ناوی مێژووی شێتی (Historie de la folie مانوسکرێپتی سەرەکی و دوور و درێژتر ناوی شێتی و شارستانێتییە). بە وتەی دریدا، فوکۆ لەم کتێبەدا هەوڵ دەدات کارێکی نەکردە ئەنجام بدات، واتا هەوڵدەدات گۆتاری ئاوەز لە جێگەیەکی دەرەوەدا ئاوەژوو بکاتەوە. دریدا

نیشانیدەدات، کە تەنانەت تێگەیشتن لە مێژووی شێتی پابەندە بە سوودوەرگرتن لە ئاوەز. ئەو دەبێژێت، فوکۆ هەڵوێستەکەی خۆی لەسەر تێگەیشتنێکی هەڵە لە بەڵگەکاری "دەهزرێم"ی دیکارت ("دەهزرێم، کەواتە هەم")، و بە تایبەت سەرنجی دیکارت لەم بەڵگاندنە بۆ ئەگەری شێتی، بنیات دەنێت. بە تێڕوانینی دریدا، دیکارت و ترادیسۆنیی پۆست-دیکارتی، بەو جۆرەی فوکۆ بانگەشەی کردووە، نایانەوێت شێتی لە نێو کایەی ئاوەزدا رەتبکەن، بەڵکو هەوڵ دەدەن بە هەڕەشەی ئاوەز لە رووی شێتیدا بووەستنەوە، بۆ ئەوەی ئەم هەڕەشەیەش لە هەمان تێگەیشتنی ئێمە لە ئاوەزگەراییدا جێکەوت بکەن. دریدا بەو دەرەنجامە دەگات، کە راکردن لە دەستی خودی گوتاری ئاوەز شتێکی نەکردەیە.

ئەم ئەنجامگیرییە، رۆڵێکی زۆر رۆشنکەرەوەی بۆ واتای دیکۆنستراکسیۆنیی دریـدا هەیە. ئامانجی دریـدا لە لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی ترادیسیۆنیدا ئاوەژووکردنەوەی نییە پەیوەست بە تێگە مرۆیی و ئاوەزییەکان، بەڵکو رزگارکردنی هەمان ئەو تێگە و کۆنسەپتانەیە لە دەست لادانە کاریگەرە نادیارەکانی دیکە لەسەر ئەم فەلسەفەیەدا. ئەم کاریگەرییە نادیارانە، وەکو ویژدانی ناخۆئاگامەندی لاکـان، خۆی نەک لە پەخشان و لۆگیکی دەرەکیی بەڵگاندنە ئاشکراکانی فەیلەسوفدا نیشاندەدات، بەڵکو لە میتافۆر و وێنەسازییەکاندا دەردەخات، کە بە ناچاریی تەنانەت دەچنە نێو هۆشیارترین نووسینە فەلسەفەییەکانیش. ئەرکی دیکۆنستراکسیۆن بریتییە لەوەی ئاڵۆزیی نێوان ئەم وێنانە و ئەوەی دەریدەبڕن [لە لایەکەوە] و لۆگیکی باو و ئەوەی ئەم لۆگیکە بانگەشەی دەربڕینی دەکات [لە لایەکی دیکەوە] ئاشکرا بکات. بۆ بەرگریکردن لە دریدا لە بەرانبەر ئەو بانگەشە بێواتایە شارلاتانگەرییەی هەندێک لە فەیلەسوفانی شرۆڤەیی دژە فەرەنسی دەیدەنە پاڵ ئەو، هەمان جدیبوونی ئامانجی دیکۆنستراکسیۆن، بەو راڤەیەی بۆمانکرد، لە خۆیدا شتێکی بەس و تەواوە.

سەرباری ئەمە بانگەشەکانی دیکۆنستراکسیۆن بەم گریمانە گومانشیاوە پەیوەستن، روونبووەتەوە "لۆگۆسێنتەریزم"، کە دریدا رەخنەی دەکات، کەموکورتی هەیە. ئەمەی کە تێکستە فەلسەفەییەکان بە گشتی هەڵگری شتێکی زیاتر لە بەڵگاندنی لۆگیکیی ناکەسەکین و لە وەها تەنها دەتوانرێت بە لە بەرچاوگرتنی

ئەم "شتە زیاترە" بە شێوەیەکی گشتی تێبگەین، پێنێکی شیاوی پەسەندکردنە، کە شرۆڤە دیکۆنستراکسیۆنەکانی خودی دریداش جەخت لەمە دەکەنەوە، بەڵام نابێت لەم پێنەوە دەرەنجامگیری بکەین، کە تێکستە فەلسەفەییەکان هەڵگری بەڵگاندنی تاکەسەکی نین، یان پەسەندکردنی بانگە ئاشکراکانیان بە تەواوی وابەستە نین لەسەر گرنگی لۆگیکی ئەم بەڵگاندنە. ئەمە نموونەی ئەوەیە، کە ببێژین لەبەرئەوەی تایبەتمەندی ئەزموونی ئێمە لە کێبەڕکێیەکی فوتبال دەتوانێت بکەوێتە ژێر کاریگەری شتگەلێکی وەکو تایبەتمەندی زەوی چیمەن، رەفتاری هاندەران رەنگی جلوبەرگی یاریزانان و هتد، کەواتە ئەگەرەکە ببێژین دەرەنجامی کێبەڕکێکە پەیوەندی بە ژمارەی ئەو گۆڵانەوە هەیە، کە لایەنێک لە لایەنەکەی دیکەی دەکات.

ئێمە تەنها ئەو کاتە دەتوانین پەسەندی بکەین، کە لۆگیکی بەڵگاندنەکانی فەیلەسوفێک و راستی پرۆپۆزیشنەکانی ئەو لەسەر پەسەندبوونی ئەوەی لە پلەی فەیلەسوفدا دەیڵێت، کاریگەر نییە، کە بتوانین ئەوە نیشانبدەین ئەم پرۆپۆزیشنانە نە راستن و نە درۆ، و کەواتە لۆژیک (کە لەم شتە دەکۆڵێتەوە لە رەتبوون لە پرۆپۆزیشنێکەوە بۆ پرۆپۆزیشنێکی دیکە چۆن دەشێت راستییەکەی بپارێزێت؟) ناتوانێت هیچ خوازیارێکی هەبێت. ئایا دریدا ئەمەی نیشانداوە؟ بەو جۆرەی بینیمان، ئەو بە پەیڕەویکردن لە سترکتۆرالیستەکان، بە سەختی جەخت لەسەر ئەم پێنە دەکاتەوە، کە واتای هەر گوزارشتێک بەندە لەسەر پەیوەندیی ئەو لەتەک گوزارشتەکانی دیکە لە نێو سنووری زماندا و نەک بە هیچ شتێکی نازمانی. دەرەنجامەکەی، بەم چەشنەی بینیمان، بریتییە لەوەی ناوەرۆکیی واتایی تەواوی پرۆپۆزیشنە پێکهێنراوەکان لەم گۆزارەیەشدا بە هەمان ئەندازە ناڕوونە، بەڵام ناشێت بە شێوەیەکی دۆگمایی بانگەشە بۆ ئەم واتاییە بکەین، لانیکەم دەتوانین ببێژین شتێکی نەشیاوی پەسەندکردنە. ئەگەر بتوانین ئەم بەڵگاندنە بە راست بزانین، ئەوکات کۆی پرۆژەی دیکۆنستراکسیۆنیی دریدا، لانیکەم لە فۆرمە پێرفێکتەکەیدا، لەسەر هەڵەیەک بنیات نراوە.

سەرباری ئەمە، دەتوانین ببێژین دریـدا، بە جەختکردنەوە لەسەر خوێندنەوەیەکی وردی کۆی تێکستی فەیلەسوفێک، لە چەشنی وێنە بەکارهێنراوەکان،

فۆرمی ئەدەبی (گفتوگۆ، نامە، قسە هێنانەوە و هتد)، و تەنانەت چۆنێتی نمایشکردنی تێکستێک لەسەر شانۆ، ئەوا خزمەتێکی سوودمەندی بە ئەنجام گەیاندووە. پەیوەستبوون بە کۆنسەپتی فەلسەفە وەکو چالاکییەکی ئاوەزیی، کە بە پێوەرە ئاوەزییەکان شیاوی هەڵسەنگاندنە، ئەوا بە واتای جەختکردنەوە نایەت لەسەر ئەم پێتە، کە تەنها فۆرمی شیاوی ئاوەزمەندێتی، فۆرمێکە، کە بەڵگاندنی ماتمانیکی یان لۆژیکی فۆرمالی بەخۆیەوە دەگرێت. بەڵگاندنی ئاوەزیی لە رێگە زۆرەکانەوە، هەندێکجار بەهۆی بەکارهێنانی وێنە یان مێتافۆر، یان بە نمایشکردنی روانینەکان لە فۆرمە ئەدەبییەکاندا، کە ئەوانە وەکو روانگەیەکی روون و ئاشکرا بە ئاسانی پەسەند بکرێن، دەشێت بەکاربهێنرێن. لەوانەیە دیکۆنستراکسیۆنی دریدا بشێت وەکو چەکێکی نوێ لە رەخنەی فەلسەفەیی بڕوانێت، نەک وەکو گۆڕانی ئاراستەی بنەڕەتی فەلسەفە، ئەمە لەوانەیە کەمتر وروژێنەر بێت، بەڵام مژدە بەخشترە.

**سەرچاوە:**

اریک ماتیوز، فلسفەی فرانسە در قرن بیستم، ترجمەی محسین حکیمی، انتشارات ققنوس، تهران، 1378، ص238–257.

---

* Deconstruction: کۆنسەپتێکی دێریدایە و بە نەشیاوی وەرگێڕان دەردەکەوێت. "De" نەرێکردنە و "Construction" واتای "بونیادنانەوە" دەبەخشێت نەک "بونیاد یان پێکهاتە"، کە لە کوردیدا بە هەڵە بۆی دادەنێن، چونکە "Struction" واتای "بونیاد یان پێکهاتە" دەبەخشێت. هەڵبەت لە زۆر شوێن و کتێب و نووسراوە و وەرگێڕانی دیکەدا، ئەم واژەیەی دێریدا بە هەڵە جێکەوت کراوە و پێویستە راست بکرێتەوە. یەکەمجار مارتن هایدگەر زاراوەی "Destruction"ی بەکارهێناوە، کە ئەم واژەیە واتای "هەڵوەشاندنەوە یان پێکهاتەشکێنی" دەبەخشێت، نەک "Deconstruction". مەبەستی هایدگەر لە دیستراکسیۆن ئەوەیە، کە فەلسەفەی خۆرئاوایی لە رۆژگاری پلاتۆنەوە تا

سەردەمی خۆی میتافیزیکی بەسەر "بوون"دا سەروەر کردووە و فەرامۆشی بوونی کردووە، بۆیە هایدگەر دەیەوێت پێمان بڵێت: من دیستراکسیۆن دەکەم، واتا تەواوی پێکهاتەی میتافیزیکی دەشکێنم، بەڵام دێریدا شتێکی دیکەی دەخاتە سەر، واتا دەیشکێنێت و لە هەمان کەرەستە پێکیدەهێنێتەوە، کە جیاوازە لە مێتۆدەکەی هایدێگەر. من واژەی "پێکهاتەشکێنسازی" پێشنیار دەکەم، کە واتای شکاندنی پێکهاتەکە و سازاندنەوەیشی دەبەخشێت، چونکە کاتێک پێکهاتەکە دەشکێنین، ئەوا لە هەمان کەرەستە جارێکی دیکە دەیسازێنینەوە، بۆیە من لێرەدا واژەی پێکهاتەشکێنسازی لە بەرانبەر "دیکۆنستراکسیۆن"دا پێشنیار دەکەم، ئەگەریش بە تەواوی واتای دیکۆنستراکسیۆن نەدات، بۆیە لەم تێکستەدا زیاتر دیکۆنستراکسیۆن دەنووسمەوە، پاشان لە پەراوێزدا پێکهاتەشکێنسازی دادەنێم. "وەرگێڕ"

1 Derrida, in ‹Dialogue with Jacques Derrida›, in Kearney, Dialogues, 107, f.

2 Derrida, Writing and Difference, trans. Alan Bass (London: Routledge & Kegan Paul, 1978).

3 تێبینی: ئەم کتێبە ساڵی 1996 چاپ و بڵاوکراوەتەوە و هەژی گۆتنێیە ئەمانوئێل لێڤیانس ساڵی 1995 مردووە و ژاک دێریداش لە ساڵی 2004 کۆچیی دوایی کردووە. «پێشڕەو»

4 جەختاندنی وەرگێڕی کوردی

5 مرۆڤی زمانباز و فێڵباز.

6 جەختاندنی وەرگێڕی کوردی

7 لۆگۆسێنتەریزم (Logocentrism): لۆژیکسێنتەری، لۆگیک تەوەریی، بە ناوەندیکردنی لۆگیک.

8 جیاوازیی (difference): ئەگەر تەواو واتای وشەکە ببەخشێت

9 Derrida, Margins of Philosophy, trans. Alan Bass (Chicago: University of Chicago Press, and London: Harvester Wheatsheaf, 1982), p. 293.

10 Derrida, La Dissèmination (Paris: Seuil, 1972); English trans. Barbara Johnson, Dissemination (Chicago: University of Chicago Press,

and London: Athlone Press, 1981).

11 graphe

12 logos

13 Plato, Phaedrus, 276 (quoted), in the trans, by Walter Hamilton, PlatoL Phaedrus and Letters VII and VIII (Harmondsworth: Penguin Books, 1973), 98.

14 Illusion (وهم)

15 Derrida, in ‹Dialogue with Jacques Derrida›, in Kearney, Dialogues, 111.

16 non–place

17 Ibid, 112.

18 نامەی لۆگیکی–فەلسەفەیی

19 پێکهاتەگەرایی یان بونیادگەرایی

20 مصداق

21 پاسیڤکردنی چالاکی

22 Dismantling (یان هێنانەخوار)

23 non–site

24 Ibid, 108.

25 وسوسە

26 See especially Richard Rorty, Philosophy and the Mirror of Nature (Princeton: Princeton University Press, 1979).

27 Derrida, Margins of Philosophy, 10936–.

28 خۆپەروەردەکار Autodidact

29 Soulless

30 Ibid, 118.

31 Ibid, 124.

32 Ibid, 127.

33 Derrida, Writing and Difference, 31–63.

## جاک دریداو بنەماو ستراتیژەکانی هەڵوەشانەوە

لوقمان رەئوف

پێشەکی

هەڵوەشانەوە بریتییە لەهەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکان ئیدی سەپێنراوبن، یان هەر پەیوەندێکی دی لەنێوان زمان و ئەوەی لەدەرەوەیەتی و، لەسەردەمێکی نوێی دوانەییەکانی گومان و یەقیندا سەریهەڵداوە، ئەمەش پاش ئەوەی سەدەی (19) بەدرێژایی لەسەریەقین کاریدەکردو بڕوای وابوو دەتوانن مەعریفەی یەقینی بهێنێنەدی، ئەمەش لەرێگەی پشنبەستن بە حەواسو متمانەکردن بەمەعریفەوە.

ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بزوتنەوەیەکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە دوانەیی دوو ئاڕاستەی پێچەوانە هەر لەو لەناوبردنەی کەئەوروپای گرتەوە، لەشەری جیهانی دووەمو بەکارهێنانی چەکی ناوکی لەلایەن ئەمریکاوە، لەهەردوو شاری یابانی (هێرۆشیما، ناکازاکی) ئەمەش هەستێکی مەترسیداری لەئەنجامە پراکتیکیەکانی تەکنۆلۆژیای دۆزینەوەی زانیاری دروسنکرد، ئەوەی بۆ جیهان سەلماند کە زانست شکستیهێنا لەبەدیهینانی خۆشی و ئەمان و مەعریفەی یەقینی، بۆیە لەبەرامبەردا سەردەمی گومانێکی خراپ سەریهەڵدا (گومانێک لەزانست لەبەدیهێنانی مەعریفەدا).

کەوایە ستراتیژیەتی هەڵوەشانەوە لەسەر بنەمای هەڵوێستی فەلسەفی دەستپێدەکات، هەڵوێستێک کەلەسەر گۆمان راوەستابێت، هەڵوەشانەوەکان، ئەم گومانەیان بەرەفزکردنی تەقلیدی، رەمزی بڕیارە متمانە پێکراو دادەنا، رەفزکردنی رژێمو دەسەڵات لەڕوانگەی مەبدەئەوە.

ئەم لێکۆڵینەوە پێکهاتوە لە بەشێک و ئەم بەشەش پێکهاتوە لە سێ تەوەرە

لەتەوەرەی یەکەمدا، باس لە روانینەکانی دریدا لەبنیادنانی ستراتیژی هەڵوەشەناوە کە خۆی لە (شۆڕش بەسەر عەقڵدا ،رەخنەی دەسەڵاتی ئامادە، شۆڕش بەسەر بونیادگەریدا ) دەبینێتەوە.

لە تەوەری دووەمدا، باس لە بنەماکانی هەڵوەشانەوە کراوە کە بریتین لە(مردن نووسەرو دەسەڵاتی خوێنەر نووسین، ستراتیژیەتی دەقئاوێزان، جیاوازی

و تەناسلی واتا)

لە تەوەری سێیەمدا باس لە ئەرکانەکانی هەڵوەشانەوەکراوە کە بریتین لە (خوێنەرو وەرگر، هەڵوەشانەوەو واتا ،زمان، ناکۆتایی دەلالەت)

روانینەکانی دریدا لەبنیادنانی ستراتیژی هەڵوەشەناوە

هەڵوەشانەوەی (deconstruction) گرنگترین مینۆدی پاش بونیادگەرییە لە رەخنەی ئەدەبیدا، چونکە بزوتنەوەیەکە خاوەنی مشتومڕێکی زۆرە بەشێوەیەک شەپۆلێکی سەرنجڕاکێشی لە ساڵەکانی دوایدا بۆخۆی دروستکرد، لە رابەرانی خۆی هەڵوەشانەوەش جگە لە دریدا (ج. هیلیس میلر، بول دی مان، جیفری هارتمن، هارولد بلوم) چ لەسەر ئاستی تیۆری یان پراکتیکی، هەموان پرسیار لەسەر ئەوە دەکەن، ئایا هەڵوەشاندنەوە لەناوبەرە یان نا؟ وەڵامدانەوەی ئەمەش بە بەڵێ یان نەخێر پێویستی بە رادەی ئاستی تێگەیشتنی وەڵامدەرەوە هەیە بۆ خودی هەڵوەشانەوەو بنەماکانی ئەم مینۆدە، باشترین هۆکار بۆ گەیشتن بەمە (Grammatdogy of) باری زانستی نوسینەوە.

٥. ئبرامز mh. Abrams گەورەترین و دیارترین بەش لە تیۆرەکەی دریدا بریتییە لەوەی گرنگی زیاتر بە زمان لە نووسیندا دەداث، دەڵێت لە نووسراو یان چاپکراودا وێنای دەق بە رێگەیەکی دیارینەکراو نائاساییە، نیوتن گارنەر (Newton garnar) یەکێکە لە شوێنکەوتوانی دریدا پێیوایە دریدا یەکێکە لە فەیلەسوفانی زمان و جەخت لەسەر پێشتری رەوانبێژی لە لۆژیک دەکاتەوە.

لەڕاستیدا هەڵوەشاندنەوە پێویستی زۆری بە شرۆڤەی نوێ هەیە، هەرکەسێک دەیەوێت کار لەسەر ئەم تیۆرە بکات، پێویستی بە پێناسەی هەڵوەشاندنەوە نییە وەک زەرورییەک، چونکە دەتوانرێت هەوڵی شیکاری زاراوە بنچینەییەکان بەو وێنەیەی دریدا دروستیکردوون لەپێناو هەڵوەشاندنەوەو لەناوبردنی رەخنەی کۆن و ئاسانکردنی کاری هەڵوەشاندنەوە.

ئاشکرایە کە هەڵوەشانەوە پەیوەستە بەرەخنەگری فەرەنسی جەزائیری جاک دریـداو نووسینەکانی یاخود کارەکانی بوونەتە پردێک کەلەرێگەیەوە هەڵوەشانەوە گوازرایەوە بۆ گۆڕەپانی رەخنەی ئەمریکی و پاشتر جیهان، لەراستیدا ئەم شۆڕشەی کەدریدا کردی، شۆڕشێکە لەسەر دەسەڵاتی عەقلو لەسەر

فەلسەفەی ئامادەو شۆڕش بەسەر بونیادگەری کەبیری ماندو کردوەو واتای بەواتا ئەقلیدیەکەی کۆتو بەندکرد.

-1 شۆڕش بەسەر عەقڵدا

فەلسەفەی رۆژئاوا بۆماوەیەکی دووردرێژ فەلسەفەیەکی عەقلی پەتی بووەو عەقل بووەتە شتێکی باڵاو بووتە پێوەرو پێوانەی مەعریفەو راستی، هەروەها تەحوکم بەرەسەنایەتی شتو بەهاکەی دەکات ((فەلسەفە لەسوقراتو ئەفلاتونو ئەرستۆو عەقڵی بەرەو سیمایەکی گرنگ بردووەو دەسەڵاتێکی چالاکی لەبواری بیردا پێبەخشیوە، لەدواجاریشدا خاوەن هێزێکی ناکۆتابوون1، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەعەقل لای فەیلەسوفە کۆنەکان پەیوەستە بەراستیەوەو دوای ئەمانیش لەلایەک میتافیزیکیا پشتی بەبیری ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی عەقل دەبەست و لەلایەکی تریشەوە بۆ دەسەڵاتی ئامادە.

هەموو ئەم جەختکردنەوەی عەقڵانیەکان لەبەرئەوەیە پێیانوایە کەبوون بەردەوام ئامادەیەو ئەمەش واتە واتاو چەمکو دەلالەت دیسان بەردەوام لەگەڵی ئامادەیە ، جگەلەمەش دیاریکراو و زانیاریە بەپێی بنچینەی عەقڵی کەباوەڕیان پێیەتیو کاری لەسەر دەکەن، بەڵام دریدا لەسەر بنچینەی عەقڵی ئەمەی وروژاندو دەڵێت ((نا ئامادەیی واتاو دارشتی دەلالەت هۆکاری کردنەوەی دەقی نوسراو فراوانکردنی لایەنی داتایی)).

-2 رەخنەی دەسەڵاتی ئامادە:

بێگومان ئەم روانینەی هەڵوەشانەوەییەکان لەسەر بنەمای گومانو رەفزی هەموو دابونەریتە میتافیزیکیەکانو بڕیارەمتمانەیەکانە((ئەوەی فەلسەفەی نوێ بڕیاری لەسەر دەدات، بریتیە لەبڕیاردان لەسەر میتافیزیکو دانانی سنوورێک بۆ هۆشیاری مرۆڤ ، چونکە ئەم هۆشیاریە لەخودی خۆیدا چەقێک بۆ گەردون دروستدەکات؟))2

هەڵوەشانەوەییەکان پییانوایە فەلسەفە لەئەفلاتونەوە تاوەکو هیگڵ بریتی بووە لەفەلسەفەی ئامادەو خودی تێچرژاوە لەناو هۆشیاریدا ((بەپێی فەلسەفەی ئامادە چەمکی شتەکان و بووەکان تێیدا لەوەسفەکانیشیانەوە شتی ئامادەن))3.

جگەلەمەش ((دریدا نکوڵی لەچەمکی ئامادەبوونی رەها دەکات ، ئەوەش

روونە کە وەک تیرێکی دەرچووەو لەهەر سائێک لەسائەکان ئامادەیە لەشوێنێکی دیاریکراودا، لەهەمانکائیشدا ئامادەنییە لەو سائەداو بەتایبەتی لەوشوێنەدا))4.

لەراستیدا شۆڕشی دریدا بەسەر فەلسەفەی ئامادەدا، وایکرد هۆشیاری بیریێت و دەورەی بداث و نەیتوانی خۆی لێ رزگار بکاث((کارکردنی دریداو لەکۆتایی رێگەدا وەک بەندکراوی میتافیزیکی مایەوە، بەندکراوی بۆ میتافیزیکای ئامادە، زۆرجار بەرەو هەڵوەشانەوەی برد، بەڵام نەیدەروخاند))5

3– شۆڕش بەسەر بونیادگەریدا

هەڵوەشانەوە لەئەنجامی بێزاربوون لەبونیادگەری هەوڵیاندا گیانی ئیستاتیکیو مەعریفی بگێڕنەوە بۆ جیهانی دەقی ئەدەبی، ئەمەش لەرێگەی تێکشکاندنی ئەو میکانیزمانە، بەبڕوای دریدا بونیادگەری رزگاری نابێث لەسەر میتافیزیکیای ئامادە، کەبنەمای سەرەکی لەرەخنەی دریدا عەقلی ئەوروپی پێکدێنێث، بەوپێیەی بونیادگەری کەلەبونیادەوە دەستپێدەکاث، هەر زوو جۆرێک لەهاوکاری لاهوتی فەرز دەکاث، بۆیە دریدا ئەم بونیادە هەڵدەوەشێنێ6، لەئەنجامی ئەم بنەماداریەش هەڵوەشانەوە هاث وەک شۆڕشێک دژی کۆتو دابەکانی بونیادگەریو خستنەڕووی ئەو شێوازە زمانیە وشکانە.

**بنەکانی هەڵوەشانەوە**

هەڵوەشانەوە خاوەنی چەند بنەما، یاخود رێگەیەکەو لەرێگەی ئەم بنەماو رێگەیانەوە ئاڕاستەی کارو شوناس دیاریدەکرێث:–

**1– مردنی نووسەرو دەسەڵاتی خوێنەر**

هەر لەکۆنەوە رەخنەی لاسایکردنەوە کاری لەسەر پیرۆزکردنی نوسەر دەکردو بەئاکە کەسی لەخۆگری واتاکانی دەزانیو خوێنەرانیش لەڕوانگەی ئەم رەخنەیەوە، شتێک نییە جگە لەسەیرکەرێک، دوائر مالارمێ قسەی لەسەر ئەوە کرد کە ((پێویستە ئەعویزی زمان بدەینەوە لەبری نووسەر))7.

هەڵوەشانەوە مردنی نووسەری راگەیاندو لەبریشی پێویستیەتی خوێنەری ئەدەبی دابڕاو لەنووسەرەکەی راگەیاند، ئەوەش لەدەقدا قسەدەکاث((بەهەموو شتەکانیانەوە دەلالەتەکانی«poly semic“ نەک خودی نووسەر))8

هەروەها بارث لەبارەی نهێنی لاوازی رۆڵی نووسەر دەڵێت ((رێژەی دەق بۆ نووسەر واتە وەستانو حەسرکردنی دەقو بەخشین بەمەدلولێکی کۆتایی ، ئەمەش واتە داخستنی نووسین))9.

بەهۆی راگەیاندنی مردنی نووسەرەوە، خودی نووسەر دەگۆڕێت بۆ کیانێکی ئەفسانەی، یان چەیکەرێکی بەردینی بچووک و نرخێکی وای نامێنێت، بەمەش پیرۆزیەتی نووسەر نەماو پەراوێز خراو خوێنەر بوو بەرهەمهێنی دەق، ئەمەش لەو روانگەوەیە کەپێویستە دەرفەت بۆ خوێنەر بڕەخسێنرێت، تاوەکو لایەنە شاراوەکانی دەق ئاشکرا بکاتو بۆشاییەکان پڕبکاتەوە، بەمەش خوێنەر لەرۆڵی پڕکردنەوەوە گۆڕا بۆ سەربەخۆبوون ،تاوەکو لەساتەکانی عشقو جوانیدا بـەدور لەکۆتەکان بژێن، کەوایە خوێندنەوە گفتوگۆیە لەگەڵ دەقـدا((دەق بوونی نییە تەنها لەکاتێکی لێکۆڵینەوەدا نەبێت و تەنها لەرێگەی خوێنەریشەوە ئامانجەکانی دەپێکێت)).

**2–جیاوازی و تەناسلی واتا:**

هەڵوەشانەوەکان وتەی بوونی واتایان رەتدەکردەوەو لەسەر چ بنەمایەک دەڵێن واتا ئامادەیە، بۆیە رێـرەوی واتا لەسەر بنەمای جیاوازی وەستاوە، هەروەها هەڵدەسنێت بەکارێکی گرنگ لەبەدیهێنانی واتادا ،کەبەردەوام دەبێت لەنائامادەبوونو هەیمەنەی ئامادەبوون رەفزدەکات.

**3– ستراتیژیەتی دەقئاوێزان:**

هەرچەندە وەک بوونی بابەتی دەقئاوێزان لە ساڵی 1929 ت.س.ئەلیوت ئاماژەی پێکردووە بەوەی هیچ دەقێک بێ مانا نییەو پاشانیش شلۆفسکی روسی دێت بـەڵام، رەخنەگری روسی (باختین) یەکەم کەسە ئاماژەی بەمەدلولی دەقئاوێزانیکردوە لەبەرگی دیالۆگیەتیداو کریستڤاش پێیوایە ((هەموو دەقێک برینیە لەئابلویەک لەوەریگیراوەکان10))

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەموو دەقێک ئاکامی کۆبوونەوەی چەند دەقێکی ترە، رۆلان بارتیش ئەم دەقئاوێزانەی فراوانکرد، لە هەمانکاتدا نکۆڵی

لەپێکدادانی شارستانیەتەکانو کرانەوەی رۆشنبیریەکان ناکات، بۆیە دەڵێت ((دەقئاوێزان وەک ئاڵوگورکردن وایە ، یان وەک گفتوگۆ بەیەکەوە دەبەستن، یەکیەتی کارلێکی لەنێوان دوو دەق یان زیاتر لەدەقدا رووبەڕووی چەند دەقێک دەبێتەوەو یەکێکیان مەفعولی ئەوی تریان لاواز دەکات11))

کەوایە دەق لای بارت لەچەند نووسین پێکدێتو خاوەن چەند رۆشنبیرێکەو گفتوگۆ لەنێوان خۆیاندا دەکەن، بەم پێیەش بێت دەقئاوێزان تەکنیکێکە لەتەکنیکەکانی نووسین ،بۆیە نووسەر هانای بۆ دەبات، لەگەڵ ئەمەش دەقئاوێزان بەمیکانیزمو شێوازی جیاواز دەبێت، بۆیە خویندنەوەی هەڵوەشانەوە بازنەی دەقئاویزان فراواندەکات، بەتایبەتی کاتێک خوێنەر بەرهەمهێنی دەقە.

4-نووسین:

ئەگەر زمان بنیادنرابێت لەسەر جیاوازی، ئەوا دەقی ئەدەبی یان فەلسەفی بنیاد دەنرێت لەسەر بنەمای کۆمەڵێک رستە لەجیاوازیەکان، ئەمەش واتە نووسین شتێک نییە جگە لەپرۆسەی دەرخستن، یان بەرجەستەکردنی ئەم جیاوازیانە، لەگەڵ ئەوەی بریتیە لەپرۆسەیەکی تەنهاو زمان وەک هۆکاریک بۆیاریکردن بەواتاکان لەناو دەقەنوسراوەکاندا، واتە ئەوانەی کەبەرجەستەکراون، لەگەڵ ئەوەی نووسین خاوەن چەندین قۆناغی گەشەکردنی بیری مرۆڤایەتیەو لەیۆناندا((فەیلەسوفەکان رقیان لەنووسین بوو، چونکە نووسین سوڵتانی راستی فەلسەفی لەناو دەبات))12.

((درێدا کاری لەسەر ئەوە دەکرد کەدابڕان لەنێوان زمانو قسەو نووسینو دەنگ...تاد لەو دوانەییانەی کەسۆسێر پێشکەشیکردون، ئاماژە بەوە دەکات کەلێکچوون لەنێوان وشەو داتاکانیاندا پێشتر لەبووندا نییە، ئەگەرنا چۆن زمانی جیاواز هاتنەئاراوە)) لەئەنجامی نەفیکردنی میتافیزیکیای ئامادەو درێدا کاری لەسەر دالی شرڤەکاری بەشەفافیەتی زمان ناوی دەبات.

جوناسان کلر دەڵێن ((نووسین زمان پێشکەشدەکاتو بەپێی وەسفەکەی زنجیرەیەک نیشانەی بیزاوەو لەئامادەنەبوونی قسەکەر کاردەکات))13

یاخود((نووسین خۆی رێگەی بەوانی تر داوە بیناسین وەک ئەوەی کەهەیە

، یان وەک ئەوەی ناوی لێدەنین "خودی ناوخۆیی، یان راستی کەلەئامادەییدا نابینرێت تەنها لەئاماژە نووسراوەکاندا نەبێت))14 لەراستیدا ئەم نیشانە نووسراوانە ئەوەی کەنیشانە دەربڕاوەکان بەجێهێشوە تەواو دەکات هەر لەکەموکوڕیو بۆشایی، لەمەشدا دوانەیی ئامادە کاردەکات، بۆیە نووسین یارمەتیدەرە بۆ گەڕانەوەی خودەکانو وا لە شاعیران بکات بگەنە ئەو راستیە نائامادەییە، لەرێگەی گەشتی بەردەوام و لەرێگەی زمانەوە، کەسروشتێکی نهێنی لەخۆگرتوە، کەوایە نووسین کردارێکە وەستان نازانێتو بەردەوام بەدوای مانای هەمەجۆردا دەگەڕێت، یاخود هەولێکە بۆناسینی ماناکان، چونکە ناو شتە نادیارەکانو وا لەنووسەرو خوێنەردەکات، هەولبدات بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی نهێنییە بەشێوازی زمانی نوێ، کەلەسەر بنەمای رەمزیو کرانەوەو هەمەجۆری ، کەوایە بیرمەندانی هەڵوەشانەوە لەکۆتایدا بەدوای ماناو دەلالەتەوەن، نووسینیش یەکێکە لەهۆکارو ستراتیژیەکان کەبەکاریدەهێنن، بەوەی نوێنەری بەرهەمی داهێنەرەوە دەمێنێتەوە.

### ئەرکانەکانی هەڵوەشانەوە

1- خوێنەرو وەرگر: گرنگترین رۆڵ لەستراتیژی دەقئاوێزاندا بریتیە لەرۆلی خوێنەر نەک نووسەر، یان نیشانەو نەسەق، یان زمان، تەنها خوێنەرەکە واتاکان بەرجەستەدەکات و دەیانخاتەڕوو، چونکە بەبێ ئەم رۆڵە نە دەق، نە زمان و نیشانەو نە نوسین نییە،بۆیە گفتوگۆی هەڵوەشانەوەکان دەبێت لەمەسەلەی خوێنەرو ئەزموونی وەرگرەوە دەستپێبکات، چونکە پێش رووداني هیچ شتێک نییە.

لای فەیلەسوفانی هەڵوەشانەوە ستراتیژەکان و لەخوێنەردەکەن مامەڵە لەگەڵ نەزانراوی دەقی نوێدا بکەن، لەگەل شتە زانراوەکاندا، گادامر( جەخت لەسەر راستی بنچینەیی دەکاتەوە شیکاری زۆر وا لەخوێنەرو هەڵوەشانەوە دەکات، یەکەم ئاسۆیەکی رۆشنبیری کراوەو داخراو بوونی نییە، دووەم پەیوەستەیەکی ئاشکرا لەنێوان پێکهاتەی ئاسۆیی مێژوویی و تاکیدا هەیە، کەوایە خوێنەر ئازادەو ئازادیەکی وای هەیە کەبتوانین لەهەر سوچێکی دەقەوە بچێتە ناو دەق، ئەمەش واتە نەمانی نووسەر.

-2 هەڵوەشانەوەو واتا: قسەکردن لەسەر مانا لەڕوانگەی هەڵوەشانەوە لەسەر دوو بنەمایە :

ا-کەمتەرخەمی بونیادگەری لەهێنانەدی دەلەلاتو مانا، هەروەها خاڵی سەرەتایی‌و کۆتاییشە کە وەک پەرچە کردارێکی راشکاو وەک شکستی بونیادگەری ، لەهەمانکاتیشدا دەروازەیەکی سەرەکی چونە ناودۆزەکانە.

ب- هەڵوەشانەوە دەردراوە(افـراز): سەردەمی گومانی تەواوە کەباڵی بەسەر هەموو شتەکاندا کێشاوە و کار لەسەرئەوەیە کەشرۆڤەی ناکۆتایی دەلالی لەسەر وەستاوە، لەهەمانکاتدا نکوڵی لەبوونی شرۆڤەیەکی باوەڕپێکراو دەکات.

-3 زمان: واتا لەنێوان دال و مەدلول، نووسەر لەڕوانگەی هەڵوەشانەوە پاش بەرهەمهێنانی دەق دیار نامێنێت‌و دەمرێت»دەق داخراو و کۆتایی نییە بەڵکو لەبەردەم خوێنەردا کراوەیە15“

-4 ناکۆتایی دەلالـەت: هەڵوەشانەوە جەخت لەسەر ئەو دەکاتەوە، کەدەلالەتەکان بێکۆتایین‌و خوێندنەوەکان جیاوازیان هەیەو هەر خوێندنەوەیەک کاری خراپ لەسەر خوێندنەوەی ئاکامەکان هەیە، نەک ستراتیژیەتی شرۆڤەکان.

### ئەنجام

لەئەنجامی ئەم لێکوڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە :

1- هەڵوەشانەوە وەک پرۆسەیەکی پرۆگرامی کار لەسەر شرۆڤەکان دەکات‌و زۆر بەهەستیاریش کار لەسەر دەقەکان دەکات.

2- خوێنەرو وەرگر رۆڵی سەرەکی لەبەرهەمهێنانی ماناو دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی دەقدا هەیە.

3- نووسەر کاری نووسینەوە دەگەیەنێت‌و جگەلەم کارەی هیچ رۆڵێکی نییە.

4- لای هەڵوەشانەوە ماناکراوەیەو کۆتایی نییە.

**سەرچاوەکان**

1. د.بشير ثاوربريث، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، دار رسلان ، دمشق،2008

2. جاك دريدا، الكتابة الاختلاف، ترجمة كاظم جهاد ، تقديم محمد عدل سيناطر، دار توبقال للنشر ، المغرب، 1988

3. تيري ايطلتون، مقدمة في نظرية الادبي، ترجمة احمد حسان، دار الكتب العربية ، القاهرة،1996

4. رولان بارث، درس في السيمولوجيا، ترجمة عبدالسلام بن عبدالعالي، دار توبقال ، المغرب،1986

5. رولان بارث، نقدو حقيقة ، ث: منذر عياش،1994

6. رامان سلدن، النظرية الاديبة المعاصرة: ترجمة سعيد الغانمي، دار فارس للنشر والتوزيع، المغرب، 1996،

7. حبيب شبيل، من النص الي السلطة الثاويل، مجلة الفكر العربي المعاصر، اذار، حزيران1991

8. سارة كوفمان ،روجية لايورث، مدخل الي فلسفة جاك دريدا، تفكيك الميتافيزفيا

9. عبدالله ابراهيم و اخرون: من معرفة الاخر مدخل الي المناهج، النقدية الحديثة،

10. د.عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدية، عالم المعرفة،1998،

11. عبدالله ابراهيم ، المركزية الغربية و اشكالية التكون و التموكز حول الذات ،

12. عبدالعزيز عرفة،التفكيك والاختلاف والمرجا، مجلة الفكر العربي المعاصر، مركز الانماء القومي كويت،199

---

1 –عبدالله ابراهيم ، المركزية الغربية و اشكالية التكون و التموكز حول الذات ، ص 321

–2عبدالعزيز عرفة،التفكيك والاختلاف والمرجا، مجلة الفكر العربي المعاصر، مركز الانماء القومي كويت،1991، ص71

3 –د.بشير تاوريريت، التفكيكيةفي الخطاب النقدي المعاصر، دار رسلان ، دمشق،2008، ص

4 –د.بشير ،ص40

5 –سارة كوفمان ،روجية لايورث، مدخل الي فلسفة جاك دريدا، تفكيك الميتافيزفيا، ص46

6 –جاك دريدا، الكتابة الاختلاف، ترجمة كاظم جهاد ، تقديم محمد عدل سيناطر، دار توبقال للنشر ، المغرب، 1988، ص246

7 –رولان بارث، نقدو حقيقة ، ت: منذر عياش،1994 ص17

8 –تيري ايطلتون، مقدمة في نظرية الادبي، ترجمة احمد حسان، دار الكتب العربية ، القاهرة،1996، ص167

9 –رولان بارث، درس في السيمولوجيا، ترجمة عبدالسلام بن عبدالعالي، دار توبقال ، المغرب،1986، ص86

10 –حبيب شبيل، من النص الي السلطة التاويل، مجلة الفكر العربي المعاصر، اذار، حزيران1991، ص93

11 –عمر اوكان، لدة النص و مغامرة الكتابة لدي بارث، ص29

12 –رامام سلدن، النظرية الاديبة المعاصرة: ترجمة سعيد الغانمي، دار فارس للنشر والتوزيع، المغرب،1996، ص137

13 –عبدالله ابراهيم و اخرون: من معرفة الاخر مدخل الى المناهج، النقدية الحديثة، ص130

14 –عبدالعزيز حمودة ، المرايا المقعرة، ص130

15 –د.عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة، عالم المعرفة،1998، ص302

## جاک دریّدا لەنێوان زمان و فەلسەدا

لەعەرەبیەوە: هێمن مەحمود حەمە

ئایا ئەمڕۆ گەر فەیلەسوفێکی فەرەنسی بیت چ مانایەکی هەیە؟ (جاک دێریدا) لەساڵی 1999 وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و دەڵێت (لەسەر فەیلەسوف پێویستە خاوەنی هیچ پاسپۆرتێک نەبێت، نەک هەر ئەوەندەش بەڵکو نابێت خاوەنی هیچ ئەوراقێکیش بێت، نابێت داوای هیچ تەئشیرەیەکیشی لێبکەین، وەک چۆن نابێت نوێنەرایەتی هیچ ڕەگەزێک یان نەتەوەیەکی دیاریکراو یان سەر بەهیچ زمانێکی دیاریکراو بێت).

ئەوەش لەبەرئەوەی کە فەلسەفە کەلەپورێکی مرۆییەو و ناڕواتە ناو هیچ چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هاوڵاتیبون یان دەوڵەتەوە، تەنانەت دوریشە لەچەمکەکانی ڕژێمە سیاسیەکانەوە، بەڵام یەکێک لەفەیلەسوفە فەرەنسیە گەورەکان ئەوەی بەگرنگ زانیوە لەسەر فەیلەسوف کە بەزمانی دایک بنووسێت و لەناو هەمان زماندا زمانێک بدۆزێـتەوە.

(جاک دێریدا) ساڵی 1930 ی لە جەزائیر لەدایکبووە ،ساڵی 1942 بەپێی یاسای دژە سامیەت کە دەسەڵاتدارانی فەرەنسی بەسەرۆکایەتی (ڤیشی) دەریانکردبوو لە قوتابخانە دووردەخرێتەوە.

دوای ئەوەش کە تەمەنی بوو بە نۆزدە ساڵان(دێریدا) گەڕایەوە پاریس بۆ ئەوەی خوێندنەکەی لەخانەی مامۆستایانی باڵا تەواوبکات و دوای دوو ساڵ لەو مێژووە توانی بخوێنێت.

بەپێی یاسای فەرەنسی دەبوو لەنێوان خزمەتی سەربازی یان وتنەوەی زمانی فەرەنسی لـەدەرەوەی وڵات یەکێکیان هەڵبژێرێت، هەر بۆیە ئەوەی دووەمیانی هەڵبژارد و لەوڵاتی جەزائیر لەیەکێک لەپەیمانگاکان وەک مامۆستا دەستبەکاربوو، کاتێکیش گەڕایەوە پاریس وەک مامۆستای یاریدەر لەزانکۆی سۆربۆن دەستبەکاربوو.

لەساڵی 1964یـش وەک مامۆستایەک لەخانەی مامۆستایانی باڵا دەستبەکاربوو، هەتا ساڵی 1984 مایەوە تا ئەو کاتەی بۆ پەیمانگای دیراساتە

باڵاکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان هەڵبژێردرا، دواتریش بوو بەسەرپەرشتیاری خوێندن لە پەیمانگا فەلسەفیەکان کە لەسەر پێشنیاری خۆی دروستکرابوو.

جگە لەم ژیاننامەیە(دێریدا) ژیاننامەیەکی جیاوازتری دیکەی هەیە کە کۆمەڵێک تەگەرە خستنە بەردەم و بیانو هێنانەوە دەگرێنەوە، کە لەبەردەمیدا قوتکراونەتەوە بۆ ئەوەی ناوبانگی لەبواری فەلسەفی ئەکادیمیدا تەشەنە نەکات، ئەمە جگە لەوەی لە زانکۆکان و دەزگا فەرەنسیەکانیشدا جێگای نەبێتەوە، کە هەر ئەمانەش بوو وایلێکرد کە نە لە(سۆربۆن) و نە لە(کۆلێژی دی فرانس)هیچ کورسیەکی مامۆستایی دەستنەکەوێت، هەروەها زانکۆی(نانتێر)یش ئەو پەیمانەی خۆی نەبردە سەر بەوەی کە کورسیەکی پێبدات، لە کاتێکدا ئەم فەیلەسوفە ناوبانگێکی بەرفراوانیشی هەبوو، چەندین سودیشی بەخشیبوو کە هەر لە ئەمریکاو ژاپۆنەوە هەتاوەکو وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و ڕوسیاشی دەگرتەوە.

پەیوەستبونە چارەنوسسازەکەی (دێریدا) بەفەلسەفەوە وای لێنەکرد، کە شوێنێکی گونجاو و چاکی لەنێوەندی پیاوانی فەلسەفەدا پێببڕێت، ئەمە جگە لەوەی لەناوەندی زانکۆیشدا هەر لە پەراوێزی کاری فەلسەفی زانکۆ و دەزگاکانیدا بوو.

دواتر ئەم هەڵوێستە وا پێویستدەکات یەکەمجار و بەر لەهەموشتێک شێوازێکی فەلسەفی ئاشکرا دابهێنرێت وەک چۆن ئەوە حاڵی ڕەوتە فەلسەفیەکانی دیکە بوو، ئەوانەی کە لەنیوەی دوهەمی سەدەی ڕابـردوودا دەرکەوتن کە بەسارتەر دەستپێکرد، تاوەکو دەگات بە (دۆلۆز و بادیۆ و باشلار و لیڤی شتراوس و میلۆبۆنتی و لاکان و تەنانەت فۆکۆش).

لێرەدا فەلسەفە لە زماندا پێکدێت یان زمان لەناو فەلسەفەدا پێکدێت بەجۆرێک وا پێویست دەکات لەیەککاتدا لەڕێگای مانای موجەرەد لەزماندا و لەڕێگای نووسینەوە بێت.

ئەم گرنگیپێدانە گەشەکردوەش لەلای دریـدا وایلێکرد کە زمانێکی تایبەت بەخۆی بەکاربهێنێت، نووسینیش بەم زمانە هاوکاتە لەگەڵ خستنە ڕووی قەناعەتە میتافیزکیە ڕۆژئاواییەکان بۆ مشتومڕ، کە (دێرێدا) لەژێر چەمکی هەڵوەشاندەوە(التفکیک) دا لێی ڕوانیوە.

بەڵام ئایا دێریدا مەبەستی لە هەڵوەشاندوە چیە ؟

بەدڵنیاییەوە ئەوە سیاقێک نییە یان تیۆرەیەک نییە بەقەدەر ئەوەی پرۆژیەکە لەدڵی فەلسەفەی ئەوروپیدا و شۆڕشێکیشە دژی چەمکەکانی، هەروەها خۆجیاکردنەوەی بیری ڕەخنەشە لەکەلەپورە فەلسەفیە تەقلیدییەکە.

چەمکی هەڵوەشاندەوەگەراش بە زەرورەت بەماناکەی(هایدگەر) نایەت، یان بەوەی کە فرۆید لەچەند لێکۆڵینەوەیەکدا شیکردۆتەوە و پێیگەشتووە، بەڵکو مەبەست لێی شیکردنەوەی ئەو ڕێسایانەیە کە دەبنە بنەڕەتێک بۆ دروستبونی تیورەی مەعریفە لەفەلسەفەدا.

بەهۆی خوێندنەوەیەکی جدی کارەکانی(هۆسرێڵ)ەوە، دێریدا لەکتێبی (DELA GRAMMATOLOLOGIE) کە لەساڵی 1967 دا بڵاوبویەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە پێویستە لەسەرمان نموزەجی عەقڵی یەکەمین (ئەو عەقڵەی کە لەئەفلاتونیەتی تازەدا خالیق و گەردونی لەیەک جیادەکردەوەو هەر لەسەردەمی ئەغریقیە پێشوەکانەوە پلەیەکی باڵاتری دەدا بەوشە و دەنگ و گوفتار) بگۆڕین بەنوسین بەو سیفەتەی کە نووسراوێکی داڕێژراوە و توانای ئەوەی هەیە کە دەق لە ناوەڕۆکە ئەسڵیەکە جیابکاتەوە و بیکات بە پردێک بە مەبەستی (هەڵوەشاندەوەی ڕەمزەکانی) و(خوێندوە)ی بەشێوەیەکی ناکۆتا.

هەربۆیە دێریدا لێرەوە لەژێر کاریگەری ئەزمونی زۆرێک لە دەقە فەلسەفیەکانی (پلاتۆن و هیگڵ و هایدگەر و ئەرستۆ و نیچە وکانت و مۆنتینی و مارکس و کیرکەگۆر) و چەند لێکۆڵینەوەیەکی دەرونی (فرۆید و لاکان) و دەقە ئەدەبیەکانی (کافکا وپلانشۆت و لیری و جۆیس و بدنگ و پاتای و مالارمیە)کار لەسەر چەمکی(هەڵوەشاندنەوە) دەکات، بەوەی کە (هەڵوەشاندنەوە) دەکەوێتە بەرەی دژی هەمو ئەو مەنهەجە فەلسەفیانەی دیکە، تەنانەت ئەوانەشی کە دەرگا لەسەر خوێندنەوەی سنورداری دەق دەکەنەوە، کە ئەمەش لەمەنهەجیەتە تەقلیدیەکاندا ڕوونادات.

دێریدا چەندین شێوازی تازەی لەنووسیندا داهێنا کە ڕێگای ئەوەیان بۆ خۆشکرد، کە ببێت بەخاوەنی ئەزمونێکی زۆر لەنووسینی شێوە جیاواز کە وایلێکرد دوبارە بیر لەهەمو(المسلمات)ە، ئەدەبی و بەدیهیاتە فەلسەفیەکان

بکاتەوە.

بەمجورە بەکارهێنانی زمان و دەرچوون لە سنورەکانی و وەسفکردنی بەوەی یەکێکە لەئەرکەکانی فەلسەفە، لەوانەیە ئەو هۆکارە سەرەکیە بێت وەهایکردبێت لە فەیلەسوفە موحافیزکارەکان، کە بەهیچ جۆرێک لەجۆرەکان لەگەڵ دێریدا پێکنایەنەوە.

**سەرچاوە:**

- سایتی الصباح، لەفەرەنسیەوە بۆ عەرەبی، ئەحمەد عەلوان تەقی.

# جاک دریدا و تیۆری لێکهەڵوەشاندنەوە

روجر جۆنز

لە عەرەبییەوە: عومەر رەسوڵ

خودی زمان ناوەڕۆکی هەمان نووسینە بە مانا گایتاری سبیفاک(Gayatri spivak) تێبینی ئەوەی کردووە کە شتێک لە ناویدا هەیە کاریگەری لەسەر گۆڕانی هەمیشەیی جێهێشتووە، واتا بنیادی دەرون، بنیادی سمبولی، کە دریدا ناوی لێناوە بنیادی (نووسین) سبیفاک ئەم تێبینیەی خوارەوەی سەبارەت بە شیکاری چەمکی نووسین دەخاتەروو، بەوجۆرە دەبینین نووسین ناوی ئەو بنیادەیە کە هەمیشە کاریگەری لەسەر جێدەهێڵێدرێت و دەمێنێتەوە.

ئەم چەمکە بەرفراوانترە لە چەمکی ئەزموونی نووسین، کە وابەستە و ئاماژەدارە بە وەرگرتنەوەی بەڵگە و رەوشی ئەزموونی لەسەر جەوهەری.

دریدا ناوی لێناوە( نووسنی رەسەن) بە جیاوازی لە نێوان ئەم نووسینە و چەمکی نووسینی کرچ و ئاسۆ بەرتەسک.

نووسینی رەسەن کار لەسەر گۆڕانی نووسین و نانووسراوی بیەکان دەکان.

نووسین بە مانا بەرتەسکەکەی تەنها نووسینە (گرافیک) (graphic) کە پشتبەستە بە رێچکەیەک ، کە لە راستیدا تەنها دالی (بەکاربراو) باوە، بەڵام لە تیۆرە لێکهەڵوەشانەوەکەیدا کە دریدا رەهەندەکانی دیاری کردوون، کاری نووسین مانایەکی تری وەرگرتووە لەو مانا باوە کۆنەی بەکاردەهێنرا دەتوانرێت بگوترێ شێوازی نووسینی (graphe) گرافیما-کاریگەری چەسپێندراوە (-institutionalized go. p. 46) تیۆری لێکهەڵوەشانەوە بەوە بووە جێگای سەرنج کە بەرەو سەنتراڵی شێوازی نووسینی ماندار بێت، کە ناوەڕۆکی بەرفراوان لەخۆبگرێت بەهۆی کاریگەری رەوشباوی، لەبەرئەوە ئەو گۆڕانکاریەی دریدا کردی گۆڕانکارێکی ئەوەندە گرنگ نەبوو سەبارەت بە چەمکی قسەکردن لە بەرامبەر چەمکی نووسیندا بە بەراورد بەو چەمکە باوەکانی ئەم زاراوەیانە.

ئەو تەنها لە جوغری نووسیندایە، بەو مانایەی دریدا دیاریکردوە بەو ئاراستەی کە رەوشی چەمکەکان بەرەو ئاراستەی عەقڵ و وێنا و ئەرک و

کاریگەری لەسەر چەندین جۆر پێناسە و زانیاری دەکات و هەموویان سەرافەتیکەر و ڕێڕەوکردنی هزر و درکن.

کاریگەری لێکردن سەرەتا بە شێوازی پۆترێت، (وێنای شەخسی) چەسپی دیواری (پۆستەر) و وشەی دەربڕدراو (گوتراو و وشەی نووسراوە و ..هتد)

سەنترالی دەربارەی نووسینی هزری تازە ئەرکی کاریگەری جێهێشتنە.

من کاتێ وێنای وێنەیەکی شەخسی دەکەم، هزر و عەقڵم دەکەوێتە کار بۆ تێگەیشتن لە ئەدگارەکانی ئەو وێنەیە.

(واتا گەڕان بەدوای شتێکدا کە تارمایی خستنەسەر وێنەکە) ئەوەیە ئەرکی جیاوازی تێڕاوانین.

لە کاتێکدا مۆرکی تارمایییەکە خۆی کاریگەریەکەیەتی چونکە کارلێکردن خۆی بوونی نییە، دەتوانرێت تەرخانبوون لەسەر نووسین درکێکی ئیدراکی هەستێکی تازەیە، چونکە شتێک، شتێکی نەبوو، مۆرکی جێهێشتووە (مۆرکی تارمایی) لەسەر ئەو بابەتانەی کە جوڵەیەکی دیاریکراو لەناو مێشکدا دروستدەکەن، (ئەو مۆرکی تارماییانە کاریگەری دەخولقێنن) ئەم کارەش سەرەتا لە ڕەوشی جیاوازی و خواستە (نابوزخواردن 20) چەمکی زمانی باو وەک ئەفسانە دەخرێنەڕوو، کە لەناوەڕۆکیدا برینیە لە شتێکی شاراوە، وەک نزیکی دەنگ لە مەدلول و ...هتد.

تێبینی دەکەین کە توخمی شاراوە بابەتی میتافیزیکە، میتافیزیکیا زاڵبووە بەسەر تێگەیشتنمان لە زمان.

دریدا سیغەی ئەو زاراوانەی کردوەتەوەو بە چەمکێکی تازە دایڕشتوونەوە تەنانەت لە چەمکی زمانیشدا، کە لە میتافیزیک ڕزگاری دەبێت بەلابردنی لێڵی و سەرسوڕمان بە جۆرێ تەواو لە لێڵێتی ڕزگار دەبێت لەراستیدا لابردنی لێڵی و ناڕۆشنی بەمانای لابردنی ئەفسانەشە.

ئەمە دروستە کە بڵێین لێکهەڵوەشاندنەوە، سەرەتا بەلابردنی نادیار و ئەفسانە لە تێگەیشتنی چەمکی زمانی باودا، دەستپێدەکات.

لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر سێ تەوەرە، سەبارەت بە تیۆری لێکهەڵوەشاندنەوە.

قۆناغی یەکەم برینیە لە تیشک خستنەسەر چەمکی گوتن و نووسین، کە پێکهاتووە لەسەر دوو مەسەلەی بنەڕەتی ئەو هۆیەی کە دەڵێت، گوتن پێشترەو

نووسین دواتر پانتایی نێوانیان چەندە کە میتافیزیک کاریگەری کردوونەسەر.

لە قۆناغی دووەمدا دەربارەی ئەو گوتەیە کە دەڵێت : وێژەی تازە شێوازێکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی هێنایەکایەو کردیە بوارێکی زانستی.

کە برینیە لە دوو مەسەلەی بنەڕەتی و جەختکردنەوە لەسەر چەمکی دەربڕین و شێوازی چەمکی کۆن بۆ دەربڕین و نووسین، چونکە وێژەی نوێ بۆتە قوربانی میتافیزیک، بەشی دووەم پێکدێت لە باسکردنی زاراوەکانی دریدا و هەڵسەنگاندنی (ناکۆکی و کاریگەری نووسینی رەسەن، ئیشکمان خستەسەر مانای زاراوەی سەنترالی دەربارەی نووسین لە تێڕوانینی دریداوە.

لەسەر ئەو بنەمایەی پێشوتر، تێگەیشتنمان بۆ زمان گـۆڕاوە، ئەی چارەنووسی رەخنە چیی لێدێت؟ وەڵامـدانـەوەی ئەمە بە گریمانەی ئەوە دەستپێدەکات، کە ئەدەب شێوازێکە لە شێوازەکانی نووسین شعر یان چیرۆک یان هەر کارێکی تری ئەدەبی بنەمای وروژاندنیە.

ئەو وروژاندنەی کە دەزانین مۆرکی تارماییە چۆنێتی ئەو نازانین، بەڵام بەرجەستەیی و بوونی دەزانین، بەڵام رەخنە کە بەشێوەیەکی بنچینەیی دەزانین باسێکی وشەییە–رستەیە–دەقە ، یان هەر شتێک مێشک بجوڵێنێت لە خاڵی درکی هەستێکی دیاریکراو بۆ فاکتەری لێکۆڵینەوە بە میکانیزمی هێزی تەوەرەکە، کە بە گومان دەستپێدەکات ئەو گومانەی کە پشتبەستەبە جوڵاندنی هزر و خاڵی درکی قەناعەت پێکردن.

رەخنەگر گومانی لە بەرهەمێک هەیە، کە ئەو بەرهەمە (وشەیەک یان رستەیەک یان چیرۆکێ وێنەیە ، پۆترێتێ بێت.) چونکە ئەو دەگاتە ئەو بڕوایەی ئەو شتەی دەیبینێ هەموو شتێک نییە.

بەڵکو شتێکی تر هەیە ئێمە تەنها بەو شتانەی کە هەن دەستبەردار نابین، بەڵکو دەمانەوێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین و زیاتر بچینە رەهەندەکانیەوە نهێنیەکانی بدۆزینەوە، چونکە وا هەست دەکەین شتێک دیار نییە، یان شتێک تێیدا نییە لەوەی ئێمە وێنای دەکەین لە نووسینی رەسەنایەتی بنچینەییدا.

ئەم هەستکردنە هەمیشەییە لەوەی شتێک تێدا دیارنیە ئەمە تەعبیرە لە نووسینی بنەچەییدا، بەڵام وێنە شێوازێکی ترە مۆسیقاش جۆرێکی ترە نووسینی

رەسەن کار لەسەر مۆرکی وروژاندنی بابەتەکان دەکات کاریگەری زیاتر لە شێوەی جێ‌پێ دەچێت، ئەو کەسە کێیە لەسەر خۆڵەکە رۆیشتووە؟

کەسێک رۆیشتووە و دوای خۆی جێ پێی جێهێشتووە، هەموو ئەو جێپێیانە ئەوەمان وەبیر دێنێنەوە، بەڵام ئەو نادیار و ونە، ئەمە لەگەڵ خۆیدا غەمگینی دێنێت ئەمە درکی راستەقینەمانە ئەمە دەبێتە مەینەتی بۆ ئەزموونمان، کە تێیدا ئەوە ئاشکرادەکەین ناتوانین ئەو کەسە نادیارە بدۆزینەوە، لەگەل ئەوەشدا کە مۆرکی هەیە و لە هەوڵداین، هەر جێ شوێنێکی دوای خۆی جێیهێشتووە و شتێکی غەریبە ئەمە مۆرکێکە و یاریدەی ئەوە دەدات تێی بگەین.

رەخنەگرتنی کلاسیکی هەر لەسەر هەڵدانیەوە هاوتابووە بە فکرەکەوە لە رێگای رووبەروبوونەوەی کاری ئەدەبی، بۆیە ئیتر رەخنەکە بۆ دۆزینەوەی مانایە، بۆیە مانای بیرۆکە یان چەمک دەشێ ببێتە چەمکێکی تر، بەردەوامبونیشی بەو پاشکۆییە هەتا تێکەڵاو دەبێت لەگەڵ بیرۆکەیەکی هەمیشەیی باڵا-یان راستەقینەی بەرز.

بەڵام ئێمە پەی بەو راستیە نابەین و پێی دەڵێین (مانا)، لە راستیدا مەسەلەی فکرەکە- پەناو سەرچاوە لە میتافیزیکیەوە وەردەگرێت، نەک ستراکتۆری بێت دەڵێن رەوشی شۆڕشێکە لە رزگاربوونی لە چنگ میتافیزیکا.

بەو مانایەی سەنترالی لە شوێنێکدا هەیە، ئەو سەنتراڵە چەمکێکی ناوەندیە و دەتوانرێت بدۆزرێتەوە، چونکە وەسفێکی هەمیشەیە یان دەسەڵاتدارێکی باڵایە، نیشانەی بەهرەگیری چەمکی ئەو وەچەیەیە، کە لە هەموو شتێک تێگەیشتووە بەباشترین شێوە یان بە لانی کەمەوە قابیلی تێگەیشتنە.

لێکهەڵوەشانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەمانە تەنها وەهمن ئەوەی ئێمە پڕ و پاگەندەی بۆ دەکەین - راستیە-یان ماناوەیە.

هۆنینەوەی هاوکوفە-ە، ئەم وشانە بەمانای لەبەرگرتنەوەی زۆرە و بەرەو شکستهێنانی باسەکەمان دەبات- سەبارەت بەمانا، ئەمەش بەو مانایە قۆناغێکە لە قۆناغەکانی مێژوویی دەربارەی لێکۆڵینەوە لەو مانایانەی کە لێکۆڵەرەوەکان رایانگەیاندووە - بەهۆیەک لە هۆکان ئەوانە گەیشتنە ئەو دوا ئەنجامەی کە لە توانایاندا هەبووە- پێویستە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی تر نەکرێت- کە لەو ئاستە

ئێپەڕی بەنیازی پاراستنیشی ناویان لێناوە (خاڵی کۆتایی) بۆ سوکایەتیکردنی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ئایندەدا دەکرێن- ئەم خاڵە جۆرە پیرۆزییەکیان پێبەخشیوە و ناویانناوە (حەقیقەت–truth–یان– being) یان هەر ناوێکی تر.

خاڵی لێکۆڵینەوەی کۆتایی یان چەمکی پیرۆز وەک سەنترالی رەخنەیی بە شێوازی کلاسیکی بونیەوی، فریودانێکی گەورە لەسەر رەوش و چالاکی رەخنەیی و تێگەیشتنمان لە زمان هەیە و کراوە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەوەی کە نوسراون تەنها زادەی خەیاڵاتن؟

من پێموایە تیۆری لێکهەڵوەشانەوە ئەمە دەگەیەنێت کتێبە پیرۆزەکانیش لە خۆدەگرێت (لە راستیدا تیۆری لێکهەڵوەشانەوە دان بە شتێکدا نانێت کە ناوی کتێب بێت، بەڵکو تەنها دەق بێت) ئەی دەربارەی چەمکی (خوا) چی؟ چارەنوسی چەمکەکانی تر کە لە هەژمار نایەن چی ، وەک–origin–نەکانی حەقیقەت و واقع و هتد ؟

دریدا نکۆڵی لە بوونی خوا ناکات- بەڵکو دەپرسێت- بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ- سەبارەت بە تێگەیشتنمان لە خواو ئاستە وابەستەیمان پێیەوە، لەوانەیە زاراوەی خوامان (god) بۆ ئاماژەکردن بە خوایەکی دیاریکراو بەکارهێنابێت، وەک سیستمێکی بەرگری کردن و پاراستنی چەمکەکانی وەک ، حەقیقەت و ئەزەلی و واقیعی..، سەرچاوەی راستەقینەی راست و دروستی ئەمە چییە، کە پێویستە لێی بکۆڵینەوە- لەوانەیە ئەم چەمکانە (لەپشت) لەودیو ئاسۆی تێگەیشتنی مرۆڤەوە بن- لەوانەیە دنیایەکی حەقیقی بێت یان خودا، جیهانێک لە مرۆڤ قەدەغەکرابێت-کەناتوانێت هیچ لەبەرامبەریدا بکات، تەنها بیرکردنەوە و حەیاڵکردن لە بەرامبەریدا یان لە باشترین حاڵەتدا پەیوەستدارێکی هیچ بێت هەست بەنەبوونی supreme–بکات، ئەم هەستکردنە بە نەبوون و تەوقی ئامادەباشیە، نووسینی پێزدارە.

بەڵام مۆرکی ئەو ئامادە باشیە نادیارە کە لە هەموو شوێنێکدا هەستی پێدەکەین ئەویش کاریگەریە.

لە رێگای هەوڵدانی دریدا بۆ خستنەڕووی بنەمای میتافیزیکی- کە

لەسەر بنەمای تێگەیشتنمانە لە زمان – هەوڵدانە بۆ رزگاربوونمان لە دەست میتافیزیکا.

دریدا لە شیکارکردنەوەی ئایینەکاندا– بۆ وەلانیان پەنا بۆ جیهانی زمان دەبات ئایینەکان بەربەست و پەنای زمانیان گرتووە بۆ پاراستنی چەمکەکانی میتافیزیکی، تێیدا.

لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بڵێین دریدا بە شێوەی ناراستەوخۆ ئەمە دەخاتەروو، کە خوا لە پشت هەموو چەمککانی مرۆیی و چارەسەرییەکانی دەربڕینەوەیە پێویستە تەئکید لەسەر ئەم خاڵە بکرێتەوە، دریدا مەنهەجێکی لێکۆڵینەوەی ئازادانە لە بواری مەعریفیدا بنیاد دەنێت ، دەیەوێت عەقڵ لەو فشار و پەیڕەوانەی بەناوی خواو ئاینەکان فەرزکراون، رزگار بکات.

دریدا بە بەهێزی بەرەو ئەوەمان دەبات، کە چاو بە راستیەکاندا بخشێندرێتەوە عەقڵا ئازادییەکی تازەی پێبدرێت لە لێکۆڵینەوە و باسەکاندا لەسەر ئەم بنەمایە بۆچوونەکانی دریدا و بەڵگەکانی لەسەر ناوەڕۆکەکانی رۆحین.

سەرئەنجام دەبێ بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی رەخنە بەمانا کلاسیکیەکەی بە پەیڕەوکردنی ئەو نمونەیەی کە بۆ چەمکی کاری ئەدەبییە، لەوانەیە ئەو نمونەیە فەلسەفی یان ئەخلاقی یان ئایینی یان زمانی ، بێت لەوانەیە رەخنەگرەکە تەواو ژیر نەبێت بەو راستیەی کە لەسەر نمونەیەکی دیاریکراو هەیە، ئەوەی ناوی نراوە (هەڵسەنگاندنی خود) لە راستیدا ناخودیە– ئێمە تەنها دەگەینە لایەنێکی بەشێکی ئەوکارە ئەدەبیەی کە هەیە و لەبەردەستدایە رەوشی ئەو تێگەیشتنەی دەمانگەیەنێتە هەڵسەنگاندن.

دەشێ ئەو شتە– ئەو سمتە ئەدەبیە بێت کە رێگانیشاندەری وشە و کردارەکان و دیاردەی پێکهێنان و دروستکەری مانابن.

بۆ نمونە: ئەگەر هەوڵبدەم شعری (The lake isle of innisfree) لێکبدەمەوە ئەو یان لە رێگای پەیوەستکردنی ناوەڕۆکی شعرەکە بەو زانیاریانەی لەسەر ژیانی ئەو شاعیرە هەیە– دەکرێت، ئەو زانیاریانەی لەسەر سروشتی و مەینەتباری تێڕوانیەنەکانی لەسەر سروشتی بەردەوام گۆڕاودا – هەروەها خێرا لەناوچوونی شتی جوان دەستکەوتی مادی ئەو و شەیدایی بۆ ژیان و

خەونەکانی، دواتر ئەمانە وابەستە بەو بیرۆکانەی بەردەست، کە لە شعرەکەدا هەیە، دەکەمەوە لەم لایەنەوە بیرۆکەی شعرەکەم دەستدەکەویت.

جگە لەمەش من بەدوای خەمۆکی هۆی خەمۆکی شاعیردا دەگەڕێم، ئەو هۆیانەی بووەتە رق لێبونەوەی لە دەستکەوتە مادیەکان- کاریگەریە دەرەکیەکان ..، لەم جۆرە رەخنەگرتنانەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کە تەرکیز لەسەر خودی سەمتەکە نییە، چونکە وردبوونەوە لە دەقەکە و بەس بەرەو بنیادی بونیەویمان دەبات.

بۆ نمونە: مەغزای ئەدەبی ئەوە چیە جێهێشتنی نیشتمانی دایک و رۆیشتن بۆ دورگەیەک؟ ئایا مەغزای تر هەن؟ وەڵام: بەڵی بە دڵنیاییەوە لە هەندێک لە کاراکتەرە کۆمیدیەکانی شکسپیردا دەبینین لە شانۆنامەکانی ( وەک خۆشت دەوێت) و ( خەونی شەوی ناوەڕاستی هاوین) کەساتیەکانی شار بە جێ دێڵن و دارستانەکان دەکەنە پەنا کە تێیدا چارەسەری ململانێکان کراوە و حیلمەتی تێدا بڵاوبۆتەوە- لەسەر ئەم رەوشە زۆر کەسایەتی لەناو شعر و چیرۆکەکاندا شار جێدەهێڵن و بۆ دوورگەی لا چەپک و دوورەدەست دەڕۆن.

نمونەی ئەو کەسایەتیانەش (بروسبیرو) لە شانۆنامەی (گەردەلول) کارائەکتەری ( جیلیفر) لە رۆمانی ( گەشتەکانی جیلیفر) لەبەر ئەمە حەزی شاعیر (ییتس) بە پەنابردن بۆ دورگەی (innisfree) باس لە حەزی نووسەرانی پێشوتر دەکات، ئێمە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەین کە لە ناوەڕۆکی ئەو شعرە دەگەین واتا جێهێشتنی شار و پەنابردن بۆ دوورگە مانایەکی گەورەی هەیە لە شعرەکەدا.

ئەمەش لەبەرئەوەی قەناعەتێکی ئەدەبی هەیە کە ئەم بیرۆکەیە فکرەیەکی خاوەن مانای تێدایە- ئەمەش دەبێتە لێکدانەوەیەکی بونیەوی، ئەگەر لەگەڵ توخمەکانی تری شعرەکە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی سەمتی شعری بۆ بکرێت.

لە نمونەی یەکەمدا جێبەجێ کرا واتا پەیڕەوکردنی نابونیەوی ئەو نمونانەی بەسەر شعرەکەدا جێبەجێ کرا بۆ تێگەیشتن لە شعرەکە.

بەڵام لە نمونەی دووەمـدا : نمونەی لێکدانەوەی بونیەوی، شعر و پێکهاتەکانی بە لێکۆڵینەوەی سەمتی شعری ، یان بە لێکۆڵینەوەی نمونەی ئەدەبی ناسراودا.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە لێکهەڵوەشاندنەوە لە هیچ لەو دوو حاڵەتەیەدا خۆی نانوێنێت نەناکۆکیشە لە گەڵیاندا.

لێکهەڵوەشانەوە هیچ نمونەیەک ناداتە رەخنەگر، نە هیچ نمونەیەکیش بەسەر دەقێکی ئەدەبیدا جێبەجێ دەکات، بەڵکو هەموو ئەو نمونانە وێران و لەناودەبات کە هەن و هیچ نمونەیەکیش پێشکەش ناکات ، لەبەر ئەمە نووسینی لێکهەڵوەشانەوە سەرسوڕمانی گەورەیە بە پێچەوانەی رەخنەگری بونیەوی، رەخنەی لێکهەڵوەشانەوە باوەڕی بە بوونی سەمت و تێگەیشتن لێی، نییە.

پێیوایە بیرۆکەی سەمتی، کەشتەکان رێکخراون و دەشێ وایان لێبکرێت، بەڵام ئەم بیرۆکەیە سەرچاوەی مەینەتی راستەقینەیە.

ئێمە مەینەتباریمان پێ لە سەرسوڕمان باشترە، لەگەڵ ئەوەشدا کە مەینەتی لە فریودان پێکدێت، بەڵام باشترە لە دووچاربوونەوە بەسەرسوڕمان.

بونیەوییەکان ئەوەیان راگەیاند کە (دوای ئەوەی رووبەڕوی ئاڵۆزی و تێکرژاوی ئەدەبی بوونەوە) کە ئاڵۆزی قابیلی لێکدانەوەیە و دەتوانرێت تێبگەیەندرێت، پڕوپاگەندەی ونی سەمتی ئەدەبی دەتوانرێت شیکاری ئاڵۆزیەکەی بکرێت ئەمە جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی بونیەویەت دەتوانێت بە ئیرادەی مرۆڤ و توانای چارەسەری شتە ئاڵۆزەکان بکات، یان (بدۆزێتەوە)، بە پێچەوانەی ئەمە لێکۆڵینەوەی لێکهەڵوەشاندنەوە لە ئەگەری سەمتی، دەیخاتە ژێر پرسیار و پرسیار لە شێوازی چۆنیەتی هاتنەکایەی ئەوە دەکات چۆن نەریتەکان هێناویانە و خەسڵەتی ئەدەبی چین دروستیان کردوە.

رووبەڕووبوونەوە هەیە لە نێوان عەقڵی مرۆڤ و سەمتی مۆرکەکەی، کە ئەمە ئاڵۆزیەکە بە جۆرێ تێگەیشتن لێی سەختە، لەبەرئەمە لێکهەڵوەشاندنەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بە پێی گوتەی (ئالیسون–David Allison) پێویستی چاوپیاخشانەوەیە بە ئاریشەی زمان سەرتاپا ، لەوانەیە پێویستبکات بوارێکی تازەی مەعریفی لەسەر بنەمای وشەکان لەگەڵ زانستی دەرونزانیدا پێکەوە بوارێکی مەعریفی پێکبێنن بۆ چارەسەرکردنی، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە لێکهەڵوەشانەوە ناکۆکە لەگەڵ میتافیزیک و فەلسەفەدا بەوەی رەوشی ئیدراکیان فریودەرانەیە.

وەک چۆن گوتەکانی کە لە ناو میتافیزیکیادا نمونەکانی لەناو زماندا حەشاردراون، لەگەڵ تیۆری لێکهەڵوەشانەوەدا نایەتەوە، هەروەها لێکهەڵوەشانەوە پەنا بۆ بونیەویش ناباتْ کە بەتوندی و هێزەوە کار لەسەر گوتە و وشەکان دەکاتەوە.

وادیارە تیۆری لێکهەڵوەشانەوە بنەما و سیستم و زمانێکی تایبەتی هەیە کە بنەما و سیستم و زمانێکی تایبەتی هەیە کە بۆ کەسانی تازە لێکۆڵەرەوە تێگەیشتنی سەختە، بەڵام راستیەکە جیاوازە، ئێمە بنەما و سیستم و زمانی تایبەتمان لە تیۆریەکانی رەخنەیی کلاسیکیدا زۆرتر لەوەی لە تیۆری لێک هەڵوەشانەوەدا هەمانە.

ئەوانەی سەرەتایانە لەم تیۆریەدا رووبـەرووی زاراوەی تەکنیکی زۆر دەبنەوە وەک: کەسایەتی، وێنا، سمبول، شعری گۆرانی و سۆنێتە و ...هتد، هەمیشە و بەردەوام ئەمانەمان بەکارهێناون تەنانەتْ ئەمانە بوونەتە شتی ئاسایی.

جگە لەمەش ئەگەر ئێمە لە زاراوەکـانـی وەک، ناکۆکی، جیاوازی، کاریگەری ، نووسینی رەسەن، و ..هتد، نەگەین ئەوا ئێمە ناتوانین زۆر لەم تیۆرە بکەین و شتی تازەی لیوە فێربین ، بەڵام کەکەسێ: سەرەتا هەوڵ و کۆششێکی باش بداتْ بۆ تێگەیشتن لەم تیۆریە ئەوا دەتوانێتْ بچێتە ناو کرۆکی تیۆریەکە، کە دەربارەی تێگەیشتن لە مرۆڤ و جیهانەکەیی و مەعریفەتەکەیەتی، تیۆری لێکهەڵوەشانەوە رۆشنایی دەخاتە سەر کارە فکریەکانمان و پێشمان رادەگەیەنێـتْ کە دەسەڵاتدارێتی زمان لە دەستڕۆیی ئەدەبەوە نیە، نە لە سەمتی زمانیشە، چونکە دەستڕۆیی زمان خۆیەتی وەک: بوارەکانی نری، مۆسیقا و رەسم و پەیکەرتاشی و سروتْ و...هتد، کە لە هەسنکردنی رۆژگارانی سەرەتاییەوە هاتوون و رەسەنن و ون و نادیارن، دەبنە هۆی ئاراستەکردنی ئیدراکی مرۆڤیش.

**دریدا: لێکهەڵوەشانەوەی فەلسەفەیی ئارایی**

دریدا یەکێکە لە رێبەرانی فەلسەفەی کلتوری ، لەتەک هەریەک لە : فۆکۆ، دۆلۆز.

ئەو یەکەم کەسە هەوڵیداوە هایدگەر لە راڤەی (وجودی) بێ هودەیی کە

سارتەر سەبارەت بە فەلسەفەی هایدگەر پێشکەشی کرد لێکهەڵوەشانەوە- وەک چۆن بننگتۆن، لە کتێبەکەیدا کە لەسەر هایدگەر نووسیویەتی و خستوویەتەڕوو وەرگێڕانێکە بۆ زاراوەی هایدگەریی: وێرانکردن.

ئەوە هایدگەرە کە لە لێکۆڵینەوەیەکی کورتیدا دەڵێت: شوناس و رێچکەیی، زۆر بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت کە هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە فەلسەفەی ئەوروپی لەسەر یەک بنەما دامەزراوە، هەر چەندە فەلسەفەی دوانە و هەمەجۆریش هەبوون و لەسەر رەوشەکانی تر رۆیشتوون ، بەڵام رەوتی زاڵ بنەما ئەویش خۆی لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا دیوەتەوە ئەو جیهانەی تێیدا نوێنەرایەتی کردووە نمونەی لەمەن.

لە فەلسەفەی مۆدێرنەدا هیگڵێتی لەم رەوشە بەدەرنیە ئەو تێدەگات، کە دەوڵەت وەک هاتنی خوا وایە بۆ دنیا، هەموو ئایدیاڵێکی ئەڵمانیە، تەنانەت درێدا لە کتێبە نایابەکەیدا (دەنگ و دیاردە)دا ئەوە ئاشکرا دەکات کە (هۆسرێل) دامەزرێنەری تیۆری فینۆمینۆلۆژیا، تەنها درێژبوونەوەی فەلسەفەی ئەفلاتونیەتە، ئەمیشان هەمان رەوشی ئایدیای ئەڵمانیە لەم تێڕوانینە تاک رەهەندیەوە، ئیمپریالێتی مان، هزر ئامادەباشە لە خوددا.

ئەوە بوونە کە بەیەگەشتی پێی دەڵێن ناوی خود ئەو ئامادەییەی کە هایدگەر ناوی ناوە (ئیفلا-لاهوتی، بوون، هایدگەر لەسەر لۆژیکی هزر و فەلسەفەی بوون بەردەوامبوو، کە نیچە و فرۆیدیش قبوڵیانکرد نیچە هەوڵی دامەزراندنی حەقیقەتی تازەی نـەداوە و هەرگیزیش ئەو پرسیارەی (کانت) دەربـارەی نسندتنالی، نەبۆتە جێگای گرنگی پێدانی ئیتر زەوی زەمینەیەکی ئاسایشی نییە بۆ دال و مەدلول، رەسەن و پڕمانایەتی ئیتر ئەو دروستکەرە، لە خۆیدا خولیا بۆتەوە.

نیچە سمبولی چەمکەکانی زەردەشت بووە بۆ لێکهەڵوەشانەوە بە پێی بۆچوونی درێدا (گراماتیکیای میتافیزیکی بە پلەی نایاب) بێ ئەوەی بێ ئاگابین لە (فرۆید) کە ئەویش ئەو سیستمەی رەتکردۆتەوە، واتا رەوشی هزری لاهوتی، (سارە کۆفمان) لە کتێبەکەیدا کە لە ژێر ناوی (خوێندنەوەی درێدا) بە ئاشکرا ئەمە دەخاتەروو لەوکاتەی رایگەیاند کە هەرچەندە فرۆید رەوشی نائاگایی وەک

سیستمێک زانیوە و تێگەیشتووە، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرێت بگوترێ کە نائاگایی بوونی نیە و خەسڵەتی بەرجەستەیی نییە.

چۆن سەربە ناسیستماتیکە لە دنیای خوددا، ئەویش وەک چەمکی نووسین و ڕێبەرێتی فەلسەفەی بونیەوییە، وەک فەلسەفەی مردنی مرۆڤ بەرگری لە بیرۆکەیەک دەکات نووسەر وەک شەخسی ، هەست و تێڕوانین لە دنیایەک کە مردووە، ئیتر دەسەڵاتدارێتی بەسەر دەقەکانیدا نییە لە نووسینەکانیدا ( زمانەکەی ، ئەم نادیارە)(جولیا کریستیڤا) نەخشەی بۆ کێشاوە سەرەتاکانی رەوشی بونیەوی زمان بە پێی ئەم رەوشە، بۆتە بابەتێک بۆ زانست ئیتر ئەو شتە نیە خۆی پشتگوێ بخات بەڵکو لێرەوە ئیتر دەکەوێتە دوان و یاسا تایبەتیەکانی دەردەبڕێت ئەو قانونانەی کە بە کورتی دەتوانرێت لە بیرۆکەیەکدا کورت بکرێنەوە، ئەویش جیاکردنەوەی زمان لەگەڵ قسەکەردا ئەمەش دەبێتە هۆی لەرزاندنی سەنترالی مرۆڤ و تەنهاییەکەی.

ئەگەر رۆژگاری رێنیسانس دروشمی مرۆڤی دژبە سەدەکانی ناوەڕاستی بەرهەمهێنابێ، ئەوا بونیەوی دروشمی زمان دژە لەگەڵ مرۆدای هەیە..، مرۆڤ وەک مانا و ئایدۆلۆژیا.

1- بنەما میتافیزیکیەکانی ( زمان )ی سۆسێر و دریدا لە بەشی دووەمی کتێبەکەی لە ژێر ناوی (پاشکۆکانی فەلسەفە) وشەی رێبەر، بەشێوەی ئیملایی تازە نووسیوەتەوە، ئەمە تەنها بەمانای وێرانکردنی لەبەر نووسینەوەی ئۆرسۆدۆکسی نیە، بەڵکو بەمانای رەوشی هزری تۆتالیتاریشە ، بێ دوودڵی (سۆسێر) یەکەم کەسە کە لەوە گەیشتووە رێبەریی مەرجی دەوڵەتە.

زمان بەرای ئەو سیستمێکی لێکجایە بنەمابوونی نیە نالێکچونی یەکەییەکانی نین، بە پێی بۆچوونی دریدا ناکۆکیەکە لەسەر وشە و چەمکەکەی نیە دریدا پاساو بۆ شێوەی نووسین بە وشە ناهێنێتەوە، چونکە گیرۆدەی لۆژیکی هەمیشەیی جەدەلی نیە.

مرۆ دەتوانێت بخوێنێتەوە و بنووسێ ئەمە جیاوازی رێنووسە، بەڵام ناتوانێت گوێی لێبێت (نەبیستراوە) دریدا دەڵێت: جیاوازی پەیوەندی بە سیستمی هزرەوە نیە نەبە سیستمی ئەزمونیشەوە، سەنترالی دەنگی نامێنێت هەمیشە

سەنترالی عەقڵیە، دریدا نایەوێت هیچ بڵێت: فەلسەفە ئیرادە نییە گوتنی جیاوازی هەموو گرفتە دوانیەکان تێدەپەڕێنێت، پێتی یەکەم لە ئەلف و بێ ی لاتینی هەمیشە نادیارە، هیچ ناڵێت بە بەسروشت و نەبە هزر حەقیقەت لە خۆناگرن دریدا کار لەسەر فەلسەفەی کلاسیکی و لۆژیک ناکات جیاوازیەکە تەنها لۆژیکێتی نییە.

ئەنتۆلۆژیاشە، بەڵام دووبارە تا لۆژیکیت بە زمانی دریدا ستراتیژی و سەرکێشیە ستراتیژی واتا حەقیقەت بوونی نییە، واتا ترنسندنتالی تەحەکوم بە نووسینەوە دەکات.

نووسین دژ بە هەموو شێوازەکانی ئەنتۆلۆژیای لاهوتی و سەرکێشیە چونکە نووسین خۆی قەتیس ناکات بە ئامانجێکی دیاریکراو یان بۆ ستراتیژێکی هەوڵدان بۆ ئەبستراکی بۆ پێشەنگێتی و خاوەندارێتی سەرلەنوێ ئەمەگرتنەبەری ستراتیژێکی بێ نیازیە و سەر لێشێواوی و گومبوونە.

دریدا ئامانجی بنیادنانی سیستمێکی فەلسەفی تازە نییە، جیاوازیەکان پەناگای تازەنین بۆ حەقیقەت و مەدلولەکان، بەڵکو پرۆسەی لێکهەڵوەشانەوەن کە لە خوێندنەوەکانی دریدا بۆ (سۆسێر) بە ئاشکرا دەردەکەون.

دال- بە پێی بۆچوونی سۆسێر، واتا سەرهەڵدانی ساتەوەختێکی بوونێکی نادیار، بۆیە ئەمە لاوەکیە و جیاوازیش بەهۆی ئەوەوەیە کە تەنها بوونێکی کاتیە، دریدا هەوڵدەدات لەمەی تێپەڕێنێت واتا جیاوازی کاتی، کە دەبێتە دیلی بوون(ئامادەیی) زمانەوانی سۆسێر، هەرچەندە لە پشت زمان و بەڵگەکانی شاراوەیە بەپێی بۆچوونی دریدا بۆتە دیلی میتافیزیکا (بنگنۆن)یشت لەو کتێبەی پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، بە ئاشکرا خستویەتەروو .

لێرەدا دەتوانین راکەی ئەو لەم دوو خاڵەدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: چەمکی بەڵگەی میتافیزیکی ، واتا بەڵگەی بەلای (سۆسێر)ەوە- کە جیاوازی لە نێوان دال و مەدلولدا، دادەنێت-کە سەرچاوەی ئەمەش لەفەلسەفەی دوانەییدا هەیە کە لەسەر بنچینەی هەستپێکراوی و عەقڵانیەتە سۆسێر تەنها ئەو بۆشاییەی لە فەلسەفەی ناوبراودا، قۆرخ کردووە.

دووەم: تیۆری لێکهەڵوەشانەوە بەرگری لە پێشخستنی بەڵگەی دژە

گەڕانەوە بۆ چاوگ (سەرچاوە) دەکات ، هیچ سەرچاوەیەک لە دەرەوەی بەڵگە نیە، بەم جۆرە دریدا بەتوندی دەسەڵاتدارێتی بوون رادەچڵەکێنێ ئەو دەسەڵاتدارێتیەی ناچارمان دەکات بیر لە بوون بکەینەوە بوون و نەبوون کە نەجیاوازی خود و نە رەسەنە و نەسەرچاوەش، هەتا ئەگەر دریدا پرسیار لە چەمکی جیاوازیش بکات تەنها ئەو کاتە ئەمە دەڵێت، کە خودی پرسیارەکە هەڵبوەشێنێنەوە.

پرسیاری ئەوەی ئەمە چییە، پرسیارێکی میتافیزیکە بە راڤەی هایدگەر، پاواندارێتی بوونە، بەوجۆرە دریدا کەرنەڤاڵی نووسین دژ بە هزر دەنووسێ و بەڕێوەدەبات.

نووسین مێینەیە، هزریش لە هەموو شتێک سڵا دەکاتەوە کە مێینەیی بێت دەترسێت بگۆڕێ بۆ نووسین، چونکە ئەمە پیرۆزی و بەرزی لە دەست دەدات نووسین بانگەوازی مردنی یەزدانی دا و لۆژیکی شوناسی تێپەڕاند.

بەپێی بۆچوونی (سارە کۆفمان ) زیادەیە، بوونەوەرێکی لێکدراوە، وەک دارێکی بێ رەگ و ڕیشە، وەک دەقێکی بێ یاسای سنوردار بەسەر دەقی تردا کراوەبێت لەسەر دەقی تربێت.

**2- دریدا و هۆسرێل: لێکهەڵوەشانەوەی سەنتراڵی دەنگی**

هەندێک رەخنەگری ئەڵمانی جەخت لەوە دەکەنەوەکە ، ئادمۆند هۆسرێل، گەورەترین فەیلەسوفە کە مرۆڤایەتی بەخیەوە بینیبێت دوای ئەفلاتون.

لەوانەیە مەزنیەکەی زیاتر لەوە دەردەکەوێ، کاتێ کتێبە بەناوبانگەکەی (پۆست مۆدێرنە) دەخوێنینەوە کە دەتوانرێت وەک پرۆسەی لێکهەڵوەشانەوەی رەوشی هزری فەلسەفی رێبەری و فەلسەفەی بوونی هۆسرێلینی ، بێت.

نمونەش بۆ ئەمە فەیلەسوفی فەرەنسی (جاک دریدا) دەڵێت: دەتوانین رەخنەی فەلسەفی هۆسرێل لەیەک رستەدا کورت بکەینەوە ئەویش کتێبەکەیەتی لە ژێرناوی (دەنگ و دیاردە).

(ئەو مانا پارێزراوەی دەدوێ) مانای سیمبول، عەقڵانی، بۆیە ناکۆک نیە و هۆسرێل بە خودی وابەستە دەکاتەوە، بەخودی ئامادەی قسەکەر، بە شێوازێکی گاڵتەجاڕی، دەتوانرێت بگوترێ هێزی خود مانایە، ئەمەش بەوە

مەحکومە بگوترێت، مانای خۆی وەردەگرێت، ئەو مانایەی پێش گوتە دەکەوێت، خودێتی، جێگیری یەکجاری و بۆ هەمیشە کە پێی دەڵێن عەقڵا، دەتوانرێت تەواو ئەو ئیرادەیە ئامادەبکرێت، وەک چۆن عەبد لە کاتی نوێژدا پەروەردگار ئامادە دەکات، گۆڕانی مەعنا بۆ قسە یان زمان، بە تێروانینی هۆسرێل کارێکی لاوەکیە، جۆرێکە لە زیادەڕۆیی ئەگەر زمانی ئایینی بەکاربێنین (یبوخی-یە-یان شیکاری فینۆمینۆلوژیە-کە نیشانەی دەرچوونە لە دنیا، کە مەعریفە گومدەکات وەک گومبونی کات و هەست لە پێناو یان بۆ جێ چۆڵکردن بۆ تێڕزوانینی گشتیانە لە جەوهەرو، نەهێشتنی بوونی جیهان، هەتا جەوهەرەکەی دەستەبەر بکرێت، وادیارە تیۆری فینۆمینۆلۆژیاش زانستێکی پێشترە (پێش بوونی دنیای دەرەکی، لە وشەی ئەفلاتونی هزر لەم فەلسەفەیەدا زادەی سەرئەنجامی سروشت نییە، بەڵکو تەواو لە سروشت ئازادە لە کاتێکا سروشت ناتوانێت حاڵی نەبوونی نەبێت هۆسرێل، بەروونی ئاماژەی بەمەکردووە و دەڵێت: ئەگەر هەموو عەقڵی دنیامان سڕیەوە ئیتر سروشت بوونی نامێنێت، بەڵام ئەگەر سروشت بسڕینەوە ئەوا شتێک لە ژیاندا دەمێنێ ئەویش عەقڵە، عەقڵی تاکەکەس ئەم تێڕوانینە بۆ سروشت شتێکی لاوەکیە و سەر بە عەقڵە ، جیاوازی فینۆمینۆلۆژیاش بەمە لە زانستی واتاناسی کلاسیکی، کە تەنها ئەو وشانە قبوڵدەکات کە لەسەر بابەتی واقیعین چەمکی سەرەکی فەلسەفەی زمانی هۆسرێلیانی، بریتیە لە دابەشکردنی بەسەر سیمانتیکدا جا کە ماددی بێت یان دەنگی یان نووسیبێت، و لەوێشەوە بۆ واتایی هۆسرێل جیاوازی لە نێوان دوو هێما گەریدا دادەنێت واتا و هێما یان ئاماژە، هێمای یەکەم مانای هەیە لە کاتێکدا دووەمیان واژەی ئاماژەییە.

دریدا وا لەم جیاکردنەوەیە دەکات کە سیستمێکی میتافیزیکیە و پەیوەندیداری قبوڵناکات.

دەڵێت: کاتێ ئەرکی پەیوەستی وابەستە دەپچڕێ ئەوکاتە ئەرکی تەعبیری بێ خەوش دێتەبوون هەتا پەیامی هێماگەری و دامەزراندنی واتایەکی بێگەردی دەبێت لەناو زماندا، پێویستە هەموو پەیوەندیداریەکانی نێوانیان لاببرێت.

لێکۆڵینەوەی لۆژیکی بەلای دریداوە دەقێکی ناوەڕۆکیە بۆ هەموو تیۆری فینۆمینۆلۆژیا، دریدا لە کتێبەکەیدا(دەنگ و دیاردە) چارەسەری گرفتی ماناداری

دەکاث وەک دیکارتیەکان ثێی گەیشتوون لە نێوان میتافیزیکیای رەسەن یان میتافیزیکیای سەرەتایی و میتافیزیکیای کلاسیکی کە خیانەتی لە عەقل کرد، فینۆمینۆلۆژیا بریتیە لە گرتنە بەرچاوی پەیڕەوی هەستیەکەی- هەستیاری، بەڵام عەقلانی دژی هەموو شێوازەکانی بەسەرکشان و زیادەڕۆیی میتافیزیکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دریدا پێی وایە فینۆلۆژیا بابەتی پرسیارەکەی دانەمەزراندووە، هیچ جۆرە شێوازێکی بنبڕی دەستەبەر نەکردووە.

هۆسرێل زمان وەک بوونەوەرێکی عەقلانی سەیردەکاث، لە جیاوازی نێوان زمان و لۆژیک نەگەیشتووە، ئەگەر شێوازی فۆکۆ بەکاربهێنین کە دەڵێث: تەنها سەروکاری لەگەڵ زمانی هەمیشەییدا، لە دەوڵەمەندی زمان گەیشتووە یان لەسەر ڕای دریدا بڵێین تێگەیشتن جیاوازی لە نێوان گراماتیکی رێزمان و لۆژیک، ئەمە گراماتیکی لۆژیکێتیە ئەگەر شێوازی فۆکۆ بێنینەوە دەڵێن تەنها سەروکاری لەگەڵ زەمەندا هەیە، کە گراماتیکی میتافیزیکی عەقڵا تەنها یەک واتا دەگەیەنێث ئەویش بوونە، بەواتایەکی تر دەنگ، دەنگی فینۆمینۆلۆژی، کە پێویستە تێکەڵاو نەکرێث لەگەڵ دەنگی فیزیکی، چونکە دەنگی ترنسندنتالی و هەستە، دەنگێک کە خاوەنی رۆحێکە سەر بەجیهان نیە، لە بەرگی یەکەمی(بەڵگە و بەڵگێتی) لە کتێبی دریدا ئەو فەیلەسوفە بە هێماکانی ئاماژە دەستپێدەکاث، یان بە کورتی ئاماژە لە بەرامبەر واتادا ئاماژە سەر بە دنیایە، بۆ دنیایەکی بێ بوونی عەقڵ بێ من و ئەو قسەکەرە، لە بەرامبەردا واتا، گوتەی هەستیە ، (ئیرادەی گوتن) دەتوانین ئەم ئەنتۆلۆژیایەی زمان بەم خشتەی خوارەوە روون بکەینەوە:

= دنیا:

=عەقڵ:

=ناتەویَ هیچ بڵێی:

=مانا، ئیرادەی گوتن، خود، عەقڵ، بابەتی ئایدیالی:

=ئیمبریقی:

=حەقیقەث:

هۆسرێل ئەوە روونده‌کاتەوە کە واتا هێما نیە بۆ شتێک، بەڵکو نیشانەی بوون نییە، هەتا ئەگەر هەمیشە وابەستە بە گوتەی پەیوەندیەکان بێث، ئەم

وابەستەییانە هەمیشە بەلای هۆسرێل–ەوە لاوەکین.

ئەو مانایانە لە دەرەوەی کرداری پێکگەیشتن و بنەمای هێماکاریدا دەبیندرێنەوە، لە دەرەوەی دنیا، لە دنیای نمونەی باڵا و مۆنۆلۆژیادا، فینۆمینۆلۆژیای ترتسندنتالی رێگا نادات ئاڵۆگۆڕی قسەکردن هەبێت.

چونکە پەیوەندێنی بە کردارێکی لاوەکی دەزانێت رەسەنێتی هەمیشە لە نەبوونی ئەوانی تردا دەستەبەر دەبێت لە نەبوونی جیاوازی ، لە ژیانی دابڕاو گۆشەگیری رۆحدا ئەم خشتەیە خوارەوە ئەمە روونکاتەوە:

=ئەو گوێگرە:

=وابەستەیی و ناوەندێتی فیزیکی:

=ئەو قسەکەرە:

=تێگەیشتن لە نیازی قسەکەر:

= واتایی ئاماژەیی:

ئەمە پەیوەندی بە ئەمبیریکیەوە هەیە نەک خودی، نەک لەگەڵ بوون یان ئیرادەی دەربڕین مانا بە تێڕوانینی هۆسرێل، بەرجەستە دەبێت، بەڵکو تەعبیر لە مانای بوون دەکات پێش هزر ئێمە واتا وەک رواڵەتی بەرجەستەیی ناوەوەی تێدەگەین بەرجەستەیی یان رووکەش یان دەرەکی نەکا سروشت بەڵکو مانا.

دەنگی خودی قسەکەرە، ئەمە بنەمای رەوانبێژیە لای هۆسرێل و نمونەی باڵایە، کە مەدلول و گۆڕان قبوڵناکات ، ئایدیالی بەلای ئەوەوە تەنها دەتوانێت خود وەک بوون بەرهەم بێنێتەوە بوون بە پێی هۆسرێل وەک چۆن دریداش پێیوایە تەنها دووبارەبوونەوەی یان کردەوەی ئامادەیی و بوونە ئەم وێناکردنە بۆتە بنەچە و بنەمای تیۆری هۆسرێلیالیی.

چونکە رەوشەکە تەنها لە بواری رەفزکردنی پەیوەندیەکاندا قەتیس نابێت، بەڵکو بوون لە رەسەنایەتییەکی دیاریکراودا دەنێژێت، شوێنێکی بۆ تەرخان دەکات.

دریدا دەڵێت: پێشکەوتنی مێژوویی بەڕای هۆسرێل هەمیشە شێوازێکی بنچینەییە، ئەویش دروستبوونی ئایدیالیە، کەواتە دووبارەبوونەوەی باوەو بۆ هەمیشە پارێزگاری لێدەگرێت: دووبارەبوونەوە و لاسایی کردنەوە واتا گواستنەوە و تازەکردنەوەی رەسەن ئەم دیاریکردنە بۆ بوونی ئایدیال رێزە یان کردەوەیەکی

ئەخلاقیە.

تێڕوانینێکە کە حوکمی رەسەنایەتی بۆ هەمیشە لە شێوازی فەلسەفەی ئەفلاتونیەتدا دەهێڵێنەوە.

دەنگ گوزارشتی ئەم بوونەیە لەم شێوازەی ئەفلاتونێتی، دریدا دەپرسێت، بۆچی دەنگ زیاتر بە ئایدیالی هەژماردەکرێت لە نێوان هەموو هێماکانی تردا؟

ئەم وابەستەییەی نێوان دەنگ ئایدیال لە کوێوە دێت؟ ئەم پرسیارە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەیە، لە رێگای پێشنیارکردنی ئەم پرسیارە دریدا هەوڵدەدات سەنترالی نێوان عەقڵ و دەنگ لێکهەڵبووەشێنەێنەوە، دریدا هەوڵدەات پەیوەندی نێوان عەقڵ و دەنگ روونبکاتەوە کە پەیوەندێکی ناخاکیە.

دەنگ دەبێنە دیلی منی باڵا، هیچ جێگای شتی تری تێدانابێنەوە، جێگای دنیای تێدا نابێنەوە، خودی دال و مەدلول هەردووکیان هەمان یەک شتن نمونە: من لێرەم لەوکاتەی ئەم قسەیەی تێدادەکەم، گوێ بگرە بۆ ئەو شتەی دەیڵێم، لە خودی بوونی خۆم ئێستادا، دەکۆڵمەوە وەک خود و رۆحێک.

دریدا لە کتێبەکەیدا(De la grammatologie) ئاماژە بەوەدەکات کە مێژوو میتافیزیکیایە نەک هەر لە ئەفلاتونەوە هەتا هیگڵ، بەڵکو هەتا لە پێش سوکراتیەکانیشەوە تەنانەت خودی هایدگەریش پێی وابووە، کە هەمیشە عەقڵ ئەسڵی حەقیقەتە ئەم تێڕوانینە وا لە نووسین دەڕوانێت کە بەردەوام شتێکی لاوەکی و تەکنیکیە و دەکەوێتە درەوەی حەقیقەت بەڵام دەنگ بە پێچەوانەی نووسین پێکهاتەیەکە لە پێکهاتیەکی ئابووری میتافیزیکی ، بەڵکو ئاماژە پیکراوێکە سەر بەدنیای ئەزموون نییە، بەڵکو عەقڵ خۆیەتی، نووسین مانا بەدەستەوە نادات نە کاریگەریش، دەتوانرێت دەستبەرداری بکرێت میتافیزیکیایە و پێویستی بە جەستە نیە، بەڵکو نەرجسیەتە، جۆرێکە لە گوێگرتن لە خود دەنگ و بوون لەیەکەوە نزیکن دەنگ، وەک هیگڵ دەڵێت: لەرۆحەوە هاتوون، کتێبەکەی لەم رووەوە دەکەوێتە پۆلێنی تیۆری میتافیزیکیای لاهوتی و تەنها بەپردەبازێکە و حەقیقەت لە خۆناگرێت، بەڵکو ئیرادەی گوتنە.

دریدا پێیوایە تەنها رەنگدانەوەی ئەسڵی مانا نییە، بەڵکو مەرجی توانای ماناشە، کرداری بووی مانای پێشتر دروستکراو نییە، سەرەتا هێما خودنەبووە

نەبۆتە هیچیان، بەڵام سیستمی هێما لە خود دایە.

دریدا بەسەر کاتدا هەڵکشاوە ، لە هەنوکەدا ئێستا و هەنوکە وەک دیاریکردنی ئەفلا-لاهوتی بۆ بوون ، وەک ئەسڵی حەقیقەت و یەزدا بۆ مانا بەلای دریداوە شێوازێکە لە شێوازەکانی ئەفلاتونی هێرمۆنێتیکای کلاسیکی کە بەردەوام پڕوپاگەندەی ئەوەدەکات هەمیشە چاوپیاخشانەوە بەمانای ئەسڵی دەکرێت ئەم هێرمۆنێتیکیە لەسەر بنەمای چەمکی نەک لەسەر جیاوازی نائامادەیی بە ئێڕوانینی ئەو رۆڵێکی بنەڕەتی لە پێکهێنانی مانادا دەگێڕێت.

لە نیوەی سەدەی بیسندا، تیۆری بونیەوی دەربارەی بوونی مرۆڤ لە لێکۆڵینەوە لە زمان و زانستی زمانی بونیەوی فردیناند دی سۆسێر(1857–1913) بڵاوبویەوە، کە دەڵێت: پێویستە مانا لە بنەمای (رێزمانی) هەموو زمانەکاندا لەسەر لێکدانەوەی خودی وشەکان بێت.

بەڵام مارکسیستییەکان جەخت لەسەر ئەوەدەکانەوە کە حەقیقەتی بونی مرۆڤ دەبێ لەسەر دۆخی ئابووریەکەی لێکبدرێنەوە و شرۆڤە بکرێت، زانایانی بواری دەرونیش هەوڵدەدەن بنەمای دەرونی بکەنە تەوەری تێگەیشتنەکانی عەقڵی لە شەستەکانی سەدەی رابردوو بزووتنەوەی بونیەوی لە فەرەنسا هەوڵیدا، گریمانیەکی دیالێکتیکی بۆ حەقبەقت بخاتەروو، ئەمەش لە رێگای بیرۆکەکانی مارکس و فرۆید و سۆسێر-ەوە، ئەمە لەگەڵ بۆچوونی وجودیەکاندا یەکی نەدەگرتەوە، کە پێیانوایە مرۆڤ خۆی لە خۆی دەکۆڵێتەوە یان خۆی دروستدەکات، لە کاتێکدا بونیەوی دەڵێت مرۆڤ (تاک) بنەمای سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و زانستی رێزمانی زمان، کە مرۆڤ زاڵن بەسەریدا، بەڵام دەتوانرێت بیدۆزێتەوە لە رێگای بەکارهێنانی پەیڕەوکانی بەرەوشتی کورت کردنەوە و دەربڕین رەسەناییێتی خەسڵەتی بونیەوی دەگەڕێتەوە بۆ میشێل فۆکۆ کە دیارترین و پێشەنگێتی، ئەو پێی وایە زمان و کۆمەڵگە سیستمی فەرمانڕەوایی دروستی دەکات، بەڵام ئەو لەم خاڵەدا لەگەڵ بونیەویەکاندا کۆک نییە، ئەمەش لەبەر دوو هۆ یەکەم پێیوانییە ژێرخان بتوانێت مەرجی روونکردنەوەی مرۆڤ بکات.

**دووەم: پێیوایە ئەستەمە هەنگاو لەدەروەی گوتە و سڕینەوەی دۆخی لاببات.**

جاک دریدا (1930–2005) تیۆری لێکهەڵوەشانەوەی بەرەو پێش برد، بەوەی تەکنیکێکە بۆ دۆزینەوەی لێکدانەوەی هەمەجۆری دەقەکان دیارە ئەمیش کاریگەری هایدگەر و نیچەی لەسەربوو.

دریدا دەڵێت: دەق هەمووی بە شتی ئاڵۆز و نادیار دەگیردرێت، بۆیە لێکدانەوەی دروست و کۆتایی شتێکی ئەستەمە پۆست مۆدێرنەش دەتوانین لە دوان بونیەوی و تیۆری لێکهەلچوەشانەوە، دوای ئەمانەیە مۆدێرنە کە لەرووی بیرۆکەییەوە لە رۆژگاری رۆشنگەری سەری هەڵدا (Enlightenment) لە کۆششی ئەوەدابوو کە دنیا بە زارەوەی بابەتیانە وەسف بکات، عەقڵانی، ئەزموون، هەروەها گریمانەی ئەوەشی داناکە حەقیقەت هەیە و پێویستە (بخرێتە روو) رووی لەسەر هەڵمالدرێت روپۆش وەک رێگایەک بۆ دەستگەیشتن بەو وەڵامانەی کە پرسیاری بابەتین و بەهۆی دۆخی مرۆییەوەن، بەڵام پۆست مۆدێرنە ئەم جۆرە شتانە ناخاتەروو، بەو متمانە و جەخت کردنەوەی پێشوەخت لەسەر عەقڵ، چونکە عەقڵ خۆی کلێشەیەکی هیراکیە ریزبەندی تایبەتە، وەک ئەبریشی، کە لەسەر رەوشی روونکردنەوە و شیکاری کۆنی دنیایە لە چەمکەکانی ئیلاهیدا.

بابەتی پۆست مۆدێرنە رەوشتێکی عەقڵانی ناگرێتەبەر لە هەڵسەنگاندن و باشترین لەوابەستەکانی حوکمی حەقیقەت و جوانی و بابەتێیتی.

چونکە هیراکێتی کۆن لێکهەڵوەشایەوە و دارستانێکی بێ درەخت دروستی و عەقڵ دادەپۆشێ، وەک ئەوەی بیرۆکە وەچەبکا و ببوژێنەوە لەم دارستانەدا لە پێناو ئەو ئایندەیەی بڕیاری لەسەر دەدات میشێل فۆکۆ لە نووسینی مرۆڤ و مەعریفەدا، هەوڵدەدات کردەوەی قسەکردنی دەرهاویشتەیی چەمکی راستەقینەی بۆ بدۆزێتەوە لێکدانەوەی مێژوویی یان (genesis)ئەو پڕوپاگەندەی ئەوەدەکات کە هەوڵیداوە هەڵکۆڵین بەدوای مەعریفەدا بکات هەتا پێداویستی و بەرجەستەکردنی حەقیقەتی دەستکەوێت.

لە دواین کاری دا، فۆکۆ بیرۆکەیەکی یان بیرۆکەی نیچەوە هەڵێنجاوە هەورەها لێکدانەوەیەکی ئایدیۆلژیشی لە مارکس وەرگرتووە، هەروەها باسێک لەسەر بەرەوەپێشچوونی مەعریفە کە هاوەڵە لەگەڵ میکانیزمەکانی هێزی (سیاسی)

بە پێچەوانەی کارل مارکس–فۆکۆ قەناعەتی بە ئایدۆلۆژیەکان نییە، بنەمای تێروانینی بابەتی دەتوانێت لێیەوە لێکدانەوەی گوتە یان لێکدانەوەی کۆمەڵگە بکرێت.

فۆکۆ جەختی لەسەر شاری دەوڵەت کردۆتەوە بۆ سەر کۆمەڵگە و تاکەکەس سەبارەت بە مەعریفە هەروەها بۆ پێشکەوتنی لە سەردەمی مۆدێرنەدا.

لە کتێبەکەیدا بەناوی (مێژووی جنس) باس لەوە دەکات کە بەرەو پێشچوونی زانستی سروشتی و سایکۆلۆژی رەوتێکی جنسی قوڵی خوڵقاندووە غەریزەی نەک هەناوی ئەم رەوشە جێگای قبوڵکردنە وەک روونکردنیەکی باو کە گریمانەییەکانی کێشی ناوخۆیی و ناخ دەبنەوە بەو رێچکەیە ئەزموونی خودی مرۆیی بۆ رەگەزەکەی دروستبووە و زاڵبووە بەسەریدا، ئەو گوتارەی پڕوپاگەندەی شیکاری دەکات گەڕان بەدوای مەعریفەدا شتێک نییە، گرانبێت بەدوای ماددەیەکی پێش بوون بەڵکو بەشێوەیەکی چالاک دروستکراوە.

فۆکۆ هیچ تیۆریەکی سەرتاپایی دەربارەی سروشتی مرۆڤ ، پێشنیار ناکات، ئەو رەخنەگری دوای تیۆری قەناعەتیە کە پێویستی بەروونکردنەوەی بابەتیە سەبارەت بە واقیع، فۆکۆ چاوەڕوانی دوا وەڵام ناکات، دریدا پێی وایە زمان یان دەق رەنگدانەوەی سروشتی دنیا نیە ، بنەمای دەق لێکدانەوەی دنیا نیە دریدا رەوشی هایدگەری گرتەبەر ئەو پێی وایە زمان پێکمان دەهێنێت ، نووسین دارستانێکی بی درەخت دروسندەکات، ئێمەش وای تێدەگەین کە واقیعیە.

هەروەها وایبۆدەچێت کە مێژووی بیرۆکەی خۆرئاوا بنەمای دژیەکانە خێر بە پێچەوانەی شەڕ، عەقڵ پێچەوانەی ماددە، پیاو پێچەوانەی ژن، قسە پێچەوانەی نووسین، ئەم دژەیەکە دیاریکراوانە ( هیراکیاییە) چەمکی دووەم دەبێتە هۆی گەندەڵکردنی یەکەم سەرئەنجام چەمکەکان دژەیەکی یەکسان نین، ئەو پێیوایە هەموو دەقێک برینیە لەم گریمانەییانە بەهۆی ئەوەوە دەتوانرێت ئەو دەقانە دووبـارە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت لە هیراکیلی زماندا دریدا لەو بڕوایەدا نییە، بتوانین سەرئەنجامێکی بنبڕ و کۆتاییمان لە لێکدانەوەی حەقیقەت دەستبەکەوێت، هەروەها ئەو پێیوایە هەموو دەقەکان رووبـەڕووی جیاوازی دەبنەوە کە بواری ئەوە دەدات بە زۆر شێوە لێکبدرێتەوە مانا پەیامەکەی

بڵاوکردنەوەی مەعریفەیە جێگیری نیە و ناناسێت.

دەق هەمیشە بەکەموکوڕییەوە و ناتوانین لە دەرەوەی ئەودابین بۆ هەوڵماندا بە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی بابەتیانە، یەکێ لەسەر ئەنجامەکانی تیۆری لێکهەڵوەشانەوە، راستیە لە لێکدانەوەی دەق و دەگۆڕدرێت بۆ وەڵامدانەوەی، لەوانەیە لێکدانەوەی رکەبەرێیانە هەبێت، بەڵام رێچکەی نا لێکدانەوەیی نییە، بتوانێت کەسێ دروستی ئەو لێکدانەوە رکەبەرێیانە هەڵسەنگێنێ دەبێ پشت بە چەمکی فەلسەفەکەمان ببەستێت بۆ دەستەبەری ئەو راستیانەی کە ناتوانترێت نکۆڵیان لێبکرێت گۆڕانی لێکهەڵوەشانەووە برێنیە لە قوڵایی حەقیقەتێکی جێگیر بۆ عەقڵانیەتی لەناو لمێکی جوڵاوی فرە لێکدانەوەدا.

**سەرچاوەکان:**


1- ئەم مادده لە کتێبی (بونیەوی و لێکهەڵوەشانەوە) وەرگیراوە کە لە نووسینی (س. رافیندران S. ravinararan) وەرگیراوە.

2-وانەیەک لە نووسین = بنەماکانی گرامانۆلۆژیا(-1953 A study of writing the foundation of grammatology).

3-خاوەندارانی تیۆری لێکهەڵوەشانەوە گۆڤاری لێکۆڵینەوەی رەخنەیی (1977)(428).

4-(دەنگ و دیاردە) ئیفنانستۆن- چاپخانەی زانکۆی نورسویسترن-(1973) لا (Xxii).

5-هیلیس میلر (رەخنە خوان) گۆڤاری لێکۆڵینەوەی رەخنەیی(1977) لا (41).

6-مـواری کریگر (تیۆری رەخنە) بلتیمۆر ولندن: چاپخانەی زانکۆی برنستۆن (1972)لا (176).

7-فردریک جمسون (دیلی زمان (برنستون) چاپخانەی زانکۆی برنستون (1972) لا (176).

8-جاک دریدا لە زانستی زماندا غیاتری تشابرافورتی سبیفاک بلتیمۆر ولندن: چاپخانەی زانکۆی (جۆن هوبکینز ) (1972) لا(43)og.

9–جاک دریدا لە زانستی زماندا غیاتری تشابرافورتی سبیفاک بلتیمۆر ولندن: چاپخانەی زانکۆی (جۆن هوبکینز ) (1972) لا (13) og .

10–م.ه. ئیرامز (خاوەندراانی لێکهەڵوەشانەوە) لا(429).

11–د.محمد عنانی (زاراوەی ئەدەبی مۆدێرن) (دریدا).

12–ئەفلا دیاردەیەتی چیە ، (og) لا(65).

13–غیاتری سبیفاک، زەمینەی کتێب – لە زانستی نووسیندا، نووسینی جاک دریدا (بلتیمور ولندن) چاپخانەی زانکۆی (جۆن هوبکنز (1947) لا (XXXIX)).

14–رۆژگاری بنیوی نووسینی (ئادیس کیرزویل) وەرگێڕانی : جابر عسفور (دار افاق عربیە ، بۆ چاپ و پەخش (1985) لا(277).

15–کلتور و جیاوازی لە گۆڤاری دایاکرتکس (2.4(1972) .11 .

16–دیڤد ئالیسۆن، دەستپێکی نووسین (دەنگ و دیاردە ناسی لا (Viii xxxvii –).

## مێژووی فەلسەفەو ئاین لە روانگەی جلک دریداوە

محەمەد ئەندەلوسی
لەعەرەبییەوە : محەمەد حسێن

بەبۆچوونی جاک دریدا هەر بیرکردنەوەیەکی ئەمڕۆ لەئایین دەبێت بەشێوەیەک بکرێت هاوپەیوەندبێت بە» شەڕی ڕیشەیی « (مردن، ئازار، تەکنیک) وە.

هـەروەک چۆن لەدیدی ئەودا مەحاڵە قسەبکرێت لەبارەی ئایینەوە بەسەربەخۆ لە زمان و دەق و نووسین کە بەرۆڵی خۆیان پەیوەستن بەپەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەتنیەکانی نەتەوەو گەلەوە. مەسەلەکەش زەحمەتر دەبێت کاتێک کە پەیوەست دەبێت بەنزیکی مەسەلەی « گەڕانەوەی ئاینیەوە». ناشکرێت ئەم گەڕانەوەیە بچووک بکەینەوە بۆ ئەوەی پێی دەوترێت: ئوصولیەت، یان توندڕەوی، یان دەمارگیریی. هەروەک چۆن پێویست ناکات تێکەڵ بکرێت لەنێوان ئایین و مەزهەبی ئاینیدا. بۆ نمونە پێویستە ئیسلام و نەزعەی ئیسلامیزم تێکەڵ نەکرێت کە ئەمەی دواییان ئیسلام بەکاردەهێنێت وەک ئاینێک و بەناوی ئەوەوە قسە دەکات. لێرەدایە « مەترسی ناولێنان» بەدیاردەکەوێت.

هەروەها ئەوەش دەڵێت کە بیرکردنەوە لەئایین نابێت لەپێگەیەکی ئایینی وەک دامەزراوەی ئاینیەوە سەرچاوە بگرێت، یان بیروباوەڕێکی دیاریکراو، هەروەک چۆن نابێت لەهەڵوێستێکەوە سەرچاوە بگرێت دژ بێت لەگەڵ ئایندا، یان لەهەڵوێستی زانستی، یان هەڵوێستی رەخنەگرانەوە.. هتد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بیرکردنەوەیە بێلایەن نابێت یان ئەبستراکت نابێت لەهەر سۆنگەیەک، بەڵکو لە بە باش دانان و ئارەزوویەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی دەڵێین « نمونەی دیموکراتی» وەک ئەوەی کە نمونەیەکی میسالیە دەکرێت لەسەر ئاستی گەردونیدا بگشتێنرێت، وەک ئەوەی کە چوارچێوەیەکە توێژەر یان بیرمەند ئازاد دەکات لەهەر دەسەڵاتێکی دەرەکی وەک ئەرسەدۆکسی یان بڕوارەهایی یان دەسەڵاتی ئایینی.

لێرەوە بینیمان دریدا پێداگری دەکات لەئازادکردنی مەسەلەی « بیرکردنەوە لەئایین» لەهەر باوەڕڕەهایی بەتایبەتی ئەوەی پێداگری دەکات لەوە لەئایندا جگە لە وەهم و فێڵ لەخۆکردنێک شتێکی تر نەبینرێتەوە. ئەمڕۆ گەڕانەوە بۆ ئایین گەڕانەوە نابێت بۆ میتافیزیا، وەنە بۆ بیروباوەڕێکی کەنیسەیی دیاریکراو، وە نە بۆ رێکخستنێکی ئایینی دیاریکراو. بەڵکو پێویستی بەئایین لەڕوانینی ئەودا پێویستە ببەسترێتەوە بە نەبوونی شیاوەتی « مەسەلەی مردن» بۆ تێگەیشتن و فامکردن، نە لەلایەنی فەلسەفە و نە زانست و نە ئایدۆلۆژیاش.

گەڕانەوەی ئایینی ئەمڕۆ لە تێڕوانینی خاوەنی تەفکیکیەتدا، گەڕانەوەیەکی ئاسایی نیە یان سنوورداربێت لەشوێنێکدا، ئەوەش شایەتی لەسەر ئەمە دەدات جیهانیبوون و هەمەگیریی و وێنەکانیەتی کە بەشێوەیەکە پێشتر نەبووە و تەواو ئەفرێنراوە. ئەو تەنها گەڕانەوەیەک نیە بۆ ئەوەی کە ئایینیە چونکە لەیەکێک لە رەهەندەکانیدا « نەزعەیەکی وێرانکەرانەو ڕیشەییانە» لەخۆدەگرێت بۆ هەموو ئەوەی کە ئایینی و دنیاییە، وەک یاسای نێودەوڵەتی و، بنەماکانی مافی مرۆڤ، بەڵام هەروەها وێرانکردنێکە بۆ ژیانی هاوبەش و، ئەو لێبوردەییەی کەلە بنچینەی خودی ئاییندا هەیە، هەروەها بۆ ئەو شوێنانەی کەوا داڵدەی پیرۆز دەدەن... هتد.

بەڵام ئەم گەڕانەوەیە هەروەها لەرەهەندەکەی تریدا بانگەوازێک لەخۆدەگرێت بۆ ئازادکردنی « ئەزمونی پیرۆز» لەهەژمونی تیۆلۆجیاو میتافیزیا، هەروەک چۆن نەزعەیەک لەخۆگرتووە ئایین لەناوەوە بونیاد دەنێتەوە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی رۆحی برایەتی لەسەر ئاستی گەردوونی، هەروەها کار دەکات لەسەر بەدیهاتنی ئاشتەوایی لەنێوان مرۆڤەکاندا « رۆڵەکانی یەک خواوەند»، بەچاوپۆشین لەو ناکۆکیانەی کەوا هەیە لەنێوان ئاینە جۆراوجۆرەکاندا، بەتایبەتی ئەگەر ئەو بڕوایانە سەر بە یەک « کلتوری یەکتاپەرستی» بن ئاینە ئیبراهیمیەکان. دریدا وای دەبینێت کە ئەم بزوتنەوە ئاشتیانەیە کەوا داوای برایەتی و هاریکاری دەکات دوو ئاراستە تێیدا تێکەڵ دەبێت کە زەحمەتە لێک جیابکرێنەوە. یەکەم رەهەندی ناسوتیە « بۆ ئاوابوونی تراندستاڵی» واتە بزوتنەوەی بڕوابوون بەمافەکانی مرۆڤ و بەرگریکردن لەڕاستی لەژیانی مرۆڤایەتیدا. لەئاستی دووەمیشدا «جیهانگیری»

هەیە دەیەوێت باڵادەست بێت لەمەشدا وتارێکی یاسایی تەوزیف دەکات کەئەمڕۆ بە زمانی خۆرئاوا ئەنگلۆ -ئەمریکی دادەنرێت. ئەوەش ئەم گوتارە کاری بۆ دەکات ئەوەیە کە ئایین بخاتە خزمەتی زانستی تەکنیکیەوە، یان وا لە زانستی تەکنیکی بکرێت لەخزمەتی ئایندا بێت. هەردوکیشیان واتە جیهانگیری و ئوصولیەتە ئاینیەکان تۆڕە جیهانیەکان بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندیکردن، هەروەها تەکنیکەکانی پەیوەندیکردن لەدوورەوە.

بەپشت بەستن بە کتێبەکەی کانت « ئایین لەسنوری عەقڵدا بەتەنها Le religion les limites de laraison دریـدا جیاکاریەکی روون دەکات لەنێوان:"باوەڕێکی بیرکردنەوەیی"، کەلەسەر جیاکردنەوە لەنێوان باوەڕو مەعریفە بونیاد دەنرێت و داوا لەمرۆڤ دەکات بیربکاتەوە لەوەی کەپێویستە بیکات لەئایندەدا بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خوا بەدەست بێنێت و تەوبەی لێ وەربگرێت:" پێویست ناکات هەرکەسێک ئەوە بزانێت کەوا خوا چیکردوە یان چی دەکات لەپێناو رزگاربوونیدا، بەڵام پێویستە لەسەری ئەوە بزانێت چی دەکات لەپێناو ئەوی ببێتە شایستەی دەستگیرۆیی ئیلاهی". لەبەرئەوەی ئەم باوەڕە بیرکردنەوەیەش ملکەچی سروشێکی مێژوویی نابێت و پابەند نابێت بەهەر بیروباوەڕێکی دیاریکراوەوە، ئەمە وای لێدەکات کۆک و تەبابێت لەگەڵ " عەقڵانیەتی ئەخلاقی"دا وەک ئەوەی کانت لەکتێبەکەیدا " ڕەخنەی عەقڵی کرداری" دیاری کردوە ئەو " ئیرادەی باشە" ستایش دەکات لەوەدا کە مەعریفە وایدادەنێت و پێی وایە.

وە "باوەڕێکی توندو رەهایانە" بانگەشەی مەعریفە دەکات و جیاوازی نێوان باوەڕو مەعریفە فەرامۆش دەکات. ئەم باوەڕە ڕەهاییەش لەسەر باسکردنی باشەو نیعمەتە ئیلاهیەکان دەکات کەوا بـاوەڕداری پابەند بەدەستی دێنێت بەوشێوەیەی کەباوەڕ راسپاردەی پێدەدات و هەڵسوکەوت و کارەکانی دەسازێنێت بەپێی ئەوەی کە پێشتر دیاریکراوە. لەبەرئەمە دیتمان ئەم باوەڕە هانی مرۆڤ نادات لەسەر کارکردن و کۆششکردن و هەوڵدان بەدوای ئەوەدا کە باشترو تەواوترە، بەڵکو بە فێرکردنی نوێژکردن و شتانی تر لەفەرزە ئاینیەکانی تر واز دەهێنێت. لێرەدا ئایین دەبێتە هاووڵاتای پەرستش، ئەمە لەکاتێکدا ئایین لە"

باوەڕی نێڕامانیدا» دەبێنە هاوواتای کاری بەردەوام لەپێناو باڵایی ئەخلاقی و کەرامەتی مرۆیی. بەڵام ئەم "باوەڕە نێڕامانیە، چەند لایەنی سلبی و دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوە، دریدا جەخت لە دوو ئەنجامی مومکین دەکاتەوە بەڵام بەتاڵیش نین لەجیاوازی ئەوانیش:

– ئەنجامی یەکەم دەڵێت پابەندبوون بە ناوەڕۆکی ئەم " باوەڕە بیرکردنەوەیە" وا دەکات بنچینەی ئایین برینی بێت لە ئەخلاق و ڕوانین بۆی تەنها لەگۆشەنیگای عەقڵەوە بێ پەیوەستبوون داواکاریەکانی باوەڕو ئایدۆلۆژیاوە. ئەمەش بەواتای " هەڵسوکەوتکردن بەپێی ئەخلاق دەخوازێت لەمرۆڤ مامەڵەبکات لەژیانیدا وەک ئەوەی ئایین بوونی نەبێت، هەروەها وەک ئەوەی کە خوا رزگارکردنی ئەمی بەلاوە گرنگ نەبێت. یەکێک لە سلبیەتەکانی وەرگرتنی ئەم " باوەڕە بیرکردنەوەی"یە ئەگەر بەزمانێکی نیچەیی گوزارشتی لێبکەین– برێتیە لەدانان بەئاوابوونی باڵا یان " مردنی خوا" ئەمە لەکاتێکدا ئەم گوزارشتە ناڵێت خودا بوونی نیە، بەڵکو دەڵێت خوا کشاوەتەوەو دیارنەماوە، وە بەرپرسیارێتی ئەوەی کە روودەدات لەگەردوندا برێتیە لە بەرپرسیارێتی تەنها مرۆڤ. ئاوابوون لێرەدا بەمانای کشانەوە دێت Le retrait و ئاوابوون Le crepuscule و مانای نەبوون و عەدەم ناگەیەنێت. دریدا دەڵێت: " چ کاتێک کەسی مەسیحی وویستی مۆرکی ئەخلاقیی بدات لە کردەوەکانی ئەوا دەبێت پشت لەخوا بکات لەکاتی کارەکەیدا بەپێی بنەمای ئیرادەی چاکەو وا هەڵسوکەوت بکات وەک ئەوەی خوا وازی لێهێناوە". ئایین – لەنێڕوانینی دریدا– ناتوانێت هەستێت بە پەیامە ئەخلاقیەکەی تەنها کاتێک نەبێت کەوا هانی باوەڕدا بدات لەسەر نکوڵیکردنی سەرسەختانەی ئاوابوون و نائامادەگی خودا لەم جیهانەدا کەوا شەڕی ڕیشەیی باڵی بەسەردا کێشاوە لەناو دڵی ئەم مێژووەشدا کەوا پڕە لە ڕوداوە لەڕادەبەدەرو سەمەرەکان. ئایا ڕوداوی 11 سێپتەمبەریش یەکێک نییە لە رووداوە سەمەرەو لەڕادەبەدەرەکان؟ هەروەها دریدا پێی وایە جولەکەو ئیسلام، بەپێچەوانەی مەسیحیەوە، بەدوایین ئایینی یەکتاپەرستی دادەنرێن کەوا بەوپەڕی هێزەو لەبەرامبەر هەموو باوەڕێکدا دەوەستنەوە کە ئاماژە بە « مردنی خودا» بکات لەچوارچێوەی پرۆسە بەگاورکردن کە ئەم جیهانەمان بەخۆیەوە دەبینێت.

هەروەک چۆن ئەو دووانەو، بەپێچەوانەی مەسیحیەتەوە، ڕێگە بەوتنی فرەیی نادەن لەیەک چوارچێوەدا، ئەمەش وای لێکردون نامۆبن لەو رۆشنبیریە گریکیە-مەسیحیەی کەئەمرۆ ئەوروپا مۆرکی گرتووە.

- ئەنجامی دووەم ئەمەیان بەئارستەیەکی پێچەوانەی یەکەمدا دەڕوات ئەوەیە کە باس لە مۆرکی پێش- ئەخلاقی، پێش- ئایینی دەکات بۆ بونەوەری بەرپرسیار-گوناهبار-، بۆ شەهادەتی رەسەن و بنچینەیی. بەمانای ئەوەی کە دان بەبوونی " ئەزمونێک بۆ پیرۆزی" دەنێت کەپێشترەو لەبەرترە لەهەموو باوەڕێک و هەمووو عەقڵانیەتێکی ئەخلاقی. ئەم ئەزمونەش ناکرێت بەدەست بهێنرێتەوە ئەگەر پیرۆز رزگار نەکرێت لەهەژموونی تیۆلۆجیاو میتافیزیا، واتە لەهەژموونی ئەوەی هایدگەر پێی دەڵێت مۆرکی ئەنتۆ-تیۆلۆجی بۆ ئایین. بەزمانی نیچیەیش ناکرێت ئایینی رەسەن و ڕیشەیی بەدەست بهێنرێتەوە تەنها کاتێک نەبێت بیری لێبکرێتەوە لەدەرەوەی ئەخلاق و لەدەرەوەی تیۆلۆجیاوە، واتە لەدەرەوەی دوانیەتی خەیرو شەڕو، دوانیەتی باوەڕو کوفر ون دوانیەتی جیهان و ئەوەی لەپشت جیهانەوە هەیە.

لەچێوەی ئەم جیاکاریە کانتیەدا لەنێوان باوەڕی ئەخلاقی و باوەڕی پەرستنشی، دریدا دوو سەرچاوە دیاری دەکات بۆ ئایین: یەکەم دەکرێت ناوبنرێت بە "مەهدەویەت" وەک وەرگێڕانێک لەبەرامبەر messianisme ی فەرەنسی ئەگەریش ئەم باوەڕە لەئینیجلدا مانای باوەڕ بوون بگەیەنێت بەهاتنی مەسیحی دڵسۆزو ڕاستگۆ کەوا بەدادپەروەری حوکم دەکات و بەویژدان دەبێت بۆ بێنەوایانی زەوی و، لەزەویدا دادپەروەری بڵاودەکاتەوە دوای ئەوەی پڕبووە لەستەم و، رەخنە لەهەموو مرۆڤایەتی دەگرێت. ئەوا دریدا ئەم گوتەیە کە لە کلتوری ئایینی مەسیحی و جولەکەیەوە هەڵیدەگۆزێت تەوزیفی دەکات بۆ ئەوەی بەئاماژەو مانا نوێ و جیاوازەکەی بەکاری بێنێت کە بەتاڵە لەهەر ناوەڕۆکێکی لاهوتیانەی پێشوو. دریدا ئەم گوتەیە بەکاردەهێنێت بۆ ئاماژەکردن بە ئەزمونی باوەڕ یان باوەڕێکی قوڵ و ڕیشەیی بەبێ باوەڕ یان ئایدۆلۆژیا، وە بەبێ بەڵێنێک بۆ رزگاربوون یان زەوی بەڵێنپێدراو. ئەمە بەڵێنێکە بەبێ بەڵێنێکی دیاریکراو و، چاوەڕوانیەک بەبێ ئاسۆی چاوەڕوانی. ئەمە جۆرێکە لەباوەڕ کە پشت بەهیچ

ئایدۆلۆژیاو باوەڕێک نابەستێت. بەم مانایە ئارەزومەندیە بەرەو ئایندە بەڵام ئایندەیەک کە شایستەی پێشبینیکردن و پەیپێبردن نیە، بەڵکو کتوپڕو لەناکاوە لەڕوودانیدا. ئەم ئارەزوومەندیە بەرەو ئایندە بەرەو ئەوەی کە دێت ڕەنگە ئارەزومەندی بێت بەرەو باشتر، یان بەرەو ئەوەی کە خراپترە بەتایبەتی لەسایەی جیهانێکدا کەوا شەڕی ریشەیی لەسەر هەڵنیشتووەو کارەسات و نەهامەتیە بێ سنورەکان لەپێشیدایە، ڕەنگە لەناوئاخنیدا هیوایەک هەبێت ڕوو بەدەلاقەیەک، ڕەنگیشە تەواو بەپێچەوانەی ئەوەوە ببێتە هۆی مردن.

سەرچاوەی دووەم بۆ ئایین، بەبۆچوونی دریدا، ناوی "کوراKhoral "ی لێدەنرێت ئەمەش گوتەیەکە دریدا لە ئەفلاتونەوە وەریگرتووە کە بۆیەکەمجار بەکاری هێناوە لەگفتوگۆکەیدا " تیماوس"، کە لەمانا ڕەسەنەکەیدا واتە " ئەو دەفرەی کەوا کاری " خواوەندی دروستکەر"ی تێدا دەخرێتەڕوو، ئەمە لەکاتێکدا ئەفلاتون بەکاری هێناوە بۆ ئاماژەدان بە شوێنی سێیەم لەنێوان جیهانی ترندسئاڵی و جیهانی بەدیهاتوو. ئەگەریش هەبووەکان دابەش ببن بۆ دوو بەش هەبووی ئەزەلی و هەر هەبوویی جێگیر کەملکەچی صەیرورە نابێت و، هەبووی بەدیهاتوو ملکەچ بە صەیرورە، ئەوا ئامادەگیەکی سێیەم هەیە خۆی لەو دەفرەدا دەبینێتەوە کە دەتوانێت ئەو شتانە لەخۆبگرێت کە لە ڕەوشی صەیرورەدان. رونیشە ئەفلاتون نەیتوانیوە بیرکاتەوە لە چەمکی "کورا" تەنها بەهۆی زمانێکی مەجازی و وێنەیەکی خوازەیی وەک دەفر و دایک و دایەنگەو منداڵدان نەبێت. بەڵام دریدا لێرەدا گووتەی (کورا) بەکاردەهێنێت بۆ گوزارشتکردن لەو ماوە جیاکەرەوەیە لەناوەوەو، ئاماژەکردن بۆ " بیابانێک کەلەناو دڵی بیاباندایە. " ئەمە برینیە لەشوێنێک کە " پنت یان خاڵی بەرگریی" پێکدەهێنێت، دژی هەموو هەوڵێکە بۆ سازاندن و گونجاندنێک کە یادەوەریی گشتی یان کلتوری باو یان سیاسەت یان مێژوو ئەنجامی دەدات. ئەمە گوزارشتێکە لەوی دی کە سیماو روخساری نیە. بەهۆی ئەمەشەوە نە یادەوەری و نە رۆشنبیری لەخۆیی ناگرێت ئەمە " بیابانێکە لەناو بیاباندا" یان " بیابانێک لەناو دڵی بیاباندا"، یان " بیابانی یادەوەریی". ئەم شوێنە کە دریدا وای دادەنێت سەرچاوەی ئایینە، هەر ئاینێک، شڵەژان و پارسەنگیی پێوە دیار دەبێت لەنێوان هەردوو جەمسەری سروش و کەشفکردندا،

لەنێوان پەیگریی و گریمانەی پەیگیریدا، لەنێوان سیستمێک سروشی پێدەدرێت و سیستمێکدا کەوا شیاوە بۆ کەشفکردن. دریدا پێی وایە ئەم مۆرکە شڵەژانی و لەڕوویەی ئەم شوێنەیە، وای لێدەکات کە ببێتە سەرچاوەیەک و هەلێک بۆ دەرکەوتنی " باوەڕێکی بیرکردنەوەیی"ی تر، دەرکەوتنی لێبوردەییەکی نوێ.

بەوشێوەیە کەواتە وادیارە ئەزموونی ئایینی- لەم وێناکردنە دریداییەدا- پێکهاتووە لە ئەزمونی بیابان لەناو دڵی بیاباندا، واتە ئەزمونێک کە پشتبەستووە بە سەرسامیی و خۆپارێزی و وەرگرتنی مەسافەو جیاکردنەوەو، هەڵوەشاندنەوە، بەڵام تێگەیشتن لە بیابان لێرەدا بەوشێوە نا کە برینی بێت لەوێڵی و گۆشەگیری و ئاتاجی بەتەنها، بەڵکو هەروەها ڕوانین بۆی وەک ئەوەی هیواو بەڵێن و چاوەڕوانییە.

کەواتە بنچینەی ئایین، برینیە لەچاوەڕوانی و چاودێری لەگەڵ هیوایەکی گەورە بۆ کرانەوەی دەروو لێی، هەروەها ئارزویەکی سەرسەختانە بۆ دادپەروەریی. ئەوەش گومانی تێدا نییە ئەویە ئاماژە داناشراوەکان بۆ گوتەی ئایین لەزمانی لاتینیدا هەموویان ئاماژە دەکەن بۆ ماناکانی پەیوەستبوون و پێوەندو پابەندبوون. مانای جۆرێک لە گرێبەست دەگەیەنێت لەنێوان مرۆڤ و خواوەند بنچینەکەی برینیە لەئەرک و ئایین مانای پرۆسەی کۆکردنەوەو سەرلەنوێ کۆکردنەوەو رێکخستنی دەگەیەنێت وەک شێوەیەک لەشێوەکانی بەرگری بۆ جیابوونەوە (لەنێوان خواو مرۆڤدا) وە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆنویستی رەها.

هایدگەر بنچینەی ئایین دەگێڕێتەوە بۆ دوو ئەزموون ئەوانیش: ئەزموونی پیرۆزی( رزگاربوو، دەرباز)و ئەزموونی باوەڕ (باوەڕو ڕاستاندن)، کە ئەوە کراوەتربوو لە ئەزموونی یەکەم کەلەنزیکەوە سەرنجی لێداوە لەرێگەی قەصیدەکانی هۆلدرین، لەکاتێکدا ئارەزوویەکی زۆر نیشان دەدات بۆ ئەزموونی دووەم بەوەی کە لەسەر ڕاستاندن یان بڕابوونی ساویکانە دەوەستێت کەوا تاک دەخاتە ناو داوەکانی دەسەڵاتەوە. (iv) ئەوا دریدا لە ئەزمونی باوەڕبووندا جیاکاری دەکات لەنێوان دوو شتدا، لەنێوان باوەڕبوونی ساویلکانە کەوا هایدگەر ئیدانەی کردووە، وە لەنێوان وێنەیەکی تردا بۆ باوەڕبوون کە باوەڕبوونێکی بەوەفا و دڵسۆزە کە مەرجی بوون پێکدەهێنێت لەگەڵ ئەوی تر، وە مەرجی

رووئێکردن یان بەرپاکردنی پەیوەندیەک لەگەڵ ئەوی تر بەشێوەیەکی گشتی. ئەم جۆرەی دووەمیشە لەباوەڕبوون که دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ بەڵێن، بۆ ئەو بەڵێنەی که لەوێکی تری جیاوازەوە دەردەچێت.

دریدا باس لەئەزمونێکی تر دەکات پێی دەڵێت " ئەزمونی شەهادەت" که ئەمە چەمکێکی پێشترە لە چەمکەکانی رۆشنبیری و یاسا، وە لەسەر کۆکردنەوە لەنێوان دوو سەرچاوەدا دەوەستێت کەوا هایدگەر دیاریکردون وەک دوو سەرچاوە بۆ ئایین، واتە پیرۆزی و باوەڕبوون. کەواتە ئەزمونی شەهادەت نمایشی خاڵی بەیەکگەیشتنی ئەو دوو سەرچاوە دەکات کەوا وێنەی زۆرو هەمەجۆریان هەیە، ئەمەش بە لەنێروانینی دریدا پاساوی پێویستی لێپرسینەوەی دەداتەوە. لەشایەتیدا بەڵێن دەدرێت بە وتنی راستی لەپشت هەر نیازێک یان دەرککردنێکەوە. هەتا کاتێکیش درۆ دەکەم ئەوا من بەڵێن دەدەم بەوتنی ڕاستی، هەروەها داوا لەوی تر دەکەم کەبڕوا بەوی تر بکات کەوا خۆمم. ڕاستاندنی شایەتی لێرەدا دەبێت وەک چۆن بڕوا بە موعجیزە دەکەین یان " چیرۆکی لەڕادەبەدەر".

شەهادەت بوونی هەیە لەنێوان دوو سەرچاوەدا، لەرێگەی یەکخستنی باوەڕو ڕاستاندنی بەویتر. بەپیرۆزکردنی ئەو ئامادەییە- نائامادەگیە، یان بەپیرۆزکردنی یاسا، بەوەی که یاسای ئەویترە. ئەم سەرچاوەیە دەکرێت بەچەندین رێگە دابەش ببێت:

یەکەمیان، هەڵبژاردن لەنێوان پیرۆزیەک که باوەڕ لەگەڵیدا نیە (نمونەی هایدگەر) وە باوەڕبوون بەپیرۆزیەک که پیرۆزی نیە لەگەڵیدا و، لابەرە و لێکەرەوەیە بۆ هەموو مۆرکێکی پیرۆز هەتا ئەو لابردنی مۆرکی جادویی جیهان دەکاتە مەرجی پیرۆزی ئەصڵی و بنچینەیی).

بەوشێوەیە بۆشایی و بەتاڵیی لەپشتیەوەیە " کشانەوەی خوا Le retrait de Dieu بەڵێنێک بە ئیمکانیەتی بەرپابوونی بیرکردنەوەیەکی نوێ لەئایندا هەڵدەقوڵێت. ئەم ئیمکانیەتەش، لە نێروانینی دریدیدا لەدەرەوەی بیرۆکەی ئەرتۆدۆکسی تەقلیدیەوە بۆ ئایین دروست دەبێت، هەروەها لەدەرەوەی نەزعەی مرۆیی سەرکەوتووەوە هەر لەرۆشنگەری و دژ بەئایینەوە. بۆیە پێویست ناکات تەفکیکیەت بخوێنرێتەوە وەک " هێرمۆنتیکا بۆ مردنی خوا"، بەڵکو

برینیە لە رەخنەیەکی ڕیشەیی بۆ دەرئەنجامەکانی نەزعەی مرۆیی تایبەت بە نوێگەری خۆرئاوایی. ئەمەش وا دەکات کە تەفکیکیەت لەدەروەی دوالیزمەکانی تیۆلۆجیاو میتافیزیاوە دروست بێت: وەک دوالیزمەی باوەڕو کوفر و، دوالیزمەی ئایینی و دنیایی و، پیرۆزی و ناپیرۆزی..هتد ئەو دەیەوێت لەرێگەی ئەم پرۆسەی تەفکیکەوە، هەموو ئیمکانیەتەکان لێک بترازێنێت کەهەوڵی ئامادەیی تیۆلۆجیا دەدات لەوێنە تەقلیدیەکەیداو، دانان بە ونبوونیدا بەشێوەیەک کە چیدی مایەی ئەوە نیە بگەڕێنرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە لەرێگەی ئەم پرۆسەی ئاە و حەسرتەوە تەئکیدکردنەوە لە تیۆلۆجیایەکی مومکین.

**پەراوێزەکان:**

1-بەراوورد بکە لەنێوان ئەم وێناکردنەی کە دریدا فۆرمەلەی دەکاتەوە بە پشت بەستن بە کتێبەکەی کانت « رەخنەی عەقڵی کرداری»، هەروەها لەنێوان وێنای موعتەزیلەدا بۆ مەسەلەی دادپەروەریی ئیلاهیی.

2-الدین فی عالمنا» لا 19، سەرچاوەی پێشوو

3-بڕوانە پەراوێزی « الدین فی عالمنا» لا 25.

4-لەکتێبەکەیدا (الطرق الموصدە)، هایدگەر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی « پرسیارە بیر بەهێز دەکات، وە « باوەڕ یان بڕوابوون نیە لەفکردا» هایدگەر مەبەستی لە باوەڕ یان باوەڕبوون، ئەو ڕاستاندنە ساویلکانەیە کە بیرناکاتەوەو چاوەکانی دادەخات تا دەکەوێتە ژێر چنگی دەسەڵاتەوەو بەشێوەیەکی دۆگمایانە ملکەچی وتارەکانی دەبێت.

## تیۆری هەڵوەشانەوە لە فەلسەفەوە بۆ رەخنەی ئەدەبی

مەمدوح ئەلشەیخ – هەیسەم حسێن
لەعەرەبییەوە: عەبدوڵلا مەحمود زەنگنە

جاک دریدا یەکێکە لەو بیرمەندو فەیلەسووفانەی لە بنچینەدا لە جەزائیر گەورە بووە و هەر لەوێش ژیاوە تا بۆ خزمەتی سەربازی گەڕاوەتەوە پاریس، دواتر چوەتە پەیمانگەی باڵای مامۆستایان و بووەتە قوتابیی بیرمەند " جان ئیبۆلیت" پسپۆڕ لە فەلسەفەی هیگڵ. دریدا توانیی ناوی خۆی بەسەر ژیانی هزریی فەرەنسادا بسەپێنێت و کاریگەریی بگەیێنێتە ئەمریکا و لە ساڵێکدا یەک مانگی تەواو لەزانکۆی «ییل» وانە بڵێتەوە، دریدا یەکێکە لە دانسقەترین فەیلەسووف و بیرمەندانی بونیادگەرایی وەک « لیڤی شتراوس، جاک لاکان، میشێل فۆکۆ، رۆلان بارت». بەهۆی نووسینە زۆرەکانیەوە ناوبانگێکی زۆری دەرکرد.. گەرچی زۆرینەی نووسینەکانی سەبارەت راوبۆچوون و نووسینی ئەدیب و فەیلەسووف و بیرمەندانی تر بوو. وێڕای چەندین کتێب کە تیایاندا قسەی لە هەندێ بابەتی دانسقە کردووە، وەک کتێبی « کارتە وێنەییەکان»، « هەقیقەتی وێنە». دریدا لە ساڵی 1962 دا ناوبانگی زیاتری دەرکرد، دوای بڵاوکردنەوەی بابەتێکی وەرگێڕدراو لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی فەیلەسووفی ئەڵمانی «هۆسرێل» لە بارەی ئەسڵی ئەندازەوە، پێشەکیەکی «150» لاپەڕەیی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە نووسی و کتێبەکەیش خەڵاتی»کافیێ»ی وەرگرت.

هەرچەندە ناوی دریدا راستەوخۆ پەیوەستە بە بونیادگەری و بونیادگەراکانەوە، بەڵام هاوکات پەرۆش بوو بۆ دەرخستنی پارادۆکسی نێو راوبۆچوونی بونیادگەراکانی تر. لە کتێبەکانی « گراماتۆلۆژیا، گوتە و دیاردە، نووسین و جیاوازی» گومان و بێمتمانەیی خۆی دەردەبڕێت لە هەموو فۆرمەکانی بیرکردنەوەی میتافیزیکی، بەوپێیەش دەبێتە خاوەنی ئاراستەیەکی نوێ و گرنگ لە نێو فێرگەی بونیادگەریدا کە بە « پاش بونیادگەری» ناوبراوە. دریدا شێوازی تایبەتی خۆی هەبوو لە کردەی شیکردنەوەی دەق و رەخنە لێگرتنی کە ئەم شێوازەش بە « ستراتیژی هەڵوەشانەوە» ناوبراوە، واتە هەڵوەشانەوەی

دەق بە مەبەستی روونکردنەوەی کە بریتیە لە ئاوێتە و تێکەڵەیەک لە دەقی تر. دەشێت ئەم هەڵوەشاندنەوەیە ئەو رێگەیەش بخاتە روو، کە بەهۆیەوە سەرەتا دەق پێکهێنراوە. نووسینەکانی درێدا بە گشتی و لێکهەڵوەشاندنی دەقی نووسەرانی تر بە تایبەتی جۆرێک لەقورسایی لەخۆ دەگرێت، کە لە یەکەم لاپـەڕەوە هەستی پێدەکرێت، چونکە پڕە لە دیالێکتی وشە و دەستەواژە و جێگرەوەی دەستەواژەکان، کە بە ئەستەم بۆ زمانی عەرەبی و زمانی تریش وەردەگێڕدرێن. جاک درێدا یەکێکە لە بنچینە و کۆڵەکەکانی لێکهەڵوەشاندنی هاوچەرخ و هاشم ساڵح سەبارەت بە کۆچی دوایی دەڵێت «درێدا ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی پاریس بوو و بە لەدەستچوونی، تەلاری فەلسەفی بنچینەیەک لە بنچینە سەرەکیەکانی لەدەست دەدات، ئاخۆ کەی زەمەن فەیلەسووفێکی تری وەک درێدا بەخۆیەوە ببینێتەوە».

لێکهەڵوەشاندن زاراوەیەکە لەزاراوە باوەکانی نێو رەخنەی هاوچەرخ و بەهۆی بوونی چەند چەمکێکی دژ بە میتافیزیک لە ناوەڕۆکیدا زاراوەیەکی جێ بە مشتومڕە. بیرکردنەوەی رەخنەی عەرەبییش لە بارەی ئەم زاراوەیە و هاوشێوەکانیەوە ئەوەری گرتووە، دوای ئەوەی ئەو هەوڵانە وەستان کە ئامانج لێیان ئەفراندنی تیۆرێکی رەخنەیی عەرەبی بوو.

وەک هەموو بەشەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکان، پرسی ئەو سیستم و رەوتەی هزرەکانی تێدا سەرهەڵدەدەن و پەرەدەسەنن جێی مشتومڕ لەسەرکردن و جیاوازیە لە راوبۆچوونی ئەوانەدا، وادەبینن دیاردە مرۆڤایەتیەکان بە پێی ساڵگەلێکی چەسپاو پەرەدەسەنن کە بەو سیستم و رەوتە ژیاریە کاریگەر نابن تیایدا سەریانهەڵداوە، لەنێوان ئەوانەشدا پێیانوایە هەموو کردار و بیرۆکەیەک رەنگدانەوەی دیدێکی ژیاریە کە خۆی لەخۆیدا - دیار بێت یان نادیار - هەڵگری بۆچوون و وێناکردنن لە بارەی خود و ئەوانی تر و گەردوون و میتافیزیکەوە. بەڵام واقیعی لێکۆڵینەوە رەخنەییە عەرەبیەکان خۆیان بە فێرگە خۆرئاواییەکانی وەک بونیادگەری و لێکهەڵوەشاندنەوە و....هتد سەرقاڵ کردووە..پاڵنەری ئەو خۆ سەرقاڵکردنە ترس بێت لە پاشکۆیەتی بۆ کلتورێک لە دەرگاکان دەدات و هەڵگری پاشۆکیەتیەکی ئابوری و سیاسی و راگەیاندنکاریە کە رەوایی بەو

ترسە دەدات، یاخود پاڵنەرەکە خواستی گەیشتنەوە بوبێت بە کاروانێک بە کردەیی رێی گرتۆتە بەر و چەندین وێستگەی لە ڕێدایە، هەرکام لەوانە بێت، بەڕێوەبردنی جۆرێک لە دیالۆگی ئەرێنی لەگەڵ ئەو هزر و فێرگە رەخنەییانەدا سوودی خۆی دەبێت.

### * لێکهەڵوەشاندن

یەکەمین دیاردەی مشتومڕ لەسەر بەرانبەرە عەرەبیەکەی دەستەواژەی (deconstruction)، لەوەدابوو کە دکتۆر محەمەد عەنانی پێیوایە بەکارهێنانی زاراوەی ( تفکیک/ هەڵوەشاندنەوە) بەکاریهێنانێکی تەواوە بۆ زاراوە ئینگلیزیەکە، چونکە (تفکیک) کە سەرچاوە پیشەسازیەکەی لێوە سەرچاوە گرتووە، مانای هەڵوەشاندنەوە و نەهێشتنی پەیوەندیی پارچەکان بەیەکەوە دەگەیەنێت و لەزمانیشدا هەمان مانای لێکهەڵوەشاندنەوەی بەشە گریمانەکراوەکانی زمان و هەموو ئەوانەی دەرەوەی دەگەیەنێت.1، نووسەرانی کتێبی " دلیل الناقد الادبی" بۆ ئەوە چوون وەرگێڕانی لەوجۆرە لەو چەمکە نزیک نابێتەوە خاوەن تیۆرەکە مەبەستێتی، هەرچەند ئەو دوو نووسەرەش دان بەوەدا دەنێن زاراوەی " تقویچیە، هەڵوەشاندنەوە" کە ئەمان بەکاریان هێناوە هەمان کێشەی نەگەیشتنیان هەیە بە مانای تەواوی ئەو چەمکە تیۆرییەی دریدا بەکاری هێناوە، بەڵام بە باشتریان داناوە چونکە تیۆرەکە - بە پێی بۆچوونی رەخنەگرانی عەرەب - بونیادنانی دوای هەڵوەشاندنەوە قبوڵ ناکات. دریدای خاوەنی ئەم تیۆرە پێیوایە دەبێ هزری میتافیزیکی خۆرئاوایی وەک تەلارێکی بیناسازی هەڵبوەشێنرێتەوە و دووبارە بونیادنانەوەیش لەگەڵ چەمکەکەدا ناگونجێت. بۆیە هەر هەوڵێک بۆ بونیادنانەوە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەو هزرەدا نابێت کە دەویسترێت هەڵبوەشێنرێتەوە، مەبەست لە هزری» ئامانجگەرایی ، غائیە«2 .

لێکهەڵوەشاندن لە سەر دەستی فەیلەسوفی فەرەنسی (جاک دریدا) لە سێ کتێبیدا دەرکەوت کە ساڵی 1967 بڵاوی کردنەوە.3 دریدا ئەم تیۆرەی بە رەخنەگرتن لە هزری بونیادگەری دەستپێکرد، کە ئەو دەمە باو بوو جەختی لەوە دەکردەوە کە ئێمە ناتوانین بە رێگە تەقلیدیەکان بگەینە چارەسەرکردنی کێشەی

«ئیحالە، حەواڵەکردن». واتە توانای دەستەواژەکان لە حەواڵەکردنمان بۆ شتەکانی دەرەوەیان، ئەو نکۆڵی لەوە دەکات زمان « بوونی هێنابێت»، مەبەست لەمە توانایە لە پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان ئەو کلتورەی مرۆڤ درووستی کردووە و ئەو سروشتەی خودا هێناویەتە بوون. هەموو هەوڵی فەیلەسوفانی خۆرئاوایش لە چەسپاندنی پەیڕەوەکانیان لەسەر بنچینەی شتانی بەڵگەنەویست، یان لەسەر بنچینەی هەقیقەتە بەڵگەنەویستەکانی دەرەوەی زمان، هەوڵی نەزۆک بوون. دریدا ئەو هەوڵانەی بە بێهوودە و سۆز بۆ رابـردوو لە یەقینێکی ساختەوە وەسفکردووە،4 کە هزری خۆرئاوایی بە چەندەها دەستەواژە لە بارەی هزری بنەما سەنتەریزمیەکانی وەک: بوون، ماهیەت، گەوهەر، هەقیقەت، فۆرم، ناوەرۆک، ئامانج، هۆشیاری، مرۆڤ، خواوەند» تەعبیری لێکردوون.5

وێڕای ئەو تایبەتمەندییانەی تیۆرەکە، بەڵام دریدا سوورە لەسەر ئەوەی پرۆژەکەی پەیوەندیی بە نەبوونگەرایی» عەدەمیەت»وە نیە، بەڵکو پێیوایە خوێندنەوەی لێکهەڵوەشاندنەوەی ئەو، خوێندنەوەیەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە دەق لێکۆڵینەوەیەکی تەقلیدی، یان بۆ سەلماندنی مانا روون و راشکاوەکانی و دواتر هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی مانا پەیوەستەکان بەو دەقەوە، بەڵام بە خوێندنەوەیەکی پێچەوانە پشت بەو مانایانەی دەقەکە دەبەستێت کە پارادۆکسی مانا روون و ئاشکراکانن. واتە مەبەستی پەیبردنە بە کەلێنێک لەنێوان مانا ئاشکرا و روونەکان و مانا شاراوەکانی دەقەکە. بەو جۆرەش خوێندنەوەی لێکهەڵوەشاندن هەموو خوێندنەوە باوەکانی فەلسەفەی میتافیزکی ئاوەژووکرد. دریدا پێیوایە هزری خۆرئاوایی بەرمەبنای دوالیزمەیەکی دژ یەکیی دوژمن بە یەکییە، کە لەیەککاتدا لەسەر ئەو دوالیزمەیە دامەزراوە و هەر بەویش بوونی دەبێت، وەک : عەقڵ و عاتیفە، جەستە و رۆح، خود و ئەوی تر، زارەکی و نووسین، پیاو و ژن.6

### * هەڵوەشاندنەوە، وەک میتۆدێکی رەخنەیی

دریـدا لە هەموو خوێندنەوەکانیدا لـەو بابەتانەی کە لە ژێر لێکۆڵینەوەدان زاراوە دادەڕێژێت و تەنها لەڕێی بەدواداچوونی ئەو زاراوانە

و چۆنێتیی ئیشکردنیانەوە لە نێو دەقە ئیش لەسەرکراوەکەدا لە تیۆرەکەیش تێدەگەین، هەموویشیان لەبوون یاخی دەبن تەنها لەدەرەنجامی کارلێک نەبێت لەنێو دەقەکەدا، گرنگترینی ئەو زاراوانەیش کە دریدا داڕشتوون:

وەشاندن، پەرتبوون diffrence

ئەسەر، نیشانە trac

جیاوازی، دواخستن defferance

دریدا بۆ ئەم زاراوانەی کە لە دەقی ژێر لێکۆڵینەوە داڕێژراون وشەی "ژێرخان"ی بەکارهێناوە 7.

* ئەسەر، نیشانە trac

دریدا تووڕەیی خۆی بەسەر ئەو دەنگۆیەی بونیادگەراکاندا رشت، کە پێیوانبووە دریدا خواستی ئیشکردنی هەیە لەسەر میتۆدی زانستی، زانست لای ئەو - وەک ئاین و فەلسەفەی میتافیزیکی - سیستمی خۆی لەسەر « ئامادەگی» دادەمەزرێنێت کە مانای رادەست بوون دەگەیەنێت بە سیستمێک لە دەرەوەی زماندا کە حەواڵەکردن بۆ هەقیقەت یان هەقیقەتەکان پاساو دەدات. دریدا بەڵگەکەی بەمجۆرە ئاسان دەکات: « فەلسەفەی خۆرئاوایی لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە دەیەوێت گریمانەی بوونی شتێک بکات کە بە هەقیقەت یان هەقیقەتی باڵا ناودەبرێت، یان ئەوەی کە ئەو بە « مەدلولی باڵا»ی ناو دەبات، واتە ئەو مانایەی لەسەروو چوارچێوەی هەستەکان و هەموو گوتە دیاریکراوەکانی ژیانەوەیە. بە رای ئەو دەشێت لە میانەی کۆمەڵێک قەوارەی میتافیزیکیی وەک: (وێنە، بنەمای یەکەم، ئەزەل، ئامانج، هەیوولی» کەرەستەی خاو»، خودا)وە دەرکی پێبکرێت کە لە هەموو پەیڕەوە فەلسەفیەکاندا پێگەی پێشەوەیان گرتووە، دەکرێت زمان بە کۆتا فلتەری سەر بەو لیستەی بوون دابنرێت 8.

چەمکی»ئەسەر»، نیشانە..لە فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوەدا ( بۆیە هەر وشەی ئەسەرم بەکارهێناوە چونکە چەمکەکە تایبەتە بە بوونی نیشانە، یان ئاسەوارێکی مەبەستدار لە دەقدا، کە دواجار بە پێی بووچوونەکانی دریدا ئەو ئاسەوارەی نێو دەق چەمکە میتافیزیکیەکان بۆ هەمان زاراوە هەڵدەوەشێنرێنەوە/ وەرگێر)، پەیوەندە بە چەمکی « ئامادەگی خودی» و لای دریدا ئەسەر چەمکە

میتافیزیکیەکە بۆ ئەسەر و ئامادەگییش دەسڕێتەوە.9 ئامانجی دریدا لێکهەڵوەشانی فەلسەفە و داڕەنینی خواستەکانێتی بۆ دەرککردنی ئامادەگی لەوێوە کە ویستوویەتی بیسەلمێنێت ئیشی خودی زمان ڕێگرە لە گەیشتن بەو ئامانجە. لە بەرانبەر تەرکیزکاری لە بەرانبەر یەک دانانی (دال و مەدلول) واتە ( گوتە و مانا) لای سۆسێر، دریدا پێشخستنی «دال» بەسەر «مەدلوول»دا ڕەتدەکاتەوە، چونکە بۆچوونی سۆسێر بوونی چەمکی «ئامادە»ی لە دەرەوەی گوتەکاندا دەگەیاند 10.

*** جیاوازی/ دواخستن، راگرتن ( الاختلاف، الارجاو) defferance**

وەرگێڕانی ئەم زاراوەیە لەزمانی عەرەبیدا کێشەی زۆری لێکەوتەوە و هەندێ بە ( الاختلاف، الارجاء) 11و هەندێ بە (الاختتلاف)12 و دکتۆر عبدالوهاب مسیریش بە (الاخترجلاف)ی داناوە کە لێکدراوی هەردوو وشەکەیە. (بێگومان ئێمە لە وەرگێڕانی زۆربەی ئەم زاراوانەدا بۆ زمانی کوردی کێشەمان زیاتر دەبێت و لە هەندێ باردا ڕەنگە بە هیچ وشەیەک نەگەینە مەبەستی تەواوی زاراوەکە/ وەرگێر) دریدا خۆیشی لە وشە فەرەنسیەکەوە « differ" دایڕشتووە. کە مەبەستی سەرەکی لێیان جیاوازیە لە " شوێن" و دواخستنە لە " کات"دا. دریدا پێیوایە مانا لە جیاوازیی "دال"ێک و "دال"ێکی ترەوە دروستدەبێت، چونکە هەموو "دال" ە کان لە یەکتری جیاوازن گەرچی هاوبەندییشیان پێکەوە هەیە، هەر "دال"ێکیش لە نێو تۆڕێک پەیوەندیی لەگەڵ "دال"ەکانی تردا دەستنیشان دەکرێت، بەڵام مانای هەر "دال"ێک بە تەواوی و لە یەک ساتەوەختدا بوونی نابێت (چونکە وێڕای ئامادەگییشی هەمیشە نا ئامادەیە). بەوجۆرەیش (اخترجلاف) کەی عبدالوهاب مسیری پێچەوانەی ئامادەگی و نائامادەگی دەگەیەنێت و بگرە لە پێشیشیانەوەیە 13.

*** وەشاندن، پەرتکردن( الانتشار، التشتیت difference)**

لە وەرگێڕانی ئەم زاراوەیش کە بنچینە ئینگلیزیەکەی ( dissemination) جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان ڕەخنەگرانی عەرەبدا هاتە ئارا. لە کاتێکدا (رویلی و بازعی) بە ( الانتشار و التشتیت)وەریانگێڕاوە، (مسیری) " تناپر المعنی"ی

داناوە. بەڵام دریدا لە پێگەی وشەی ”دەلالەت“دا بەکاری هێناوە کە لە کرداری ( disseminat) وەرگیراوە و مانای ( وەشاندن)ی وەک تۆو وەشاندن دەگەیەنێت و مانای تریشی هەیە وەک: مانای دەق وەک تۆو لە نێو دەقەکەدا بە هەموو لایەکدا پەرش و بڵاوە و ناتوانرێت کۆ بکرێنەوە. یان پەرشکردنی مانا – گەمەیەکی ئازادی بێکۆتاییە لە زۆرترین «دال» کە تیایدا وشەکە مانایەک وەردەگرێت، وەک ئەوەی دەلالەتێکی وەربگرێت، بێئەوەی هیچ دەلالەتێکیشی هەبێت، واتە تەنها ئەسەر و نیشانەی «دال»ێکی هەبێت و بەس.14 زاراوەی پەرشبوونی مانا لای درێدا رەهەندێکی تایبەت وەردەگرێت کە ئەو تەرکیزدەخاتە سەر زیادەی مانا و شیبوونەوەی کە دواجار خەسڵەتێکە بە گشتی وەسفی بەکارهێنانی زمان دەکات.15

* **لە نێوان فەلسەفە و ئەدەب دا**

کاریگەریی فەلسەفەی درێدا لەسەر رەخنەی ئەدەبی تەنها لە نووسینی رەخنەگرانی زانکۆی «ییل» و بە تایبەتی «پۆل دی مان»وە زیاتر دەرکەوت. پۆل دی مان لە بارەی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و فەلسەفەوە دەڵێت:» ئەدەب بووەتە بابەتی بنچینەیی فەلسەفە و مۆدێلی جۆرێک لە راستی «هەقیقەت» کە فەلسەفە دەیەوێت پێیبگات» ئەمەش مانای وایە ئەدەب بانگەشە ناکات کە خوێنەر حەواڵەی واقیعی راستەقینەی دەرەوەی زمان بکات، چونکە ئەوە پێناسەیەکی خەیاڵییە. مێژووی فەلسەفە بە پێی بۆچوونی «دی مان» کۆچێکی درێژخایەنە لە دنیای حەواڵەکردن و حەواڵەکاری بۆ ناوەرۆک دوور لە هۆشیاری بە خودی خۆی، بەو مانایەی فەلسەفە رەگ و ریشەی خۆی لە سەرچاوەی رەوانبێژی و زانستی رەوانبێژی وەرگرتووە. «دی مان» بۆ ئەم بۆچوونە پشت بە گوتەی درێدا دەبەستێت کە دەڵێت دەتوانین ئەدەب بە بزاوتێکی خود لێکهەڵوەشێنەری دەق دابنێین، چونکە مانایەکمان دەداتێ و دواتر هەڵیدەوەشێنێتەوە و بەوەیش زیاتر لە بەرجەستەکردنی بنەمای جیاوازی نزیک دەبێتەوە، لە یەک کاتیشدا بەجێهێنەری ئەرکی دەلالەت و ئازادیی وشەکانە لە بازنەی وزە خوازراوەکان (خوازە – استعارە) و جۆرەها (مەجاز، خەیاڵ)، بەڵام بە بێ لێکگرێدانی پارادۆکسەکان هەرگیز ناگاتە یەکبوون.16

گرنگترین شتێک لێرەدا تێبینی بکرێت ئەوەیە، کە ئەم بۆچوون و وێناکردنە بۆ ئەدەب وەک کۆمەڵێک دەقی پێکداچوو، بە ڕووی یەکتریشدا کراوەن و دەق سنوورێکی تێدا نیە ڕێگر بێت لەوەی خودی خۆی تێپەڕێنێت، لە بریی بۆچوون و وێناکردنێکی بەرمەبنای بوونی دەقێکی سەربەخۆ، یان کتێبێکی داخراو کە دژی ئەو ئەدەبە بێت ڕەخنەی نوێ هێنایە ئارا و بە ئیشێکی یەک ئۆرگانی دادەنرێت. تیۆرەکە هەروەها پشت بەوەش دەبەستێت کە بە « ئەزموون و شارەزایی خوێنەر» لە خوێندنەوەی دەقەکەدا ناوبراوە و بنچینەیەکە دەبێتە هۆکاری سازانی ماناکان لەگەڵ یەکخستنی هێزە ململانێکەرەکان و دواجاریش ناردن و حەواڵەکردنی دەق و خوێنەر بۆ جیهانی دەرەوە. « جیفری هارتمان» یەک لە بونیادگەراکان دەڵێت هەقیقەتی شیعری لە دیدی ڕەخنەی نوێوە ژیانی خۆی لە جیهانی دەرەکی وەردەگرت، چونکە بە هەقیقەتێکی باڵاتر لە واقیعی زمانکاری دادەنرا.17

بیرمەندانی هەڵوەشاندنەوە وادەبینن کە یەکەمین خەسڵەتی ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەدەب خەیاڵە یان درۆ، شیعر لە حەواڵەکاریەوە ئازادی وەردەگرێت و هۆشیاریشە بەوەی بنچینەی ئەفراندنەکانی ئەندێشەکارین، بۆیە وەک دەقەکانی تر کێشەی حەواڵەکردنی بۆ دەرەوەی دەقی نیە. «فێرنوون گراس» یەکێک لە شرۆڤەکارانی تیۆرەکە بەمجۆرە کورتی دەکاتەوە:» بایەخ و گرنگیی ئەدەب لە سایەی هەڵوەشاندنەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ وزەی خۆی لە فراوانکردنی سنوورەکانی لە ڕێی رووخاندنی واقیعی باوەوە، بۆیە دەتوانێت پەردە لەسەر سروشتی مێژوویی ئاسایی خۆی لابەرێت. شاکارە ئەدەبیەکان هەمیشە لە میانەی پێشکەشکردنی ئەو مانایانەی بە ئاسانی یەکلایی ناکرێنەوە، مانا دیارەکانیان دەکەنەوە، جا نووسەرانیان ئاگایان لەم حاڵەتە بێت، یان بێئاگان بن لێی. ئەدەب بە توانانترین هونەرە لە خستنەڕووی پرۆسەی زمانەوانی کە مرۆڤ بەهۆیەوە توانیی بەکاتییش بێت لە دنیای خۆی تێبگات و ئەم تێگەیشتنەش هەرگیز کۆتا تێگەیشتن نابێت.18

*** هیچ شتێک له دەرەوەی دەقدا بوونی نیه.**

ئەم دەستەواژەیە بنچینەیەکی گرنگ لە بنچینەکانی هەڵوەشاندنەوە پێکدێنێت و دریدا بەمجۆرە باسی دەکات:» هیچ شتێک لە دەرەوەی دەقدا بوونی نیە» ئەمەش مانای رەتکردنەوەی مێژووی تەقلیدیی ئەدەب و لێکۆڵینەوەکانی دابەشکردنی سەردەمە ئەدەبیەکان و چاوکردن (رصد)ی سەرچاوەکان دەگەیەنێت چونکە بۆ کاریگەریە نازمانەوانیەکان دەگەڕێت و رەخنەگر لە جیاوازی و ناکۆکیە زمانەوانیەکان دوور دەخاتەوە. هەڵوەشێنەران قووڵبوونەوە لە دەلالەت و کارلێک و جیاواز بوونە بەردەوامەکانیان بە هاوتای نووسین دادەنێن، چونکە هەموو سەردەمێک مافی خۆیەتی راڤەیەکی رابردووی خۆی بکاتەوە کە وێنەی داهاتووی پێ بکێشێت. هەموو راڤە و بڕیارە هەڵەو لایەنگیرەکان تاکە رێگەن بۆ دانانی هەر مێژوویەکی ئەدەبی بە مانا هەڵوەشاندنەکەی. «جیفری هارتمان» ئەم بۆچوونەی بەسەر ئیشەکانی « لۆد زۆرس»دا بەرجەستەکرد و سنووری لێکدانەوەی بە شیعر و وتار و کتێبەکانیەوە فراوان کرد، بێئەوەی پابەند بێت بە «تەوریە» جۆراوجۆرەکان لە رستە و دەستەواژەکان و حەواڵەکردن و تەعبیرەکانی لەگەڵ نووسەرانی تر، دواجار ئەگەرەکانی دەق ئاوێزانی، کە بەم کارە پڕ کارامەییەی سەرنجی گەنجانی راکێشا و پیرانیش بەهۆی تێکشکاندنی ئەو مانایانەی نەوەکان دروستیان کردبوو هاوڕای نەبوون.19

بە پێی بۆچوونی دکتۆر ”محمد عنانی“ تیۆرەکەی دریدا لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا وەرچەرخانێکی سەرسوڕهێنی بە خۆوە بینی کە بە ” بەکارهێنانی زاراوەکە بەدەر لە ناوەڕۆکی“ ناوبرا، چونکە رەخنەگرە هەڵوەشێنەرەکان ئیدی گاڵتەیان بەو گوتەیە دەهات کە دەڵێت زمان ئەرکێکی عەقڵانی و مەعریفیی هەیە، دواتریش هەمووارکردنی نامۆیان لە چەمکی پەیوەندیی نێوان زمان و واقیع، یان هەقیقەتدا کرد و کەوتنە چاوکردن( رصد)ی زمان لە دەرەوەی زمان خۆی و لە میانەی تانوپۆکانی دەقەوە یان لە دەقی ناوەکیدا، تانوپۆی وەک خواست و حەزە سێکسیەکان ” فرۆید“، یان تانوپۆ مادیەکان“ مارکس“ یان ئەوەی نیچە بە خواستی دەسەڵات، یان دەسەڵاتخوازی و ئیرادەی هێزی ناوبردووە. هەن دەڵێن ئەو خواستە ناعەقڵییانە لە مەعریفەی عەقڵی زیاتر

یارمەتیدەرن لە پرۆسەی  دەلالەتدان بە ماناکان، گەرچی دکتۆر عنانی پێیوایە ئەم ئاراستە نوێیانە سوود لە هەڵوەشاندنەوە وەردەگرن بێئەوەی خۆیان هەڵوەشێنەر بن .20

***رەخنەگرن لە هەڵوەشاندنەوە**

تیۆری هەڵوەشاندنەوە پەرچەکرداری زۆری لێکەوتەوە و رەنگە گرنگترینیان رەخنەکەی «میگان روەیلی» و«سەعد ئەلباز» بێت کە پێیانوایە ئەم تیۆرە سەرباری توانای لە هەڵوەشاندنەوەی بەڵگەنەویستە تەقلیدیە میتافیزیکیەکان لەخۆرئاوادا، دواجار دەگاتە «پرۆسەیەکی سەرسوڕهێن»، چونکە دریدا دوای هەڵوەشاندنەوەیان، ئەلتەرناتیڤێکی بۆ بەڵگەنەویستە میتافیزیکیە خۆرئاواییەکان نەهێنا. بگرە درێدا پێیوایە خودی ئەڵتەرناتیڤەکانیش بە بێ هیچ گومانێک هەمان خەسڵەتی میتافیزکییانەیان دەبێت، بۆیە تەنها هەڵیوەشاندنەوە. روەیلی و بازعی و عبدالوهاب مسیرییش لەگەڵیاندا بۆ ئەوە چوون کە تیۆری هەڵوەشاندنەوە بەم میتۆدیەوە قەرزداری راڤە تەوراتیە یەهوودیەکە و شێوازەکانێتی. ئەوەی دریدا کردی گواستنەوەی تەئویلکاریەکانی دەقە یەهوودیە پیرۆزەکان و بەرجەستەکردنیانە بەسەر گوتاری فەلسەفی و بەوەیش بنچینەکانی میتافیزیکێکی لاهوتی ناسراوی چەسپاند بۆ جێگرتنەوەی میتافیزیکە خۆرئاواییەکە، بەڵام مسیری هزرو بیرەکان لەتیۆرەکەی دریدا دەگێڕێتەوە بۆ بنچینە یەهوودیەکەی، چونکە لە دەروازەکانی: ئەسەر، پەرتبوونی مانا، بۆشایی، نووسینی گەورە و نووسینی رەسەن، بە سەنتەر کردنی بێژە، بنچینە و بنەمایەکی هزریی مێژوویی جوولەکەیەتیی دریدا لە خۆی و هزری یەهوودیەت لە تیۆرە رەخنەییەکەیدا بەڕونی دەردەکەوێت.21

دکتۆر عبدالعزیز حمودە لە کتێبی ( ئاوێنە قۆقزەکان)دا چەندین نموونە لە رەخنەی هەڵوەشاندنەوە لە خۆرئاوا دێنێتەوە. بۆ نموونە «لیچ» لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەسەر هەڵوەشاندنەوە دەڵێت ئەم تیۆرە وەک بۆتە و داڕشتنێک بۆ تیۆرێک لە بارەی دەق و شیکاری دەقەوە هەموو شتێک لە نەریتەکاندا تێکدەشکێنێت و گومانیش دەخاتە سەر هەموو هزرە بۆ ماوەکان دەرهەق بە پەیوەندیی نێوان زمان و دەق و سیستم و رەوتی دەق و نووسەر وخوێنەر و رۆڵی مێژوو و کردەی لێکدانەوە و هەموو فۆرمەکانی تری نووسینی رەخنەیی.

لەم پرۆژەیەشدا واقیع دەڕووخێت تا شتێکی زۆر ناهەموار بێتەئارا.22

«جۆن ئەلیس» یەک لە دیارترین رەخنەگران لە تیۆری هەڵوەشاندنەوە دەڵێت :» هەڵوەشاندنەوە، بۆ بەکاربوونی پەنا بۆ هۆکار و ئامرازێک دەبات: داڕشتنی بابەتەکان لەزاراوەیەکی نوێ و نامۆدا دادەڕێژرێن و ئەمەش وا دەکات هەڵوێستە مەئلوفەکان نامەئلوف دەربکەون، دواتر لێکۆڵینەوە پەیوەستەکانیش ناپەیوەست. هێرشکردنە سەر تیۆری هەواڵەکردنی مانا دەکرێتە هێرش بۆ سەر میتافیزیکیای ئامادەگی، هەرچەندە هەردووکیان تەعبیر لەو بۆچوونە سادەیە دەکەن کە جەخت لە بوونی پەیوەندیی لە نێوان وشە و شتەکاندا دەکاتەوە، بەڵام زاراوەکان وا دەکەن ئەم بابەتە جیاواز دەربکەوێت.23

**٭ دواجاریش**

بێگومان ئەم باسە هەرچەندە گرنگترین سیماکانی تیۆری هەڵوەشاندنەوە رەخنە ئاراستەکراوەکانی خستوەتە ڕوو، بەڵام بارتەقای تیۆرەکە نیە. دەشێت وەرگێڕانی ئەم تیۆرە رەخنەییانە دواجار سوودێکی زۆری هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەبیات و فەلسەفەی خۆرئاوایی، چونکە چالاکییەکی فیکری مرۆییە و نابێ لێی بێئاگا بین، بەڵام خۆ گێلکردنی بە ئەنقەست لە هەڵوێستی تیۆرەکە دەرهەق بە غەیب و مرۆڤ و سیستمە بەهاییە چەسپاوەکان لە ژیاری ئێمەدا بێگومان مەترسییەکی گەورەیە و بەر لە هەر شتێک ئەدەبی عەرەبیی تەمەن هەژدە سەدەیی پڕ لە دەستکەوتمان دەخاتە مەترسییەوە.

**٭ جاک دریدا و تیۆری هەڵوەشاندنەوە لە رەخنەی ئەدەبیدا 24**

تیۆری هەڵوەشاندنەوە بە گرنگترین بزاوتی پاش بونیادگەری دادەنرێت لە رەخنەی ئەدەبیدا، وێڕای ئەوەی مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە. پێدەچێت هیچ تیۆرێک لە رەخنەی ئەدەبیدا وەک ئەم تیۆرە لەم ساڵانەی دوایدا جێی سەرسوڕمان و هاوکات ناڕەزایی و بێزاری نەبووبێت، چونکە لە لایەک دەبینین هەندێ لە کەڵە رەخنەگرانی وەک»ج.هیلیس میلەر، پۆل دی مان، جیفری هارتمان، هارۆڵد بلۆم» بە چاوپۆشی لە جیاوازیی شێواز و پەرۆشییان، بە

پێشەنگانی تیۆری و پراکتیکیی هەڵوەشاندنەوە دادەنرێن، لە لایەکی تریشەوە تێبینی دەکەین زۆرێک لەو رەخنەگرانەی لە بازنەی رەخنەی تەقلیدیدان تووڕەیی خۆیان دەخەنەڕوو لە تیۆری هەڵوەشاندنەوە و بە تیۆرێکی پووچ و شەڕەنگێز و وێرانکەری دادەنێن. هیچ تێوەندێکی هزرییش لە ئەوروپادا بەدەر نەبووە لە مشتومڕکردن لەسەر بەهای ئەم تیۆرە نوێیە لە بواری رەخنەدا، کەواتە دەپرسین ئایا تیۆری هەڵوەشاندنەوە وێرانکەرە؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە ئاخۆ چۆن و بۆچی وێرانکەرە و ئەگەر وەڵامیش نەخێرە ئەم ترسە بۆ؟ دیارە دوای تێگەیشتنی تەواو لە چەمکە بنچینەییەکانی تیۆرەکە و هەڵسەنگاندنیان نەبێت ناتوانین وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە. رەنگە باشترین پنت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەمان لێیەوە دەستبەکار بین کتێبی ( لە بارەی زانستی نووسینەوە)ی دریدای فەیلەسوف و رەخنەگری فەرەنسی بێت کە بە زمانحاڵی هەڵوەشاندنەوە دادەنرێت.25

پێموایە هەر توێژینەوەیەک لە بارەی دریدا و تیۆرەکەیەوە بکرێت دوو ئاستەنگی سەرەکیی دێنە رێ، یەکەمیان شێوازی سەرسوڕمان وروژاندنە، سەرباری زاراوە و چەمکەکانی..ئەوی تریشیان زنجیرە راوبۆچوونە رەخنەییەکانێتی کە بە تەئویلی ناتەواو، یان تەئویلی شیمانەکراو دادەنرێن، هەرچەند رۆشناییش دەخەنە سەر ئەو چەمکە قورسانەی دریدا دایڕشتوون. بەر لەوەی بچمە سەر وەسفکردن و هەڵسەنگاندنی چەمکەکانی تیۆری هەڵوەشاندنەوە، هەندێ لەو بۆچوونە رەخنەییانە دیکۆمێنت دەکەم.

«م. ه ئەبرامز (m. h. abrams) جەخت دەکاتەوە کە دیارترین بەش لەتیۆرەکەی دریدا: * گواستنەوەی توێژینەوەکەیەتی لە زمانەوە بۆ نووسین، دەقی نووسراو، دەقی چاپکراو، * وێناکردنی دەق بە شێوەیەکی دیاریکراوی نائاسایی.26 . ئەبرامز تەنها پێگەی دریدای وەک هەڵوەشێنەرێک بە یەکسانکردنی لەگەڵ بونیادگەرا فەرەنسییەکانی تردا سادە نەکردەوە، بگرە تا رادەیەکی زۆریش شێواندی کاتێک ویستی هەندێ لە وشە بنچینەییەکانی هەڵوەشاندنەوەی وەک " نووسین"و"دەق" پێناسە بکات. روونیشیکردەوە کە نووسین لای دریدا بریتیە لە دەقی چاپکراو یان دەقی نووسراو، چەمکی دەقیش نائاساییانە دەستنیشانکراوە. من لە هەڵسەنگاندن و قسەکردنمدا لەسەر بۆچوونەکانی دریدا دەیسەلمێنم ئەوەی

ئەبرامز باسی لێوە کردووە تەنها کۆمەڵێک خراپ تەئویلکردنە و تیایاندا هیچ باسێکی لە ماهیەتی هەڵوەشاندنەوە نەکردووە و ئەوەی ئەو قسەی لەبارەیانەوە کردووە هیچ پەیوەندیەکیان بە تیۆرەکەی دریداوە نییە.

نیوتن گارفریش یەکێکی ترە لەوانەی قسەی لەسەر دریـدا کردووە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە دریدا یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی زمانەوانی و جەختیش لەوە دەکاتەوە رەوانبێژی لە پێش لۆژیکەوەیە.

دریدا لە ژێر ئاڵای ئەو بزاڤەدایە کە وەک نوێنەری ماهیەتی زمان و مانا بۆ ئاسەواری گوتراوەکان لە وتاری کردەییدا "UTTERANCES" دەڕوانێت کە بە هۆیانەوە وا دادەنرێت لۆژیک لە رەوانبێژییەوە رەوایی وەرگرتبێت.27

ئەو مشتومڕەی کە دەڵێت هەڵوەشاندنەوە کایەیەکی مەعریفیی رەوانبێژییە لە لایەن "هیلیس میلەر"ەوە پشتگیری لێکرا، میلەر دەڵێت:" هەڵوەشاندنەوە توێژینەوە لەو کەلەپوورە دەکات کە مەجاز و چەمک و گێڕانەوە"سەرد" لە یەکتریدا جێیدەهێڵن و هەر بەو هۆیەشەوە هەڵوەشاندنەوە بە کایەیەک لە مەعریفەی رەوانبێژی دادەنرێت"28 "مورای کریگر murray kriger" یش پێیوایە "دریدا بونیادگەرایەکی رەخنەییە کە بەسەر بونیادگەریدا سەرکەوت و بەزاندی و رەنگە لەبنیشی هێنابێت"، هەروەها دەڵێت:" ئەو هەڵمەتەی دریدا کردی لە هەڵمەتەکەی ئەفلاتوون بۆ سەر شاعیر و دانانی بە خوڵقێنەری ئەفسانە، مۆدێرنانەتر بوو"29. "فردریک جیمسۆن"یش جەخت دەکاتەوە کە فیکری دریدا وەهمی تێپەڕاندنی میتافیزیک و هەڵهاتن لە مۆدێلە کۆنەکە بۆ هەڵسەنگاندنی شتە نوێ و نەدۆزراوەکان رەتدەکاتەوە"30.

دەشێت ئەم بۆچوونانە، سەرباری بە سوودییان لە توێژینەوە و سۆراخدا بۆ تیۆری هەڵوەشاندنەوە، ببنە سەرچاوەی چەواشەکاری ئەگەر بە روونکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان دابنێین بۆ تیۆرەکەی دریدا، ئێمە کاتێک دریدا دەخەینە پاڵ ئەو فەیلەسووفانەی تری زمانەوانی کە پێیانوایە لۆژیک لەرەوانبێژیەوە وەرگیراوە، ئەمە رێگر دەبێت لە ئەگەری تێگەیشتن لە هزروبیرە نوێکانی ئەو، هاوکات یەکسانکردنی دریدا بە ئەفلاتوون و جەختکردنەوە لەوەی کە دریدا هەمان ململانێی کۆن لەئەفسانەدا دووبارە دەکاتەوە بێگومان خراپەکاریە

دەرهەق بە پێگەی ئەو، هەروەها جەختکردنەوە لەوەی دریْدا هیچی نەکردووە جگە لە گواستنەوەی گرنگیدان بە "گوتە/ کلام" بۆ گرنگیدان بە "نووسین" و قەتیسکردنی دەق لە ژوورۆچکەیەکی تایبەتدا بێگومان خراپ تەئویلکردنە. چونکە مرۆڤ دەبێ لە بەراوردکردن و لێکدانەوەی سەرچاوە لاوەکییەکان بۆ تێگەیشتن لە دریْدا و تیۆری هەڵوەشاندنەوە زۆر وریا و ئاگادار بێت. رەخنەگران بوونە دوو گرووپەوە..هەندێکیان، یان سەرکەوتوونابن لە تێگەیشتن لە دریدا، یاخود بە خراپ لێکدانەوە بۆ بیروبۆچوونەکانی دەکەن، بۆیە ناتوانین پشت بە سەرچاوە لاوەکیەکان ببەستین و بە رێگەیان دابنێین بۆ گەیشتن بە جیهانی هەڵوەشاندنەوە، بەڵام رەخنەگرانی تری وەک «هارۆڵد بلۆم، هیلیس میلەر، پۆل دی مان، جیفری هارتمان» هەن هێندەی رەسەنێتیی دریْدا ئەوانیش رەسەنن، لێ هەریەکەیان فێرگەیەک پێکدێنن کە زۆر دەگمەن راڤەی دریدای مامۆستای گەورەی هەڵوەشاندنەوە دەکەن، بۆیە تێگەیشتن لە دریْدا خۆی بە یەکەمین هەنگاوی گرنگی تێگەیشتن لە هەڵوەشاندنەوە دادەنرێت، بێگومان ئەو یەکەم هەنگاوەیشمان بۆ بەدینایەت تا شەڕێک لەگەڵ هزرەکانی دریْدا نەنێینەوە.

دەکرێت بڵێین تیۆری هەڵوەشاندنەوە پێویستیی بە زۆرترین شیکاری نوێ هەیە و هەوڵی هەر رەخنەگرێکیش بۆ شیکردنەوەی ئەم تیۆرە پێویستی بە پێناسەکردنی تیۆرەکە نیە، چونکە تیۆرێکی ئاڵۆزی لەوجۆرە بە ئاسانی پێناسە ناکرێت. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە مرۆڤ دەتوانێت هەوڵی راڤەکردنی زاراوە بنچینەییەکانی ئەم تیۆرە بدات کە دریْدا بۆ تێکشکاندنی رەخنەی تەقلیدی و ئاسانکردنی کردەی هەڵوەشاندنەوەی دەق پێکیهێناون..ئەم یەکەم هەنگاوە من لێرەدا دەینێم و دوای وەسف و شیکردنەوەی زاراوەکانی دریْدا، هەوڵی وەڵامی پرسیارەکانی لەمەڕ چۆنێتی دووبارە ئاراستەکردنەوەی رەخنەی ئەدەبی لە لایەن تیۆری هەڵوەشاندنەوە دەدەم. لەدوایین قۆناغەکانی شیکارەکەمدا روونی دەکەمەوە ئەوەی لە بارەی ئەم تیۆرەوە بە پووچی ناوبراوە وانیە و ئەم تیۆرە ناوەرۆکی رۆحیی خۆی هەیە.

«نووسین» و«گوتە» دوو وشەی تەوەرین و دەتوانین لێیانەوە لە مەسەلەکان بگەین. ئەم دوو وشەیە لە چەمکە تەقلیدیەکانی زماندا دەلالەتی

تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە ئەم چەمکانە پێشبوون و پێشینەیی «گوتە» بەسەر «نووسین» دا دەردەخەن کە وشەی» گوتراو» واتە دەنگ phone وشەیەکی ناوەکیە و توانای خۆکرد سڕینەوەی هەیە. هەروەک پێناسەی وشەی گوترا و بەوە دەکرێت کە وێنەیەکی دەنگی "بیستراوە" ئەرکی هێنانە بەر زەین و چاوی ئەو چەمکەی هەیە کە وێنە دەنگییەکە نموونەگیریی دەکات و دواجار وشە گوتراوەکە یان وێنە دەنگییە بیستراوەکە لە ڕەوتی هێنانە بەر زەین و چاودا دیار نامێنێت.. بەو هۆیەشەوە کە "دال" ە ، خودی خۆی لە ڕەوتی مانادان بە "مەدلول"دا کە لە هەموو شتەکانی تر گرنگترە دەکوژێنێتەوە. تەنها لە میانەی ئەو وێنە دەنگییەشەوە نەبێت کە "دال" ە ناتوانین "مەدلول" وێنا بکەین. دەکرێت لێرەدا تێبینیی شتێکی هاوشێوەی سێکوچکە لەم پەیوەندییەدا بکەین: زەینی مرۆڤ، "دال" ە کە وێنە دەنگییەکەیە، " مەدلول" کە چەمکەکەیە.

کەوابێ، ئێستا دەبێ پێگەی وشەی نووسراو لە تێگەیشتنی تەقلیدیدا بۆ زمان چی بێت؟ بە پێی چەمکە تەقلیدیەکەی زمان، وشەی نووسراو بەوە پێناسە دەکرێت کە نواندن و نوێنەری کردنی نووسینە بۆ وشەی گوتراو: بەمەش دەبێتە "دال"ی وشە گوتراوەکە. بەم پێیەش "وشەی نووسراو دەبێتە "دال"ی "دال"ێکی تر و بە لایەنی وشە گوتراوەکەوە بە لاوەکی دادەنرێت". وشەی نووسراو جگە لە نوێنەریکردنی وشەی گوتراو هیچی تری پێناکرێت، لە کاتێکدا وشەی گوتراو "دال"ە. گەر من بمەوێت چەمکی "گوڵ"ێک بێنمە زەینی خۆم دەبێ ئەوکات بە دەنگ وشەی "گوڵ" بدرکێنم و "دال"یش ئەو وێنە دەنگیە، یان ئەو وێنە بیستراوە دەبێت، بەڵام کاتێک وشەی "گوڵ" دەنووسم هێندەم لەسەرە نموونەگیریی وێنە دەنگیەکە بکەم لەڕێی بونیادێکی نووسینەوە graphic structure و ئەم وێنە نووسراوە هیچ پەیوەندیەکی بە چەمکەکەوە نابێت، بەڵکو وێنە نووسراوەکە ناتوانێت نموونەگیریی چەمکەکە بکات چونکە بونیادێکی بینراوی وێنە دەنگییە نەبینراوەکەیە، واتە شتێکی شەبەنگ ئاسایەو بە لایەنی وێنە دەنگیەکەیشەوە شتێکی لاوەکیە و دەکرێت پشتگوێ بخرێت، بەڵکو دەبێ پشتگوێ بخرێت.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین ئەو بەڵگە تەقلیدییانەی پێگەی لاوەکییان

بە وشەی نووسراو و هاوکات پێگەی سەرەکییان بە وشەی گوتراو داوە بەڵگەی میتافیزیکی و لاهووتین. 31 دریدایش لە بارەی بنچینەی میتافیزکیی بۆ چەمکی وشەی گوتراو نووسیوەتی:" تێگەیشتنی خودا ناوەکەی تری "لۆگۆس logos" ە بەو وەسفەی خود ئامادەگییە. دەکرێت بێکۆتایی و هاوکات ئامادەیش بێت و دەشکرێت لە میانەی دەنگەوە بەو وەسفەی کە خەسڵەتێکی خودیە بەرهەم بهێنرێت. کەواتە رێکخستن و زنجیرەبەندکردنی "دال"ە کە خود دەتوانێت لە میانەیەوە لە دەرەوەی خودی خۆیەوە ئەو "دال"انە خوازە بکات کە لە خودی خۆیانەوە سەرهەڵدەدەن و هاوکات کاریشیان بکاتە سەر. حاڵەتەکە بۆ ئەزموونی دەنگییش بە هەمان شێوەیە، واتە ئەم ئەزموونە وەک وەلاخستنی "نووسین" خۆی رادەگەیەنێت، بە مانایەکی تر وەلاخستنی "دال"ی دەرەکی هەسنپێکراو و "دال"ی شوێنی"زەمەنی" کە ئاسنەنگی خود ئامادەگییە.

دریدا جەخت دەکاتەوە هەردوو چەمکی تەقلیدیی گوتە و نووسین بۆ دەرەوەی مانا حەواڵە دەکرێن (ئەمەیش زاراوەیەکی تری گرنگە کە دریدا بەمانای ئاراسنەگیری شتەکان بەرەو میتافیزیک و بەرەو لاهوت بەکاری دێنێت.) ( بۆ ئەوەی وردتر بم دەمەوێت روونی بکەمەوە کە هەردوو چەمکی گوتە و نووسین میتافیزیک پێکیهێنان و کردینی بە مەرج و کۆنترۆڵیشی کردن. راستییش، ئەم ( بە سەنتەرکردنی لۆگۆسە سەنتەر کردنی دەنگەphonocentrism ، بە واتای ئەو بڕوایەی پێیوایە دەنگ لە واقیعی باڵادا ئیش دەکات 35 transcendental . لە تیۆرەکەی دریدایشدا دەبینین سەنتەرکردنی لۆگۆس و دەنگیش دوو زاراوەی جیاوازن کە نموونەگیریی یەک دیاردە دەکەن واتە: گەشەسەندنی میتافیزیکیانەی چەمکی گوتە و تێگەیشتن. بە سەنتەرکردنی لۆگۆس و دەنگیش تەرکیز دەخەنە سەر دەنگ، چونکە ئەم دوو چەمکە لەو بڕوایەوە دێنە ئارا، کە پێیوایە دەنگ لە نێوەندی عەقڵی مرۆڤ و واقیعی باڵادایە. دەکرێت بڵێین ئەم بەڵگەیە نزیکە لە چەمکە هیندیەکەوە بۆ دەسەڵاتی mantras کە دەکرێت بە :" دەنگ، یان زنجیرەیەک دەنگ" پێناسە بکرێت. ئێمەیش پێمانوایە دەنگ دەسەڵاتی هەیە، چونکە تێبینی دەکەین دەنگ دەتوانێت دەسەڵاتی باڵایش بوروژێنێت؛ بەو هۆیەی گرنگی بۆ ریتم و لەرەی دەنگ دەگەڕێنەوە لە کاتی دەربڕینی وشەکاندا...کەواتە

چۆن دەنگی وشەیەکی دیاریکراو کە ناوی mantar ی لێ دەنێین دەسەڵاتی هەبێت؟ بۆیە ئەو خەسڵەتەی هەیە چونکە تێبینی دەکەین دەنگ دەبێتە نێوەند لە نێوان لۆگۆس و دەسەڵاتی باڵادا. دیارە من لێرەدا هەوڵی جەختکردن نادەم لەوەی چەمکە خۆرئاواییە تەقلیدیە تایبەتەکە بە سەنتەرکردنی لۆگۆس و دەنگیش هەمان چەمکی تایبەتە بە mantra، بەڵام جەخت لە بوونی هاوشێوەیی دەکەمەوە.

لە تیۆری هەڵوەشاندنەوەشدا تێبینی رەگەزێکی تر دەکەین کە "بە سەنتەرکردنی نووسینە graphocentrism " ئەمیش زاراوەیەکی گرنگە کە بەر لە چوونە نێوجەرگەی تیۆرەکەی دریداوە پێویستیی بە راڤەکردن و لێکدانەوەی هەیە. دەکرێت لەوێوە دەستبەکار بین و بڵێین نووسین (writing ) نووسینەوەیە گرافیک" graphic ) و (گرافیم grapheme ) پیتێکە لە ئەلف و بێ دا، یان کۆی پیتەکان و کۆمەڵە پیتەکانە کە دەشێت ئاماژە بۆ فۆنیم بکات و فۆنیمیش بە بچووکترین یەکەی گوتە پێناسە بکرێت کە گوتراوێک، یان وشەیەک لەگوتراوێکی تر یاخود وشەیەکی تر لە زمان روون بکاتەوە. گەر زانییشمان نووسین نووسینەوەیە دەشتوانین بڵێین گرافیم، بە پێی ئەوەی چەمکە تەقلیدییەکە باسی دەکات، "دال"ێکی تەواوە و مەبەست لێی ئەوەیە کە یەکێتی نووسین (وحدە الکتابە) هیچ پەیوەستیەکی نیە لەوە زیاتر نەبێت کە نوێنەری وێنەی دەنگیە. بەم هۆیەوە دەتوانین بڵێین مەبەست لە بە سەنتەرکردنی نووسین گواستنەوەی بایەخ و گرنگییە لە گوتەوە بۆ نووسین و ئەمەیش بریتیە لە ئاوەژووکردنی چەمکە تەقلیدیەکە، کە پێیوایە وشەی گوتراو دەکەوێتە پێش وشەی نووسراو.

هەندێ رەخنەگری دیکەیش هەن پێیانوایە تیۆری هەڵوەشاندنەوە بە گواستنەوە دادەنرێت لەبە سەنتەرکردنی لۆگۆسەوە بۆ بە سەنتەرکردنی نووسین، ئەمەیش تێبینیەکی پاک نیە و دەبێ پێش بە دوورودرێژی راڤەکردنی تەعبیر لە دەلالەتی بکەین. پێمولیە باشترین رێگە بۆ روونکردنەوەی ئەم پرسە هەوڵی ئاسانکردنی بێت لەرێگەی پێوانە" قیاس"وە..ئەگەر بەراوردی نووسین و گوتە و چەمک بکرێت کە دەیکەن بە نموونەی جەستە و رۆح و واقیعی باڵا، ئەوکات بایەخدان بە گوتە یەکسان دەبێت بە بایەخدان بە رۆح( بایەخدان بە گوتەیش

بایەخدان دەبێت بە سەنتەرکردنی دەنگ و لۆگۆیش)، بەڵام بایەخدان بە نووسین یەکسانە بە بایەخدان بە جەستە( بایەخدان بە نووسینیش بایەخدان دەبێت بە بە سەنتەرکردنی نووسین)..بۆیە ئەگەر هەڵوەشاندنەوە بە سەنتەرکردنی نووسین بێت، ئەگەر بە سەنتەرکردنی نووسین بایەخدان بگەیەنێت بە نووسین، ئەوکات دەکرێت پێناسەی هەڵوەشاندنەوە بەوە بکەین کە رەتکردنەوەیەتی بۆ لە پێشدانانی رۆح و دەسەڵاتی نێوەندکار و رکابەریی هەموو شتە ئاکاریەکان و چوونە نێوگەرمەی ژیانی دنیایی، واتە دیارنەمانی خودا.. ئایا جێی قەناعەتە کە بڵێین هەڵوەشاندنەوە عەدەمیە nihilistic ؟ دەکرێت بڵێین هەموو ئەم جەختکردنانە راستن و وەڵامی پرسیارەکانی پێشوویش لە بارەی هەموو ئەوەی دریدا دەیڵێت و لە بارەی ئامانجی هەڵوەشاندنەوەیشەوە"بەڵێ" دەبێت. دوای کۆڵینەوە لەو زاراوانەی دریدا کە وەک ئامێری داژەنین و هەڵوەشاندنەوە کار دەکەن، دەگەڕێمەوە سەر ئەم گرفتە.

دریدا دوای خستنەڕووی بنچینە میتافیزیکی و لاهووتیەکانی هەردوو چەمکی گوتە و نووسین، کەوتە پشکنینی پرسی وەسفی زمانکاری" لسانی" بۆ زمان" اللغە" و ئەو چەمکانەی وەسف دەیەوێت بونیادیان بنێت. بە راستی ئیشی دریدا وەڵامدانەوە بوو بۆ تیۆرەکەی "دی سۆسێر" کە دەڵێت یەکێتی "دال" و "مەدلوول" نیشانەی زمانکاریە. زمانکاریە نوێکانیش کە بەرمەبنای "دال" و "مەدلوول"ن و بونیادگەرییش کە قەرزاری ئەو چەمکەن، بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەوان وایان لە لێکۆڵینەوەکان لە زمان و رەخنەگری کردووە ببنە دوو کایەی مەعریفی و زانستی. دریدا روونیکردەوە کە ئەو بانگەشەیە فیرودانە، چونکە چەمکی "دال" و" مەدلوول" لەو زمانەوە کە لە زمانکارییەوە پێمانگەیشتووە وێنەیەکی تری چەمکی گوتە و نووسینی تەقلیدییە. دریدا لە کردەی تێبینیکردنی پەیوەندیی دوو لایەنەی نێوان میتافیزیک و لاهووتدا بۆی دەرکەوت: چەمکی نیشانە "العلامە" لە نێو خودی خۆیدا ئاماژە بە جیاوازیی نێوان "دال" و"مەدلول" دەدات...جیاوازیەکە بەجۆرێکە دال و مەدلول وەک دوو ڕووی دراوێک دەربکەون، بۆیە ئەم چەمکە لە چوارچێوەی کەلەپووری بە سەنتەرکردنی لۆگۆسدا ماوەتەوە کە لە هەقیقەتدا بە سەنتەرکردنی دەنگە: نزیکبوونەوەی رەهایانەی نێوان دەنگ/

دەنگ و بوون ( کەینوونە being) و نێوان دەنگ/ مانای کەینوونە و ئایدیالیستیی مانا. بەو هۆیەشەوە ڕەوتی سیستمی زمان کە دەڵێت زمانکاریەکان بە زانستیی کردووە و بونیادگەرییش وەک مۆدێلێکی ڕەخنەیی پەرۆشانە خوازەی کردووە، لە ڕاستیدا هەمان سیستم و ڕەوتە کۆنەکەیە، واتە سیستمی "بە سەنتەرکردنی لۆگۆس - بە سەنتەرکردنی دەنگ» کە بەرهەمی میتافیزیکە.

روونیشە کە دریدا میتافیزیک و زمانکاریەکانی ئاخنیوەتە یەک خانەوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە میتافیزیک دەرفەتی بۆ زمانکار ڕەخساند بۆ ئەوەی دیاردەی زمان لە ڕۆشنایی جووت جەمسەرییەوە وێنا بکات، بەو مانایەی چەمکە میتافیزیکیەکان - چەمکی واقیعی و ئایدیالیستی، جەستە و ڕۆح، خێر و شەڕ - بوار و توانای بۆ زمانکار ڕەخساند تا لە ڕۆشنایی جووت جەمسەریەکی هاوشێوەدا زمان وێنا بکات. ئەو بەڵگە زمانکاریەش کە دەڵێت وێنەی بیستراو چەمکەکە دێنێتە بەر زەین( واتە دال مەدلول دێنێتە بەر زەین) جەختکردنەوەیە بۆ لەپێش بوونی وشەی گوتراو بەسەر وشەی نووسراودا. لەم بارەیەوە زمانکارییە بونیادگەریەکان وێنەیەکی هەموارکراوە لە کەمتەرخەمیی تەقلیدیی نووسین، ئەو کەمتەرخەمیەی دەرەنجامی دوورگیریی فەلسەفی و میتافیزیکیە لە مۆرکی دەرەکی و بینراو و بەرجەستەی وشەی نووسراو. لەمەشەوە دەردەکەوێت کە لەپشت چەمکی تەقلیدیی زمان و پشت چەمکی نیشانە لە زمانکاریدا لای سۆسێر میتافیزیک لە فۆرمی هێزێکی مەرجدانەری بەهێز خۆی حەشار داوە.

درێدا ناوی «چەمکی ریسوایی نووسین»ی لەو چەمکی نووسینە ناوە کە چەمکی زمانی تەقلیدی و زمانکاریی هاوچەرخیش کەمتەرخەمییان تێدا کردووە و بە چەمکێکی لاوەکیی داناوە، واتە شتێک تەنها بۆ نموونەگیری دەنگ بوونی هەیە کە نووسین بەرجەستەی دەکات. درێدا لەو بارەیەوە زیاتر دەڵێت ئەو بیروباوەڕەی لە کلتوری خۆرئاواییدا لە بارەی نووسینەوە باو بووە، ئەوەیە کە «پیت» و» نەقشی بینراو» و»جەستە و مادە» بە لایەنی لۆگۆسەوە دەرەکین..هەر ئەمەیشە چەمکی ریسواکراو. درێدا ئەم چەمکە ریسواکراوەی وەلانا کە وێڕای بێئاگاییمان تێگەیشتنی ئێمەی بۆ زمان ئاراستە دەکرد. درێدا هاوکات ئەدای ئێمەی لە کایەی ڕەخنەی ئەدەبیدا بەو بیروڕایە ئاراستەکرد کە بزانین هەموو شتێک مانا

هەڵدەگرێت و کاتێک ئەو مانایە بە دەستەوە دەدات کە بە بیروبۆچوونێکەوە پەیوەند بێت کە دەبێ ئەو بیرورایەش لە بەرانبەردا پەیوەند بێت بە بیرورایەکی ترەوە و ...هتد، تا دواجار هەموو ئەو بیرورایانە لە بیروڕای ئێمەدا لەبارەی بوون و کەینوونەی باڵاوە کۆ دەبێتەوە. بەم هۆیەشەوەیە کە بیروڕامان دەرهەق بە کەینوونەی باڵا وەک هزرێک کار دەکات کە بیروڕاکانیشمان لە بارەی زمان و رەخنەوە کۆنترۆڵ دەکات...بۆیە رەخنەگرتن لە شیعرێک پەیبردنە بە ماناکەی.. ئەو مانایەی کە بە هزر و بیرێک دادەنرێت دەکرێت بە هزروبیرێکی ترەوە هاوبەندی بکەین و دواجار لە کردەی تێگەیشتنماندا لە کەینوونەی باڵا هەموو ئەو هزروبیرانە کۆ دەبنەوە.

جێی ئاماژە پێدانە هەموو ئەو هزروبیرە پەرش و بڵاوانەی کە دەکرێت لە یەک رەوتدا کۆبکرێنەوە، یەک تێوەند، یان یەک سەنتەر کۆیان دەکاتەوە کە بۆچوون و بیروڕای ئێمە لە بارەی کەینوونەی باڵا نموونەگیریی دەکات و شیمانەی رەوت و سیستەمەکە ئاماژەی بوونی کۆمەڵە هزرە پەرشوبڵاوەکانە. دەکرێت ئەم بنەمای کۆکردنەوەیەش بەوە پێناسە بکرێت کە بیرۆکەی کەینوونەیە و لە داهێنانی میتافیزیکە. هەوڵی دریدایش بۆ ئازادکردنی تێگەیشتمان لە زمان و کردەی رەخنە لەو کاریگەریی کۆکردنەوەیەدایە کە میتافیزیک کردوویەتی، تا لە میانەی دارشتنی دوو زاراوەی نوێوە کە دەشێت چەمکی کۆنی زمان و رەخنەی کۆن پووچەڵ بکاتەوە، گەیشتە ئەم کردەی ئازادکردنە. بەڵام زەینی ئێمە بە ئاگابین یان بێئاگا لێی، ملکەچی مەرجەکانی تێگەیشتنی تەقلیدیی زمان بوو. ئێمە کاتێک دەڵێین هزری نوێمان دارشتووە لە راستیدا لە گۆڕینی هزرە کۆنەکان بەولاوە کارێکی ترمان نەکردووە. بۆ نموونە ئەو زاراوە زمانکاریانەی «دی سۆسێر» هێنانی و دەڵێن شۆرشێک بوو لە تێگەیشتنماندا بۆ زمان، بەرهەمێکی تری میتافیزیکە و ئێمە خۆمان دووبارەی دەکەینەوە کە دەڵێین ئەم رەوت و سیستمە نوێیەی زمان زانستیە.

لە ڕاستییشدا ئەگەر زەینمان بێلایەن بێت دەشێت هزرو بیری نوێ لەدایک ببن. مەبەستی دریدایش لە خستنەڕووی بنچینەی میتافیزیکیی زمان و رەخنە بێلایەنکردنی زەینەکانمانە، چونکە زۆرباش دەزانین کە دیاردەیەکی سرووشتیی

وەک زمان لە نێو خۆیدا هەڵگری تۆوی میتافیزیکە. تەنانەت راڤە زانستیەکەی «دی سۆسێر»یش بۆ زمان قوربانیی میتافیزیکە. دریدا پاش خستنەڕووی بنچینەی میتافیزیکیی زمان، کەوتە دارشتنی زاراوە تایبەتەکانی کە دەتوانن تێگەیشتنێکی نوێ بۆ زمان بەرهەم بێنن. ئەم دوو هەنگاوەیش بونیادی تیۆری هەڵوەشاندنەوە لە زمان و رەخنەی ئەدەبیدا پێکدێنن.

*** هەمان زمانی ئەوی تر، یان نۆژەنکردنەوەی بنچینە**

دریدا لە کتێبی « هەمان زمانی ئەوی تر، یان نۆژەنکردنەوەی بنچینە» بە وردی قسە لە زمان دەکات بە هەموو ئاسەوار و پێکداچوون و لق و بەشەکانی و بە مێژووی وشە و دەستەواژە و گۆڕانکاری و چینەکانی و ئەوەی دەیخاتە روو و دەیشارێتەوە و ناوی دەنێت یان بێ ناوهێنانی ئاماژەی بۆ دەکات. دریدا لە بونیادی بیرکردنەوە لە زماندا گۆڕانکاریی کرد و ئاسۆی زمانی فراوانتر کرد و نووسینەکانی بوونە شۆڕشێکی فیکری و زمانەوانی.

لەم کتێبەیدا دریدا لە دوو پێشنیارەوە دەستبەکار دەبێت :» ئێمە هەمیشە بە یەک زمان قسە دەکەین - هەمیشە بە یەک زمان قسە ناکەین». ئاخۆ دریدا باس لە چ زمانێک دەکات کە دەڵێت:» تەنها یەک زمان شک دەبەم کە موڵکی خۆم نیە، زمانی تایبەت بەخۆم ئەو زمانەیە کە شی نابێتەوە..ئەو تاکە زمانەی قسەی پێدەکەم، گوێبیستی دەبم، بگۆیە، زمانی ئەوی ترە». ئەم زمانە ئەو زمانەیە نووسەر تیایدا دەژی و ئەویش بە ناچاری بێت یان بەهۆی هەلومەرجی مێژووییەوە یان بە سەریدا سەپێنراوە لەودا دەژی. دریدا بە خۆشحاڵییەوە مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات بە یەک زمانی و جووت زمانەکانیەوە، روونیشی دەکاتەوە کە چۆن ئەو یەک زمانیە تەوزیمە "مولزەمە" دەبێتە چەندین جووت زمان کاتێک مرۆڤ بەهۆیەوە بە رووی کەسانی دەوروبەریدا دەکرێتەوە، بێئەوەی بە رووی خۆیدا دابخرێت یان تیایدا گرمۆڵە بێت، هەروەها باس لە ئامرازەکانی هەندێک دەکات کە چۆن لەودیوی تەیمانەکانی زمانەوە خۆیان دەشارنەوە، یان بە بێ هیچ هەوڵێکی ئیجتیهادی بۆ پەرەپێدانی لە نێو زماندا نیشتەجێ دەبن. هەر زمانێکی زیندوو - وەک زانراوە - تەواو زیندەوەرێکی زیندووە و لەسەر دەستی

داهێنەرانی نیشتەجێی خۆیەوە پەرەپێدەدرێت، ئیتر ئەوانە خاوەن ماڵ بن یان زمان بووبێتە ماڵیان. ئەمەیش بە رازیبوون بە بۆتە ئامادەکان و بە گرەوکردن لەسەر ئەوەی هەیە و بە گرەو بۆ کردن بەدی نایەت، بەڵکو بەکۆششێکی راستەقینە دەبێت بۆ رامکردنی تا لەگەڵ ئەو ئامانجانەیدا بگونجێت کە دەیەوێت بەدیی بێنێت.

هەرچەندە ئەو زمانەی دریدا قسەی پێدەکات زمانی خۆی نیە، بەڵام نە ئەم لەو نامۆیە و نە ئەویش لەم نامۆ. واتە نە ئەم ئەوی ترە و نە ئەویش زمانێکی تر. ئەم لە نێویدا وەک هاوڵاتیی نیشتەجێیە و دەبێتە نیشتیمانی، بەو دەژی، لەگەڵیدا دەژی. دریدا زمان بە ماڵی خۆی ناودەبات، بەو هەستەکات، بەو و لە نێو ئەودا هەناسە دەدات، بەو و لەنێو ئەودا هەیە، کێشەی لەگەڵیدا نیە و ئەویش کێشەی لەگەڵ ئەمدا نیە، چونکە زمان خودی ئەمە، واتە ئەو بوون و کەینوونەی ئەم پێکدێنێت، واتە ئەم ئەوە. دریدا دەڵێت :»ئەو یەک زمانییەی هەناسەی تێدا دەدەم، بەلای منەوە مادەیە، مادەی سروشتی نا، روونی و شەفافیەتی هەوا نا، بەڵکو نێوەندێکی رەها، یەک زمانیەک کە ناتوانم بیگوزەرێنم، کێشە و ناکۆکی قبوڵ ناکات، ناتوانم لێی داببڕێم تەنها کاتێک نەبێت لە نێو خودی خۆمدا ئامادەگیی هەمەکیم دەبێت. ئەو هەردەم پێشم دەکەوێت، ئەوە منم. یەک زمانیی ئەوی تر بە لای منەوە، خودی خۆمە».

بە لای دریداوە یەک زمانیی ئەوی تر پەیوەستیی فرەشێوەی بەزمانی فەرەنسییەوە هەیە کە هەندێجار بە "هەستیاری"دادەنێت، ئەو لەدەرەوەی زمانی فەرەنسیدا خۆی بە سەرگەردان دەزانێت، چونکە زمانەکانی تر بە نیشتیمانی خۆی نازانێت هەرچەند کەم و زۆر بێ کارامەیی دەیانخوێنێتەوە، شییان دەکاتەوە، قسەیان پێدەکات. لە بارەی ئەو بە نیشتیمان بوونەوە دەڵێت:" لێرە پرسی نیشتەجێبوون لەزماندا بۆ من شتێک دەگەیێنێت، مانەوە دەگەیێنێت. من لە دەرەوەی زمانی فەرەنسیدا وێڵ، سەرگەردان، داماوم و هەستێکم هەیە بەوەی دەبێ رێز لە زاراوەکان بگرم، لە خزمەتیاندا بم، بە یەک وشە بە نووسین "زیاتر" و"باشتر" کاتێک بەرگریکردن لە فەرەنسی بوونم دەوروژێنم، بەرگریکردن لە پاکناوی نهێنیی فەرەنسی بوونم، ئەو زمانە فەرەنسییەی بەدەنگی بەرز

قسەم پێدەکرد، بەڵێ بەرگریکردنی، خۆبەدەستەوە نەدانی سەرسەختانەی بۆ وەرگێڕدران لە هەموو زمانەکاندا، بە خودی زمانی فەرەنسییشەوە ". دریدا کە پاساوی ئەستەمیی وەرگێڕانی زمانەکەی دەداتْ، لەگەڵ زۆرێک لەو نووسەر و بیرمەندانەدا یەک دەگرێتەوە کە زمانێکی تریان کردۆتە نیشتیمان، بەو زمانە داهێنان دەکەن، شتی بۆ زیاد دەکەن، تایبەتمەندیی خۆیانی پێدەبەخشن. ئێدوارد سەعید یەکێکە لەو بیرمەندانەی عەرەب کە بەزمانی فەرەنسی دەینووسی و لە ڕووی جیهانییەوە ئامادەگیەکی دیاری هەبوو.

کەواتە کتێبی " یەک زمانیی ئەوی تر..یان نۆژەنکردنەوەی بنچینە" کتێبێکی دەوڵەمەندە بەناوەرۆکی و هزروبیرەکانی و خوێنەری نە شارەزا لە فەرهەنگی دریدا ناتوانێتْ وەک پێویستْ چێژی لێ وەربگرێتْ. چونکە هەر وشەیەک، هەر بیرۆکەیەک بە ڕووی وشە و بیرۆکەی تردا دەکرێتەوە و لەڕێی زمانێکی ورد و بە هەند وەرگیراوەوە لە رەوتێکی گشتیدا یەکتری تەواو دەکەن. لای دریدا زمان چیدی وەک ئامرازی کۆمنیوکەیشن نامێنێتْ، بەڵکو لە خودی خۆیدا دەبێتە کەینوونە..کە زمانی ئەوی ترە، ڕێگەیەکی بیرکردنەوەی دریداییە کە بەهزرێکی کراوە و هۆشیارییەکی بەرپرسانە لە خەم و خواستی نیشتەنیی نێو نیشتیمانی زمانەکاندا کنە دەکاتْ.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان :**


1- د.محمد عناني، المصطلحاتْ الادبية الحديثە، لبنان، 1973، ص131.

2- د.ميجان الرويلي، سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ص49.

3- د.محمد عناني، ص132.

4- د.محمد عناني، ص133.

5- رامان سلدن، النظرياتْ الادبيه المعاصرة، ص162.

6- د.ميجان الرويلي، ص50

7- د.ميجان الرويلي، ص54.

8- د.محمد عناني، ص137.

9- د.ميجان الرويلي، ص55.

10- د.محمد عناني، ص137.
11- د.محمد عناني، ص138.
12- د.ميجان الرويلي، ص60.
13- د.عبدالوهاب مسري، ص426.
14- د.عبدالوهاب مسري، ص437.
15- د.ميجان الرويلي، ص66.
16- د.محمد عناني، ص144.
17- د.محمد عناني، ص146.
18- د.محمد عناني، ص147.
19- د.محمد عناني، ص148.
20- د.ميجان الرويلي، ص54.
21- د.ميجان الرويلي، ص440.
22- د.عبدالعزيز محمود، المرايا المحدبة، ص291.
23- د.عبدالعزيز محمود، المرايا المحدبة ، ص296.
24- س. رافيندان، البيوية و التفكيك
25- دروس في الكتابة: اسس الغرامي تولوجيا،1925.
26- ه. ابرامز، الملاك التفكيكي، مجلة البحث النقدي (3) 1977، ص428.
27-نيوتن غارفر، الصوث و الظاهر. ص تمهيد.
28- هيليس ميلر، الناقد مضيفا، مجلة البحث النقدي، ص41.
29- موراي كريفر، نظرية النقد، لندن، 1972، ص220.
30- فريدرك جيموسون: سجن اللغة، 1972، ص179.
31- جاك دريدا، علم الكتابة، 1972، ص43.

## جاک دریدا
## زمان، ئەرگیومێنت

ئا: شاسوار کەمال مەحمود

### دەربارەی زمان و واتای وشەکان

جاک دریـدا وەک فەیلەسوف، دژە فەیلەسوف، تیۆرستی ئەدەبی، تێکشکێنەری ئەدەبی و نوکتەبازی فەلسەفی ناسراوە. لەگەڵ ئەمانەشدا باوەڕ و بۆچوونە سەرەکیەکانی دیار و ناسراون. دریدا پێیوایە کاتێک ئێمە زمان بەکار دەهێنین (ئاخاوتن یاخود نووسین) بۆ ئاماژە دان بە واقع، ئەو واقعە لە رووی زمانەوانییەوە فۆرمەلە دەبێت ئەگەرنا، ئەو واقعە نەزانراوە.

بە بۆچوونی ئەو مانا شتێک نییە کە پێشتر لەناو بیری مرۆڤدا بوونی هەبێت، کە ئێمە هەوڵ دەدەین دەری ببڕین. دریدا، پێچەوانەی قوتابخانەی شیکاری فەلسەفەی زمان لە هیوم بەدواوە و پێچەوانەی سۆسێر، پێی وانیە کە وشەکان دەربڕی ئایدیاکان بن.

بیرۆکەی دووەمی دریدا بریتیە لەوەی وشەکان هیچ بناغەیەکیان نیە، نەک وەک تێگەیشتنی ئوستن کەمانای وشەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر(ئاخاوتن) یان گریس بۆ سەر(مەبەست)، یان فریگ بۆ سەر(ناونان) هەروەها چۆمسکی بۆ (رێزمانی قوڵ) یاخود ویتگنشتاین بۆ سەر (بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی). بە بۆچوونی دریدا ئێمە ناتوانین لە مانای وشەکان بگەین تەنها بەهۆی پەیوەندیانەوە نەبێت لەگەڵ یەکتریدا.

فەیلەسوفانی قوتابخانەی شیکاری فەلسەفەی زمان زۆر قورسایی دەخەنە سەر: مانا، راستێتی و، باوەڕەکان. دریـدا پێیوایە هەندێک لە فەیلەسوفە شیکارییەکان بواری کارکردنیان زۆر تەسک و هاوکات زۆر خود سەنتەر بووە.

کاری دریدا بریتیبوو لەوەی بیسەلمێنێت: دەقەکان، دامەزراوەکان، عادەتەکان، کۆمەڵگەکان، باوەڕەکان، جێبەجێکردنەکان... مانایەکی دیاریکراویان نیە و هەمیشە ئەو سنوورە تێدەپەڕێنن کە بۆیان دیار کراوە.

بە بۆچوونی ئەو زمـان بریتیە لە سیستمێکی داخـراو کە لەچەند هێمایەک پێکهاتووە. زمان سەنتەرو لۆجیک و تێگەیشتنی نیە. هەروەها هیچ هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت زەمینەیەک بۆ زمان دابین بکات. ئەمەش واقعە سەرەتاییەکەیە. دریدا لە ئاماژەدان بە بۆچوونەکانی مەبەستی نەبووە سیستمێکی فەلسەفی دابمەزرێنێت، ئەو تەنانەت دژی سیستمێکی لەو جۆرە بووە و حەزی بە دنیای ئەکادیمی نەبووە. بۆ زانینی ئەو راستیەش لە گفتوگۆیەکی بەناوبانگدا لەگەڵ جۆن سێرل ئەو پێداگیری لەوە دەکات، کە مەبەستی سەرەکی لەو دیبەیتە بریتیە لە روونکردنەوەی ئەو بیر تەسکیەی دەربارەی مانا هەیە و بە پێچەوانەوە هیچ مەبەستێکی جدی ئەکادیمی مەبەست نیە.

### شێوازی ئەرگومێنتی جاک دریدا

لەگەڵ پیادەکردنی زۆربەی دیسپلینەکان، هەڵوەشاندنەوە بۆتە رێبازێک بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی هەردەقێک. خوێننەوەی دەق دەبێت ئازاد و بەچێژ بێت، لەهەمان کاتدا دەبێت ئەدائێکی داهێنەرانە بێت. هەڵوەشاندنەوەی ئەدەبی ئەمە دەکات_ هاندانی دەقەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی خۆیان، بۆ تێکدانی مانا نەگۆڕەکان. ستراتیژەکانی ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیەش لەهەر ئەرگومێنتێکدا بریتین لە مانەی خوارەوە:

1-وەک کەیسێکی گشتی دەستپێکردن بەوەی کە هەموو یاخود هەندێک لە مانا روون و ئاشکرا نییە. بۆ پێدانی رەسەنایەتی پێویستە هەندێک ناڕۆشنی و لێڵی لە نووسینەکەدا هەڵبگۆزرێت.

2-دوو واتایی یاخو پێچ و پەنایی، دوو واتایی بە نمونە دەکرێت، گرفتی سەرەکیش بریتی دەبێت لەوەی واتا سیاسیەکان بەردەوام و زووتر هەڵدەبژێردرێن.

3-ستراتیژی پەراوێزکردنی وشەکان لەتەواوی دەقەکە پاشان دیاریکردنی ناڕۆشنی بەوەی کە وشەکان بەچەندین شێوازی جیاواز بەکار دەهێنرێن.

4-تاریکی واتا، بەشێوەیەک واتای سەرەکی زۆر زۆر نادیار دەبێت.

5-پیشاندانی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکان کە خوێنەر بەرەو قوڵایی راپێچ بکەن.

6-بەکارهێنانی ستراتیژی ئەبستراکت ئەویش لە ڕێگای لابردنی : کێ، کەی، چۆن... و ئاڵوگۆڕکردنی بە هێزی نا شەخسی و کلتورییەکان.

7-تێوەگلاندنی مانا لە وشەکان بەشێوەیەک ڕێگە خۆش بکات بۆ زیاتر شیکردنەوەی واتای وشەکان و ئەم شیکردنەوەیەش پرۆسەیەکی بەدەوام دەبێت.

سەرچاوە:

http://www.textetc.com/theory/derrida.html